
www.gulan-media.com

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی



## بەرهەمی سەقامگیری و ئاشتی
## بونیادنانەوە و ئازادی و دیموکراسییە



کارۆل سەقر: حەز دەکەم هەموو لایەک ڕازی بکەم




چ کوڕێک لای کچ جێگای سەرنجە



دکتورە چنار سنجاوی: ئەشتەرگەری چارەسەری سەرەکی شێرپەنجەی مەمکە



ئەندامێکی جەستەی بە خۆشەویستەکەی بەخشی



پیاوێکی بەتەمەن و چەندین جووڵەی سەیر

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د. عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

گوڵان

ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
ژمارە [illegible] مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)
[illegible]/٧/٦

# چەند نقورچەیەکی دیکە



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

* ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لەژمارەی ڕۆژی ٣٠ی حوزەیراندا بە مانشێتێکی گەورە هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا دەڵێ:((ئەمەریکا هاوکاری لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردن دەکات)) و گوایە ئەمە قسەی لویس تاملن-ی سەرۆکی تیمی ئاوەدانکردنەوەی ئەمەریکایە.

من ئەو هەواڵە بە درۆ ناخەمەوە، بەڵام تەنیا ئاماژە بە ڕوونکردنەوەیەکی خودی لویس دەکەمەوە کە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بڵاوی کردۆتەوە کە تیایدا هاتووە:((ئەوان پشتیوانی لە هیچ لیستێك ناکەن)). هەروەها دەڵێ: ((ئەو پروپاگەندانانەی دەکرێن ڕاست نین و ئێمە پشتیوانی لەسەرکەوتنی دیموکراسی و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەسەرکەوتوویی دەکەین لە هەرێمی کوردستان)).

* ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) و هەندێ سایتی سەر بەو ڕۆژنامەیە بەیاننامەیەکیان بەناوی (٤٨) ڕۆژنامەنووسی هەولێر بڵاوکردۆتەوە و گوایە ئەمانە دژی دەنگدانن بە دەستووری هەرێم.

بۆ ئاگاداری هەموو لایەك ٢٣ کەسی ناو ئەو لیستەی کە ناویان لە خۆناوە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر، ئەسڵەن ڕۆژنامەنووس نین و ئەوانیتریش ڕۆژنامەنووسی ناسراو نین کە زۆربەیان کارمەندی کۆمپانیای (وشە)ن.

هەروەها لە ژمارەی ڕۆژی ١ی تەمموزیش ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) هەواڵێکی تری بڵاوکردۆتەوە کە گوایە ٣٩ ئەندازیار بڕیاریان داوە دەنگ بەدەستوورەکە نەدەن.

باشە ئەو ڕۆژنامەیە لە خۆی ناپرسێ کە ئەو ٣٩ ئەندازیارە لە کوێ ئەندازیارانی هەولێر دەبێ ڕێژەیان چەند بێ؟ بە باوەڕی من لە ٪١یش تێپەڕناکات..!! هەروەها سەبارەت بە پارێزەرانیش.

* نەوشیروان مستەفا کە سەرۆکی لیستی گۆڕانە، وا ڕەفتار دەکات وەك ئەنەهو ئەو نوێنەری خەڵکی کوردستانە و هۆشداریشیان دەداتێ کە گوایە خەریکە لە کوردستان دیکتاتۆرێکی بچووك سەرهەڵدەدا..!! بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە بەم ڕەفتارانەی خۆی ئەو خەریکە خۆی بکاتە دکتاتۆر. لەوەتەی ناوی لیستەکەی ڕاگەیاندووە کەس نەماوە دژایەتی نەکات، هەر لە لیستی کوردستانییەوە تا دەگاتە لیستی چوار حزبەکە کە تا دوێنێ بە شان و باڵیانی هەڵدەدا، ئەو دژایەتیشی بۆ ئەو چوار حزبە پاش ئەوە هات کە ئەو چوار حزبە دەنگیان بە دەستوورەکە داو و داواشیان لە لایەنگرانی خۆیان کرد کە لە ڕۆژی ڕاپرسییدا دەنگ بە دەستوورەکە بدەن.

م. سەلاحەدین بەهائەدین سەرۆکی لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی و ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئاوێنە) سەبارەت بە ڕەفتارەکانی لیستی گۆڕان دەڵێ:((هەڵمەتی لیستی گۆڕان یاریکردن بە سۆز و خرۆشاندنی زۆری تێدایەو زۆرجار ڕوشاندنیشی تێدەکەوێت و زۆر موباڵاتی نییە بەوەی ئەو ڕوشاندنە کێی بەر ئەکەوێ)).

هەروەها دەڵێ:(ئەوان تەنها حسابی نارەزاییەکان دەکەن و حسابی ئەوە ناکەن کێ ئەگۆڕێت بەکێ؟)).

من نازانم نەوشیروان مستەفا بە چ حیساباتێك دژایەتی ئەو هەموو لیستانە دەکات و بە چ حساباتێکیش لە جیاتی میللەت قسەو بڕیار دەدات؟ ئایا ئەو ڕازییە لەو هەموو جنێودانەی کە بەرامبەر هەندێك سەرکردە و خەڵکی هەولێر دەدرێ؟.

لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی KNN دا جوێن بەسەرکردە دراوە، ئەندامێکی لیستی گۆڕانیش لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی نەوادا خەڵکی هەولێری بەدواکەوتوو وەسفکرد و گوتی: هەر بەدواکەوتوویش دەمێننەوە..!! ئەم قسە و جوێندان و سوکایەتی کردنە چەند قسەیەکی خودی سەرۆك ئەو لیستەیان وەبیرهێنامەوە کە نەك هەر بەرامبەر بە هەولێر، بەڵکو بەرامبەر بەکەرکوك و بادینان و هەتا بەشێکی سلێمانیش لە ساتەوەختانێکدا کردبووی، وەك ئەوەی بادینی کورد نین، یان کەرکووکییەکان بابچن بەرگری لەخۆیان بکەن و هەولێر چ شوێنێکی پیرۆزە تا شەڕی لێ نەکرێ و .. تاد، باشە کەسانێك ئەو هەموو قسەیە بکەن و کەرکوك بە هی خۆیان نەزانن و هەولێر بە پیرۆز نەزانن و بادینانیش بە کورد نەزانن، ئیتر پێم ناڵێن ئەوانە نوێنەرایەتی کێ دەکەن؟.

* سەرۆك لیستی وا هەیە لەسەرەوە شتێك دەڵێ و لەبنەوەش شتێکی تر، لەسەرەوە(لەمیدیا و پەیام و چاوپێکەوتنەکانیدا) ڕەخنە لە سیستەمی حوکمڕانی کوردستان دەگرێ و لە بنەوەش لە ڕێی چەند کەسانێکەوە پەیام بۆ سەرۆك بارزانی دەنێرێ و بە هێماو سونبلی خەبات و بەرخۆدانی دەدانێ، ئەوەی لەلای من سەیرە ئەوەیە کە ڕۆژنامەیەك خۆی لەسەر ئەو لیستە ساغ کردۆتەوە دێت و بە مانشێتێك ئەوە بڵاودەکاتەوە کە فلانەکەس ئامادە نەبوو لەگەڵ مسعود بارزانی کۆبێتەوە...!!

* نووسەرەوەیەك کە سەرنووسەری گۆڤارێکە و ئێستا ئەویش خۆی لەسەر لیستی گۆڕان ساغ کردۆتەوە، لە نووسینێکیدا داوا لە دەنگدەران دەکات کە دەنگ بە شەقام و باڵەخانە و پرد نەدەن، چونکە ئەوانە بە پارەی میللەت دروستکراون و ئەرکی سەرشانی حکومەت بووە کە ئەو هەموو شەقام و پردو باڵەخانەیە دروست بکات، ئەگەر دروستیان ناکات با گۆڕەپانەکە بۆ خەڵکانێکی تر چۆڵ بکات..!! هەروا دەڵێ کەیفم بەوە نایەت دەنگ بە سەلەفییەت بدرێ و مەبەستیشی لەمە دیارە کە ئەو سەلەفیانە کێن..!!

خۆشییەکە لەوەدایە، ئەم نووسەرەوەیە دان

بـــەوەدا دەنێ کە بەڵێ شـــەقام و باڵەخانە و پرد و شـــتی تر دروســـت کراون، بەڵام نابێ ئەوە ببێتە پێوەر بۆ ئەوەی دەنگ بە لیستی کوردستانی بدرێ.

بەخوای ســـەیرە، لەلایەك داوا لە خەڵکی دەکەن دەنگ بە بەرنامـــەو خزمەتگوزاری بدەن و لەلایەکیش داوا دەکەن کە دەنگی پێ نەدەن، بە بیانـــووی ئەوەی کە ئەمە ئەرکی حکومەتە.

باشـــە ئەگەر خەڵك دەنگ بە بەرنامە و کاروچالاکییەکان نەدەن، ئەی دەنگ بەچی بدەن، بەتێکدان و نانەوەی ئاژاوە و قســـەی هەلـــەق و بەلـــەق و جنێـــودان و وروژاندنی ناحەزانی کوردســـتان، وەك ئەوەی کە ئێستا لە مەسەلەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت..؟

* ئەوەی سەیری هەڵوێستی سیاسەتکارانی بەغدا بـــکات، بەتایبەتـــی ئەوانەی کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی بەغدا بڵاو دەکرێنەوە، هەســـت بە پیلانێك دەکات کـــە لەبەرامبەر دەســـتووری هەرێمـــی کوردســـتان ئەنجام دەدرێـــت، عەرەبەکانی کەرکـــووك و بەرەی تورکمانی و هەندێ کەســـایەتی شـــۆفینی وەك ئوســـامە ئەلنجێفـــی و هەتا هەندێ لە هاوپەیمانانـــی خۆمان خەریکە بەرەیەکی دژ بەو دەســـتوورە پێك بهێنن و بۆ ســـەلماندنی بیروبۆچوونەکانیشیان ســـوود لە هەڵوێستی هەندێ لایەنی کوردی وەرگرتووە، بەتایبەتی لیستی گۆڕان.

بمانـــەوێ یـــان نەمانەوێ ئەو لیســـتە هاریکارە لە دروستکردنی ئەو هەڵلایەی کە لە بەغدا بەرامبەر بەو دەســـتوورە پەیدا بووەو ئەو سیاسەتکارانەی بەغداش خوا خوایان بوو پشـــت بە شتێك ببەســـتن بۆ ئەوەی بیکەنە بیانوو و لە دژی دەســـتوورەکە بووەســـتن، ســـەیرە کە لەوەدایە ئەو سیاســـەتکارانەی بەغدا دەســـتووری هەرێم بە دەســـتوورێکی جودا خوازی تۆمەتبـــار دەکەن و پێیان وایە کەرکـــووك و شـــوێنە دابڕاوەکانی دیکەی خستۆتە ناو سنووری هەرێمی کوردستانەوە و داوای کوردستانی گەورە دەکەن کە ئەمەیش ئیهانەیـــە بـــۆ وڵاتانی دراوســـێ و هەروا ئەو دەسەڵاتانەی کە دەســـتوور بە هەرێمی بەخشـــیووە زیاترە نەك هەر لە دەســـەڵاتی حکومەتی فیدراڵی، بەڵکو لە دەســـەڵاتی حکومەتێکی کۆنفیدراڵیش، ئەمە لە کاتێکدا لیســـتی گۆڕان یەك لـــەو تێبینیانەی کە لەسەر ئەو دەستوورە هەیەتی گوایە سنووری هەرێمی کوردستان پشتگوێ خستووە.

من نازانم کێ لەو دووانە راســـت دەکات، ئەوانـــەی بەغدا یان هەرێم؟ بەرای من هەق نەبوو ئەو لیســـتە بۆ بەرژەوەندی تەســـکی خۆی تانە لەو دەســـتوورە بدات، چونکە بەم کارەی خزمەتی ناحەزانی گەلی کوردستانی کرد.

* هاووڵاتی و ســـتاندەر و بەرەو گۆڕان هەواڵێکیـــان بڵاوکردبـــۆوە کـــە گوایە دوو سیناتۆری ئەمەریکی هۆشـــدارییان داوەتە سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە هەڵبژاردن کە دەبێ بەشێوەیەکی ئازادانە بەرێوەبچێت و خۆشـــحاڵی خۆشیان بۆ سەرهەڵدانی ئۆپۆزســـیۆن و کارابوونی میدیای سەربەخۆ دەربڕیووە.

بەر لە هەموو شتێك ئەم قسانەی ئەو دوو سیناتۆرە لە نامەیەکیاندا بووە کە بۆ سەرۆك بارزانی و ســـەرۆکی حکومەت نووسیووە و دەقەکەشـــی لە زۆربەی میدیا کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە و ئەو سێ رۆژنامەیەش پشتیان بەو دەقە بەســـتووە، بەڵام پشـــت بەستنێکی چۆن؟.

ئەو ســـێ رۆژنامەیە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان چەند پەرەگرافێکـــی ئەو نامەیەیان بڵاوکردۆتەوە، واتە ئـــەو پەرەگرافانەی کە باسی ئازادی و ســـەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن و کارابوونـــی میدیای ســـەربەخۆ دەکەن و پەرەگرافێکی زۆر گرنگتریان پشـــت گوێ خســـتووە، کە ئەو دوو ســـیناتۆرە تەئکیدیان لێ کردبـــۆوە و ئەو هەموو ئازادی و بوونی ئۆپۆزسیۆن و کارابوونی میدیای سەربەخۆیان بـــۆ خودی ســـەرۆك بارزانی و ســـەرۆکی حکومەتی هەرێم گەڕاندبۆوە.

لە دەقەکەدا هەر دوو سیناتۆر دەڵێن:(ئێمە خۆشحاڵین بە پەیدابوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن و باسکردنی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی رەخنە گرانە لەلایەن میدیای ســـەربەخۆی کوردییەوە، کە ئەمەش هێمایەکی قوڵبوونەوەی دیموکراسییە لە کوردستان و ئەمەش بۆ رێبەرایەتی ئێوەی بەرێز دەگەڕێتەوە).

دەك زمانـــی ئەو ســـێ رۆژنامەیە لاڵ بێت کە هەموو شـــتە بچووکـــەکان دەبینن و لە ئاســـت قســـەیەکی گەورەی وا دا خۆیان گێل دەکەن..!

ئایـــا ئەمـــە هەڵخەڵەتاندنـــی خوێنەر و جەماوەر نییە، تا کـــەی ئەو رۆژنامانە بەو شـــێوەیە رەفتار دەکەن، ئایا مافی بەرامبەر نییە ســـکاڵا لەســـەر ئەو رۆژنامانە تۆمار بکات بەهۆی ئەو رەفتارە قێزەوەنەیان، نامەکە بریتی یە لە پشـــتگیری ئەو دوو سیناتۆرە، کەچی ئەو رۆژنامانە دێن و دەیخەنە قاڵبی ئەوەی کە گوایە هۆشدارییان داوەتە سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێم.

* تا ئێســـتا هەندێ لیســـت دەیانگوت هیچ مەترســـییەکی دەرەکی لەسەر هەرێمی کوردســـتان نییە، ئەوەی لیستی کوردستانی دەیڵـــێ پڕوپاگەنـــدەی هەڵبژاردنە، کەچی هەر لە رۆژنامەی(هاوڵاتی) چاوپێکەتنێك لەگەڵ ئەمینداری یەکگرتووی ئیســـلامی بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێ:(مەترســـی دەرەکی هەیە لەسەر ئەزموونەکە)، کەواتە کێ درۆی دەکرد لیستی کوردستانی یان ئەوان، خۆ ئەو لیستەی کە ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیســـلامی ســـەرۆکایەتی دەکات رکابەری لیستی کوردستانە.

* چـــوار کاندیدی ســـەرۆکایەتی هەرێم دانیشـــتنێکیان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێك کە تەنیا کەسێکیان بهێڵنەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ رکابەری بارزانی و لە بەرامبەردا د. کەمال میراودەلی کە یەکێکە لە کاندیدەکانی بۆ ئەو پۆســـتە رایگەیاند کە ئامادە نییە بکشـــێتەوە بۆ سێ کاندیدی تر، حوســـێن گەرمیانی کە ئەویش خۆی بۆ ئەو پۆســـتە پاڵاوتووە پێی باشـــە کە هەر ئـــەو بمێنێتەوە چونکە بە قســـەی خـــۆی میراودەلی ٣٥ ســـاڵە کوردســـتانی بەجێهێشتووە و تەنیا لە رێگەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنـــەوە ئازارەکانـــی وڵاتەکـــەی بینیووە، ئەگـــەر دەرنەچێ ئەوا دەگەڕێتەوە ئەوروپا، کاك سەفینیش بازرگانە و نەمدیوە بازرگان بێتە ناو سیاســـەتەوە، ئەویش ئەگەر دەرنەچێـــت دەچێتەوە نـــاو کاری بازرگانی لەگەڵ بەرپرسان، کاك هەڵۆش رەگەزنامەی بەریتانی هەیە و ئەگەر دەرنەچێ دەگەڕێتەوە بەریتانیا.

وەرە ســـەیری ئـــەو مەهزەلەیـــە بکـــە، هەریەکەو بۆخۆی رادەکێشێ، هەر لە ئێستاوە کەوتوونەتە گیانی یەکتر، کە یەکێکیان هەر بە قســـەی خۆی هەتا براکەی لە دژیەتی و دەڵێ:(تەنانەت برای خۆم عەتفی لەگەڵ کاك مەســـعوودە) و دەشڵێ ئەگەر ئەو سێ کاندیدە خۆیان بکشـــێنەوە من وەعدەیان پێ دەدەم کە پاش ئەوەی دەبمە ســـەرۆکی هەرێم هەرســـێکیان دەکەمە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران..!! ئەو ئەنجوومەنە پیرانەی کە نە لە بەغدا بوونی هەیە و نە لە کوردستان..!!

**ئەگەر خەڵک دەنگ بە بەرنامە و کاروچالاکییەکان نەدەن، ئەی دەنگ بەچی بدەن، بەتێکدان و نانەوەی ئاژاوە و قسەی هەلەق و بەلەق و جنێودان و وروژاندنی ناحەزانی کوردستان**

**ئێمە خۆشحاڵین بە پەیدابوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن و باسکردنی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی رەخنە گرانە لەلایەن میدیای سەربەخۆی کوردییەوە، کە ئەمەش هێمایەکی قوڵبوونەوەی دیموکراسییە لە کوردستان و ئەمەش بۆ رێبەرایەتی ئێوەی بەرێز دەگەڕێتەوە**

# دەستووری کوردستان دەسکەوتێکی ستراتیژییە



سامی شۆڕش
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

هەق نەبوو بازنەیەکی تەسك و بچووك و دابراو لە ناو ریزە ناوخۆییەکانی کورد، بە تایبەتی بازنەی برادەرانی لیستی گۆڕان، بەو پەلە پەلی و ئینفیعالییەت و سەرەڕێییە هەڵوێستی دژایەتی کردنی خۆیان بەرامبەر بە ڕەشنووسی دەستووری کوردستان دەرببڕن.

هەق بوو، ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرن کە دارشتن و خستنە ریفراندۆمی ڕەشنووسی دەستوور دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورەیە بۆ کوردستان و زەروورەتێکی گرنگ و هەنووکەیی و مێژوویە بۆ میللەتی کورد. سەرباری ئەوانە، هەنگاوێکی گەورەو چارەنووسسازو ستراتیژیشە لە بواری شانازیی کردنی خەڵکی کوردستان بە کەرامەتی نەتەوەیی و بەها مێژووییەکانی خۆیان.

هەق بوو، ئەوە لەبەر چاو بگرن کە دەستوور دەسکەوتێکی حزبی و سیاسیی ڕووت و قووت نییە، هەروەها پەیوەندیی بەم حزب و ئەو حزبەوە نییەو، موڵکی تاکە کەسێك و دوو کەس نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بنەڕەتی و یاساییە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە چارەنووسی تەواوی گەلی کوردەوە هەیە بە هەموو حزب و کۆمەڵانی خەڵك و هێزە سیاسییەکانەوە. بگرە شانازییە نەك تەنیا بۆ کوردی عێراق، بەڵکو بۆ هەموو کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا، ئەگەرچی دەستوورەکە لە ڕووی پراکتیکی یاسایی و سیاسییەوە هی کوردستانی عێراقە.

هەق بوو، ئەو برادەرانە ئەوە لەبەرچاوی خۆیان بگرن کە بەو کارە ناجۆرەی دژایەتی کردنی دەستوور، هەڵەیەکی ئێجگار گەورەی ئەوتۆیان کرد کە ئیتر زەحمەتە کورد لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەو لە ڕێڕەوی داوڕۆژیاندا لەبەر چاوی نەگرن. ئەم هەڵەیە، بە لای هەندێکەوە، سەرەتایەکی ڕەشە بۆ دەرچوون لە بازنەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد. بەڵام لە ڕەنگدانەوەی یەکەمیدا، دەبێتە مایەی ئەوەی لیستی گۆڕان، کە ئێستا ناوەکەی لەگەڵ ناوی لیستی حەدبای نەینەواو عولەمای موسلمینی ڕومادی بە یەکەوە دێت، لە هەڵبژاردنی کوردستاندا ئیتر دەنگێکی ئەوتۆ نەهێنێت و بگرە هەتا ماوەیەکی درێژی دیکەش، ئەو کارو سیاسەتە نارەوایەی لە بیر خەڵکی کوردستان نەچێتەوە.

دژایەتی کردنی ڕەشنووسی دەستوور لەم قۆناغە ناسك و زەحمەت و دژوارەی کوردستان و کێشەی سیاسیی گەلی کورددا، وەك ئەوە وایە و یستراپێت بە ئەنقەست کەرامەتی میللەت بورووشێنرێت و زیان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییە گەورەکانی بگەیەنرێت. دیارە ئۆباڵی ئەو کارە نارەوایە ئیتر کەوتە ئەستۆی لیستەکەو خاوەنانی لیستەکە. ئەمەش وەك زۆر کاری دیکەی لیستی گۆڕان، ئەنجامی کورت بینی و تەسك بینی و تاکرەوێتی سیاسییە.

ڕاستە، دەقە پێشنیار کراوەکەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان، بە لای هەندێك کەسەوە ڕەنگە چەندین کەموکورتی تێدا بێت. دوور نییە ماددەو پەرەگرافی ئەوتۆی وای تێدا بێت کە مایەی ڕەخنەو بۆچوونی جیاواز بێت. بەڵام وەك مەعلوومە، لە پرۆسەی پێگەیشتنی دەستووردا هیچ کاتێك مەسەلەی ڕەتکردنەوەو تۆمەتبار کردن چارەسەر نییە، بەڵکو زۆرتر ئەوە چارەسەرە کە ڕەشنووسی دەستوورەکە ڕێگەی یاسایی خۆی بگرێتە بەروو لە پەرلەمان و لە ریفراندۆمدا دەنگی لەسەر بدرێت و دواتریش لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە ئیقرار بکرێت. ئینجا، ئەگەر هەر کەموکورتی و ڕەخنەو بۆچوونێکی جیاوازیش لەو نێوانەدا هەبێت، ئەوا بە هەموارکردنی دەقەکە لە دوای ئیقرارکردنی، ئەم بۆچوونانە جێگەی خۆیان دەکەنەوەو کەموکورتییەکان بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی چارەسەر دەکرێن.

لەمبوارەدا، ڕەنگە دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دا بە زۆرینەی دەنگی خەڵکانی عێراق ئیقرار کرا، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر بێت. مەعلوومە، ڕەشنووسی دەستووری عێراق، ئەگەرچی کۆمەڵێك کەموکورتی تێدا بوو، ئەگەرچی تەواوی داخوازییە ڕەواکانی میللەتی کوردو میللەتانی دیکەی ناو عێراقی نەگرتبووە خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوانەیش، لە لایەن هیچ لایەنێکی نیشتمانپەروەری عێراقییەوە ڕەت نەکرایەوەو بانگەشەی لە دژ نەکرا، بەڵام دواتر ئەوانەی بۆچوونەکانیان لەگەڵ دەقی

دەستوورەکە یەکی نەدەگرتەوە، دەنگیان بە دەستوورەکە نەدا. ئینجا دوای ئیقرار کردنی لە ریفراندۆمدا کەوتنە داوای هەموارکردنی دەستوورەکە. ئەمڕۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی لە بەغدا خەریکی هەموارکردنی دەقی دەستووری هەمیشەییە. لایەنی جیاوازیش زۆرن، بەڵام قەت بەو شێوەیەی برادەرانی لیستی گۆڕان خۆیان نەخستۆتە هەڵوێستی دژایەتی کردنی دەستووری عێراق. بوونی دەستوور، بە هەموو کەموکورتییەکانیشەوە، هەمیشە مانای سەرەوەری یاساو کەرامەتی میللەت و نیشانەی سیادەیەتی. بۆیە هیچ کاتێك کارێکی عاقڵانە نییە هێزێکی سیاسی خۆماڵی خۆی بخاتە سەنگەری دژایەتی کردنی دەستووری کوردستان، جا هەر چییەك بێت رادەی کەموکورتی لەو دەستوورەدا.

ئەوەی راستی بێت، هەر ئەو هەڵە گەورەیە بوو وای کرد هەڵوێستی برادەرانی لیستی گۆڕان لە بەر چاوی خەڵکی کوردستان لەگەڵ هەڵوێستی پاشماوەکانی بەعس و خەڵکی شۆڤێنیستی عەرەب جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت. هەڵوێستی راست، لەو بوارەدا ئەوە بوو روو لە دژایەتی کردنی دەستوورو ریفراندۆمی دەستوور نەکرێت. بەڵام ئەگەر دەقەکەی بە دڵ لایەنێك نییە، ئەوا ئەو لایەنە لیستی گۆڕان بۆ نموونە دەیتوانی دوور لە هاتوهوریا، دوور لە دروشم فرۆشتن، دوور لە ئینفیعال و هەڵچوون، دەنگ بۆ دەستوورەکە نەدات، یان دەنگی بۆ بدات و لە دوارۆژدا داوای هەموارکردنی برگەکانی بکات. بەڵام پێ دەچێت رق و کینەو بوغزی حزبی، بگرە هەندێك ناپەنگێنەوە لەوەی هێما بۆ فاکتەری دەرەکیش بکەن، وایکرد ئەو برادەرانە، لەو یەکەم گاگۆڵەیەیاندا، لەو یەکەم دابەزینەیان دا بۆ مەیدانی هەڵبژاردن، خۆیان و لیستەکەیان تووشی ئەو هەڵە کوشندەیە بکەن کە رەنگە باجە سیاسییەکەی لە ئەنجامی کۆتاییدا زۆر گەورە بێت.

بە هەر حاڵ، هەق نەبوو ئەوەندە پەلە لە مەسەلەی رەتکردنەوەی دەستوور بکرێت. دیارە زۆرتر مەبەستی لیستی گۆڕان ئەوە بووە خۆیان لە لیستەکانی دیکە جیا بکەنەوە. دیارە هەموو لیستەکانی دیکە بە بێ دوو دڵی خۆیان لەگەڵ پشتگیریکردنی دەستوور ساغ کردۆتەوە. بەمەش کارێکی زۆر باش و گونجاوو ژیرانەیان کردووە، بەڵام بۆ خۆ جیاکردنەوە لە مەسەلەی دەستووردا؟ بۆ هەوڵ نەدرێت لە بوارەکانی دیکەدا ئەم جیاوازییە، ئەگەر هەبێت بەرجەستە نەکرێت؟ بۆ تەنیا لە دەستوور؟ لەو دەستوورەی کە کورد بە مایەی سەروەریی خۆی دەزانێت؟

من بۆ خۆم، تا ئێستا بە دیققەت چاودێریی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنم کردووە. بەڵام ئەوەی راستی بێت، هیچی ئەوتۆم لای لیستی گۆڕان نەدیووە کە جیاواز بێت لە لیستەکانی دیکە. بۆ نموونە، هیچی ئەوتۆی لە بواری سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و تەندروستی و پەروەردەیی نەوتووە کە حزبەکانی دیکە، یان لیستەکانی دیکە نەیانگوتبێت و بایەخیان پێ نەدابێت و بە هەندیان هەڵنەگرتبێت. ئەو برادەرانە دەیانتوانی لەو بوارانەدا خۆیان جیا بکەنەوەو بەرنامەی تایبەتی بخەنە روو، بەڵام چونکە مەبەستیان تەنیا دژایەتی کردنی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و دەستکەوتەکانی گەلی کوردە، بۆیە لە نەفەسی دژایەتی کردن و روانینی سەلبی و خۆخەریك کردن بە رق و کینەی حزبی بەولاوە، خۆیان لە قەرەی هیچی دیکە نادەن.


دەستوور، ئەگەر بە وردی لە ئاسکانی بڕوانی، میکانیزمێکی گرنگە بۆ پاراستنی سەروەریی یاسا لە کۆمەڵگادا، ئەو کۆمەڵگایەی دەستووری نەبێت شەرعیەتی نییەو میکانیزمی پاراستنی یاساو سەروەریی یاسای نییە. بۆیە ئەگەر بە چاوێکی ورد سەیری دژایەتی کردنی دەستووری کوردستان بکەین لە لایەن شۆڤێنییەکانی عەرەبی عێراقەوە دەبینین، مەبەستی گەورەیان ئەوەیە کوردستان بە بێ دەستوور بمێنێتەوە. هەتا وردە وردە فەوزا بکەوێتە کارەکانی و بە بێ بنەمایەکی تۆکمەی یاسایی بمێنێتەوە، بە لای ئەو شۆڤێنیانەوە کوردستان بە ئاسانتر دوژمنایەتی دەکرێت ئەگەر دەستووری نەبێت، بەڵام کە دەستووری هەبوو. ئەو دەستوورەش بە ریفراندۆمێکی رەسمی و یاسایی هاتبووە ئیقرار کردن، ئەوا لە ناو بردن و هەڵوەشاندنەوەی بونیادی هەرێمی کوردستان کارێکی مەحاڵ دەبێت. بۆیە بە هەر شێوەیەك بێت دەیانەوێت رێگری لە ریفراندۆمی دەستوورو ئیقرار کردنی بکەن. ئینجا تارمایی شەك و گومانیش بخەنە سەر پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەی کوردستان کە دەستوورەکەی نووسیووەتەوەو تاووتوێی کردووەو خستویەتییە بەردەمی ریفراندۆمی خەڵکی.

بۆیە، هەر هەڵوێستێك لە ناو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستاندا، بە هەر بڕو بیانوویەکەوە بێت، تەگەرە بخاتە بەردەم پڕۆسەی دەستووری کوردستان، لە هەڵوێستێکی دژ بە کورد، لە هەڵوێستێکی دژ بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی میللەتی کورد، لە هەڵوێستێکی رەش و نابووت و پووت بەولاوە هیچی دیکە نییە. بە داخەوە لیستی گۆڕان لە پێناو ناکۆکییە حزبییەکانیان و بەرژەوەندییەکی تەسکەکانی هەڵبژاردن، خۆیان دووچاری ئەو هەڵوێستە کردوو بەمەش هەموو دەرفەتێکیان نەهێشتەوە بۆ کورد تا وردە متمانەیەکیشیان پێ بکات.


دەستوور تاجێکی دیکەی شانازییە سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانی و لیستی کوردستانی و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و حزبە تێکۆشەرەکانی کوردستان لە سەری میللەتی کۆڵنەدەری کوردو گلکۆی شەهیدانی رێگەی رزگاریی کوردستانی دەکەن. هەق بوو، برادەرانی لیستی گۆڕان خۆیان لەو شانازییە گەورەیە بێ بەش نەکردایە تا هەر نەبێت بڕێك متمانەی میللەتیان پێ ببڕێت.

**دژایەتی کردنی رەشنووسی دەستوور لەم قۆناغە ناسک و زەحمەت و دژوارەی کوردستان و کێشەی سیاسیی گەلی کورددا، وەک ئەوە وایە و یستراتبێت بە ئەنقەست کەرامەتی میللەت بوروشێنرێت و زیان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییە گەورەکانی بگەیەنرێت**

# سەرۆکی بەهێز مێژووی بونیادنـــ



# ــانەوەی وڵاتی خـۆی دەنووسێتەوە




**دەنگدان بە مسعود بارزانی**

**بەرپرسیارێتی مێژوویی هەر تاکێکە بۆ**

**بونیادی ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ کوردستان**

بیرکردنەوەی بارزانی بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢–٢٠٠٣، بیرکردنەوەیەکی تازەیە لە مێژووی فیکری سیاسیدا و وڵاتێک لەم جیهانەدا نییە، لە پرۆسەی بونیادنانەوە (Nation Building) سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت و باردۆخەکەی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان بێت




## (هەر دەسکەوتێکی گەورە هەتا دەبێتە حەقیقەتێکی واقیعی، خەون و خەیاڵە)

### لی کوان یو سەرۆک وەزیرانی پێشووی سەنگافورە

****

لی کــوان یوو، هەتا پێش ســاڵی ١٩٦٥ سەرۆکی هەرێمی سەنگافورا، وەك بەشێك لە مالیزیای فیدراڵی بــوو، ئەو کاتە لە نێــوان حکومەتی هەرێمی ســەنگافورا و حکومەتــی فیدراڵی مالیزیــا کۆمەڵێك کێشــە هەبوو، هۆکاری کێشــەکانیش ئەو سیاســەتە هەڵانە بوو،کە مالیزیا بەرامبەر بە ســەنگافورا پیادەی دەکــرد. بەڵام کە لەســاڵی ١٩٦٥ بە ناچاری سەربەخۆیی ســەنگافورای ڕاگەیاند، وەك لەبەشــی یەکەمی کتێبەکەی(لە جیهانی سێهەمەوە بۆ جیهانی یەکەم..چیرۆکی سەنگافورا لە ١٩٦٥-٢٠٠٠)بە ناونیشانی(لەم ڕێگەیەدا بە تەنها بووین) نووســیویەتی: (هەرگیز لــەو بڕوایەدا نەبووم کە لە ســاڵی ١٩٦٥ و لەتەمەنی ٤٢ ســاڵیدا ببمە ســەرۆکی سەنگافورا).

(لی کوان) ســەبارەت بــە بونیادنانەوەی سەنگافورە دەڵێت:(کتێب هەیە فێرت دەکات چۆن ماڵێك بونیــاد بنێیت،کتێبیش هەیە فێرت دەکات چۆن ئامێرێك چاکبکەیتەوە، بەڵام هەرگیــز کتێبێکــم نەبینیوە،چۆن وڵاتێکی وەك سەنگافورا بونیاد دەنرێتەوە... یان کتێبێکــم نەبینیبــوو. گەلێکی وەك گەلی سەنگافورا، چۆن گوزرانی خۆی دابیندەکات، کاتێك ڕۆڵە ئابوورییەکەی وەك ناوەندێکی میحــوەری بۆ هاوردەو هەناردە لەدەســت دابێت....ئێمە بووینە میراتگری دووورگەیەك بەبێ ئەوە زەوی هەبێت، دڵێك بەبێ ئەوەی لاشەی هەبێت...ڕۆژێك دوای ڕاگەیاندنی ســەربەخۆیمان ١٩٦٥/٨/١٠ ڕۆژنامەی ســیدنی مۆرنین نووسیبووی ســەنگافورای ســەربەخۆ بــە دەوڵەتێك دانانرێــت توانای ژیانی هەبێت،ئەمە پێش ٣٠ ساڵ، بەڵام ئێستا١٩٩٥ هەموو شتێك ئاماژەیە بۆئەوەی زۆرترین توانای مانەوەی هەیــە)، ئەم چەند دێــرە گرنگ بوو بۆ ئەوەی بیکەینە دەســتپێکی باســەکەمان بۆئەوەی پیشانی بدەین،ســەرۆکی بەهێز توانای هەیە، ئەو دەسکەتە گەورانە بکاتە حەقیقــەت و واقیع کە لە دەســتپێکدا بە خەون و خەیاڵ دەزانرێــت، فەرید زەکەریا کە لە ســاڵی ١٩٩٤ بۆ گۆڤاری فۆرین ئەفێرز دیمانەیەکی لەگەڵ (لی کوان یو) کردووە، لەپێشەکی دیمانەکەیدا، ئاماژەی بە قســەیەکی هنــری کیســنجەر کردووە ســەبارەت بە لی کوان و نووسیویەتی(لە نێــوان توانای (لــی کــوان) و بەهێزی ســەنگافوردا هیچ تەواfقێك نییە) ئەمە مانای ئەوەیە لی کوان وەك ســەرۆکێکی بەهێز موعیجزەی دروستکردووە، لی کوان لە یاداشــتەکانیدا نووســیویەتی : (لەو کاتــەی هەموو بایەخدانێکــم بۆ ئەوە بوو ئــەم خاکە بپارێزم، ئێمە ســوپامان نەبوو، ئــەوەی هەبوو، دوو یەکەی ســەربازیمان هەبوو،کە فەرماندەیەکی مالیزی بەڕێوەی دەبرد،بیرم لەوەدەکردەوە چۆن هەندێك هێزی بەرگریکار بەشــێوەیەکی خێراو سەرەتایی دروســتبکەم، لەم کاتەدا ئەو ئەفســەرەی کە بەرپرســی پاراســتنم بوو ئــاگاداری کردمەوە،کە ڕۆژنامە مەلاوی زمانەکان کە لە مالیزیا دەردەچوون و لە سەنگافورا بڵاو دەکرانەوە، هێرشێکی توند دەکەنە سەرم،لەناو سەنگافوراشــدا هەڵگرانــی چەمکــی مارکسیەت و کۆمونیستەکان گاڵتەیان بە خۆم و هاوڕێکانم دەکردوو،جنێویان پێدەداین و بەنۆکــەری ئیمپریالیــزم و داگیرکەران تاوانباریان دەکردین) بەڵام دوای ٣٥ ساڵ، جۆرج بوشی ســەرۆکی پێشووی ئەمریکا دەڵێت(لی کوان یەکێکە لە دیارترین پیاوانی دەوڵەت لە سەدەی بیستەمدا) هلمۆت کۆل کە دوای یەکگرتنــەوەی هەردوو ئەڵمانیا بە بســمارکی دووەم ناوزەدیان کرد ئەویش سەبارەت بەم ســەرۆکە دەڵێت: (لی کوان تەنهــا کەســایەتیەکی سیاســیی نەبوو، بەڵکو بیرمەندێــك بوو،چەندین چەمکی گرنگــی فێرکردین بۆ ئــەوەی ڕێگەی ئایندەی پێ بدۆزینــەوە) ئەم چەند دێڕە وەك ئاماژەکردنێك پیویســت بوو، کەباسی گرنگی ڕۆڵی ســەرۆکێکی وەك لی کوان بکەین، کەچۆن وڵاتێك کــە ڕووبەرەکەی ٦٩٧,١ کیلۆمەتر چوارگۆشــەیەی خاوەن تەنها ٢ ملیۆن دانیشتوان، توانی لە نێوان چەنــد دەوڵەتێکی بەهێــزی وەك مالیزیاو ئەندەنوســیاو، نەك هەر خــۆی بپارێزێت و بمێنێتــەوە، بەڵکــو بۆتە ئــەو دەوڵەتە پێشکەوتووەی کە جیهان بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەستکەوتەکانی دەکات.

### خاڵی هاوبەش و جیاواز لە نێوان کوردستان وسەنگافورا و بارزانی و لی کوان

لەوانەیە خوێنەر لەســەرتاوە ئەو پرسیارەی لا بوروژێــت ئایا چ ڕوویەکی لێکچوو لە نێوان کوردستان و ســەنگافورە و مسعود بارزانــی و لی کوان هەیــە؟ وەڵامی ئەم پرســیارە بەشێکی لەو چەند دێرەدا هاتوون کە بۆ پێشــەکی ئەم باســە بە پێویستمان زانی، لێرەدا جاریکی دیکە بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەینەوە:

١- ئەگەر ڕاپەرینی گەلی کوردســتان و گەلانی عێراق، لەدوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو بوو بێت، بۆ تەقینــەوەی ناخی کپکراوەی عێراقیەکان بەگشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی،بەڵام کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو و کتوپربوو،ئەم کشــانەوەیە لەگــەڵ ئەوەی لــەو خاڵەدا سەنگافورە لە کوردســتان جیادەکاتەوە کە ســەنگافورا بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و کوردســتان بڕیاری فیدراڵیــدا، بەڵام لە ڕوویەکــی دیکەوە هاوبــەش بوون،لەوەی کوردســتانیش وەك دەوڵەتــی ئەمــری واقیع پەیوەندی لەگــەڵ ناوەند پچرابوو، هەموئەرکەکە ڕووبەڕووی ســەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ببووەوە.

٢- دەوڵەتانی هاوســێی کوردستانیش وەك دەوڵەتانی هاوســێی سەنگافورا،دژی ئەو قەوارە سیاســیە ئەمری واقیعە بوون کە لە کوردستان دروست ببووبوو.

٣- مسعود بارزانی کاتێك لە ساڵی ١٩٩٢

سەرۆک بارزانی مایەی ژیاندنەوەی ئومێد و بەرزکردنەوەی ورەی هاوڵاتیانی کوردستان بوو، گەشبین بوو بە هێزی لەبن نەهاتووی گەلی کوردستان و، لە ئیرادەی گەلی کوردستانیشەوە ئایندەی دەبینی، بۆیە بە پشتبەستن بەو ئیرادە پتەوە، یەکەم هەنگاوی لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لە شەری کۆڕێ هەڵگرت و هەر لەو شەڕەدا جارێکی دیکە یەکریزی نێو ماڵی کورد و یەکریزی نێوان لایەنە سیاسیەکانی یەکخستەوە، سەرۆک ئەمجاریان بەئیرادەی گەلەکەی کوردی خستە سەر شانۆی مێژوو

له وه‌ڵامی پرسیارێكی گۆڤاری هارڤارد ئه‌نترناشناڵ ریڤیوو ده‌ڵێت: (ئێمه هه‌ر ئه‌وه‌نده هاریكاری نێوده‌وڵه‌تیمان پێویسته، تا ده‌كه‌وینه‌وه سه‌رپێی خۆمان، وڵاتی ئێمه وڵاتێكی ده‌وڵه‌مه‌نده و ده‌توانین خۆمان خۆمان به‌ڕێوه به‌رین) بێگومان ئه‌و كاته و ئێستاش، كتێبێك نه‌بووه و نییه، هه‌تا مسعود بارزانی فێركردبێت،(چۆن وڵاتیك له ژێرباری گه‌مارۆی دوو ئابوری و له پێگه‌یه‌كی جوگرافی كه هه‌رچوارلای دوژمن بێت بونیاد ده‌نرێته‌وه؟)، ئه‌مه پێمان ده‌ڵێت : بیركردنه‌وه‌ی بارزانی بۆ بونیادنانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی ئه‌مری واقیعی كوردستان له ساڵی ١٩٩٢-٢٠٠٣، بیركردنه‌وه‌یه‌كی تازه‌یه له مێژووی فیكری سیاسیدا و وڵاتێك له‌م جیهانه‌دا نییه،له پرۆسه‌ی بونیادنانه‌وه(Nation Building) سه‌ركه‌وتنی به‌ده‌ست هێنابێت وباردۆخه‌كه‌ی هاوشێوه‌ی هه‌رێمی كوردستان بێت، ته‌نانه‌ت ئه‌زموونه سه‌ركه‌وتووه‌كانی (Nation Building) وه‌ك ژاپۆن و ئه‌ڵمانیا و ته‌نانه‌ت تایوانیش، هه‌موویان له چوارچیوه‌ی پرۆژه‌ی مارشاڵ بووه، یان تایوان هه‌تا ساڵی ١٩٧١ ده‌وڵه‌تێكی سه‌ربه‌خۆ بووه، هۆنك كۆنگ هه‌تا ساڵی ١٩٩٧ له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئینگلیزدا بووه، بۆیه بونیادنانه‌وه‌ی وڵاتێكی وه‌ك هه‌رێمی كوردستان، دوای سیاسه‌تی پاكتاوی ره‌گه‌زی و به سوتماككردنی خاكه‌كه‌ی و دابراو له‌هه‌موو په‌ره‌پێدان و پێشكه‌وتنێك، حاڵه‌تێكی شاز وده‌گمه‌نی كۆمه‌ڵگه‌ی مرۆڤایه‌تیه، راسته وه‌ك سه‌نگافۆره بووینه خاوه‌نی دوورگه‌یه‌كی بێ زه‌وی، دڵێكی بێ لاشه، راسته ده‌وروبه‌ری ئێمه‌ش وه‌ك ده‌وروبه‌ری سه‌نگافوره دژی له دایكبوونی ئه‌م قه‌واره سیاسیه بوون، به‌ڵام دیسان باردۆخی هه‌رێمی كوردستان، له باردۆخی ئه‌وكاتی سه‌نگافوره ئاڵۆز و ناله‌بارتر بووه، ئه‌و كات سه‌نگافوره ده‌وڵه‌تێكی هه‌ژار بوو، به‌ڵام له ژێر دووگه‌مارۆی ناوخۆیی و نێوده‌وڵه‌تیدا نه‌بووه، ئێمه هه‌موو له‌بیرمانه، زۆر كه‌لوپه‌لی پێویستی دامه‌زراوه‌ی به‌رگری شارستانی (وه‌ك كه‌لوپه‌لی پۆلیسی ئاگركوژێنه‌وه‌و ئوتومبێلی ئاگركوژێنه‌ره‌وه) له‌ناو ئه‌و لیسته تۆماركرابوون، كه سزا نێوده‌وڵه‌تیه‌كان ده‌یگرتنه‌وه، ته‌نانه‌ت له چوارچێوه‌ی به‌رنامه‌ی بریاری ٩٨٦ی



ئه‌نجوومه‌نی ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تی رێگه‌یان پێنه‌ده‌داین به‌پاره‌ی گه‌لی كوردستان له چوارچێوه‌ی ئه‌و بڕیاره بیكڕین، له‌مه‌ش خراپتر به‌شه‌داهاتی كوردستان (ئه‌و ناوچانه‌ی پێیان ده‌گوت سه‌روو هێڵی سه‌وز- سلێمانی،هه‌ولێر، دهۆك) كه بریتییه له رێژه‌ی ١٣٪ی داهاتی نه‌وت له چوارچێوه‌ی بڕیاری ٩٨٦،له‌لایه‌ن

ئه‌زموونه سه‌ركه‌وتووه‌كانی Nation) Building) وه‌ک ژاپۆن و ئه‌ڵمانیا و ته‌نانه‌ت تایوانیش، هه‌موویان له چوارچیوه‌ی پرۆژه‌ی مارشاڵ بووه، یان تایوان هه‌تا ساڵی ١٩٧١ ده‌وڵه‌تێكی سه‌ربه‌خۆ بووه، هۆنک كۆنگ هه‌تا ساڵی ١٩٩٧ له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئینگلیزدا بووه، بۆیه بونیادنانه‌وه‌ی وڵاتێكی وه‌ک هه‌رێمی كوردستان، دوای سیاسه‌تی پاكتاوی ره‌گه‌زی و به سوتماككردنی خاكه‌كه‌ی و دابڕاو له‌هه‌موو په‌ره‌پێدان و پێشكه‌وتنێک، حاڵه‌تێكی شاز وده‌گمه‌نی كۆمه‌ڵگه‌ی مرۆڤایه‌تیه

ده‌وروبه‌ری ئێمه‌ش وه‌ک ده‌وروبه‌ری سه‌نگافوره دژی له دایكبوونی ئه‌م قه‌واره سیاسیه بوون، به‌ڵام دیسان باردۆخی هه‌رێمی كوردستان، له باردۆخی ئه‌وكاتی سه‌نگافوره ئاڵۆز و ناله‌بارتر بووه

**ئەمەیە مسعود بارزانی فێری کردووین، فرەرەنگی و فرەلایەنی و هەمەرەنگی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پێکەوە، بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی کوردستان وێنا دەکات، هێشتنەوەی ئەم چەپکە گوڵەی پێی دەگوترێت فرەیی نەتەوەیی وئایینی وسیاسیی کوردستان، هەمووکات پێویستی بە چەترێکە، ئەوە دەنگی ویژدانی هەر تاکێکی کوردستانە کە پێکەوە دەبێتە دەنگی رای گشتی گەلی کوردستان و بەڕێز مەسعود بارزانی بەو چەترەی پارێزەری بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی کوردستان دەزانێت**

**رای گشتی لەسەر راستی دروست دەبێت، نەک دیماگۆکیەت و چەواشەکاری**

نەتەوەیەکگرتووەکان گلدرابۆوە و لەرێگەی ئاژانســەکانی خۆیانەوە،بــۆ کوردســتان خەرجدەکرا،ئەمە لــەو کاتەی حکومەتی ناوەندی بەغدا گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان دانابوو، ئەمە بووە هۆکاری:

١- بیرۆکراســیەتی خراپــی نەتــەوە یەکگرتووەکان بووە فاکتەری سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی لە کوردستان.

٢- ئەوانــەی لەمــاوەی جێبەجێکردنــی بریــاری ٩٨٦ ولاَتــان بە جێهێشــتبوو، ئامادەنەبوون لەگەڵ میللەتی خۆیان بژین و ئێستا بانگێشە بۆ رووخان دەکەن بە ناوی گۆڕان، ئاگاداری چۆنیەتی دابەشکردنی بریاری ٩٨٦ لە کوردستان نیین، ئاگاداری ئەوە نیین چۆن،پێداویستیەکانی کوردستان، هەر جــارەی بــە بیانوویەك، بــە ناوی برگەکانی بریــاری ٦٦١ ی ئەنجوومەنی ئاســایش رەتدەکرانــەوە، بۆیــە بێجگە لە بارودۆخی نالەباری کوردســتان، بە پارەی بەشــە داهاتی خۆمان لە سامانی نەوتی خۆمان، چــۆن بە درێژایی حکومەتەکانی عێراق بــۆ کاولکردنی کوردســتان خرایە گەڕ، لــە قۆناخی دیفاکتــۆی هەرێمی کوردستانیشــدا، لەو کاتەی بەشە داهاتی کوردســتان لای نەتــەوە یەکگرتــووەکان گلدرابۆوە،بووە هــۆکاری هێنانی پەتای کوشندەی گەندەڵی، بووە هۆکاری کارکردن بەژمــارەی پرۆژە نەك جــۆر و چۆنیەتی پرۆژەکان، هەوڵدرا چەندی دەکرێت، سوود لەو پارەیە وەربگیرێت و بێتە ناو کوردستان، نەك لە بانکی نێودەوڵەتی گلبدرێتەوە.

## مسعود بارزانی فێری کردین پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین

سەرۆك بارزانی مایەی ژیاندنەوەی ئومێد و بەرزکردنەوەی وورەی هاوڵاتیانی کوردستان بوو، گەشبین بوو بە هێزی لەبن نەهاتووی گەلی کوردســتان و، لــە ئیرادەی گەلی کوردستانیشـــەوە ئایندەی دەبینی، بۆیە بە پشتبەستن بەو ئیرادە پتەوە، یەکەم هەنگاوی لــە بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لە شــەری کۆڕێ هەڵگرت و هەر لەو شەڕەدا جارێکی دیکە یەکریزی نێو ماڵی کورد و یەکریزی نێوان لایەنە سیاســیەکانی یەکخســتەوە، ئەو ســەرکەوتنە مەزنەی وەك سەرکەوتنی سەرجەم هێزە سیاسیەکان و ئیرادەی گەلی کوردســتان،کردیە ســەرەتای ئومێدێکی نوێ بۆ ســەرلەنوێ نوسینەوەی مێژووی کوردســتان، بەڵام نووســینەوە بە دەستی رۆڵەکانی گەلەکەی، نەك نووســینەوە لە رێگەی کارەسات و نەهامەتیەکان، سەرۆك ئەمجارەیــان بەئیرادەی گەلەکەی کوردی خستە ســەر شانۆی مێژوو، نەك کارەسات رووناکی مێژوو بخاتە سەر نەهامەتیەکانی گەلێك.ئــەم هەنگاوە بووە هۆکاری ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر زۆر دۆسێی گرنگ و تێڕوانینی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی گەلێکی زوڵملێکراو بێتە ئاراوە، ئــەم گۆڕانکاریە بریاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشــی نێودەوڵەتی و دروســتکردنی ناوچەی دژە فرین و نەوای ئارام و چەکوشی ئامادەی دروستکرد. دروســتبوونی ئەم زەمینەیە، دیســان هەنگاوی دیکەی بە دوای خۆیدا هێنا:

١- هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەقڵیەتی رژێمی پێشــووی عێراق، ئەمەش بــە داننانی بە مافەکانی گەلی کوردســتان و داننان بە مافی خۆبەڕێوەبردنی کوردســتان لەلایەن دامــەزراوە تایبەتیەکانــی خۆیــەوە، ئەم زەمینەیــە بــووە هۆکاری هاتنــە ئارای وتوێژی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی پێشــووی عێراق، بەڵام حکومەتی عێراق لەبری ئەوەی ســوود لەم هەلە وەربگرێت وبەراشــکاوی دان بــە مافەکانی گەلی کوردستان و پێکەوەژیانی گەلی کوردستان بگرێت لە چوارچێوەی عێراقدا،حکومەتی عێراق بریاریدا هەموو دەزگا ئیداریەکان لە هەرێمی کوردستان بکشێنێتەوە.

٢- سەرۆك بارزانی کە ئەوکات لەگەڵ بەرێز مام جەلال سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردســتانیدا،بەرێز مسعود بارزانی پێشنیاری کرد تەنها رێگە بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشاییە، گەرانەوەیە بۆ ئیرادەی گەلی کوردســتان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیە لە کوردستان.

٣- بەرەی کوردســتانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێشــنیارەی ســەرۆك، دوو یاســای گرنگی دەرکــرد، یاســای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشــتمانی کوردستان،دووەم یاســای هەڵبژاردنی ســەرۆکی هەرێمی کوردستان راســتەو خۆ و هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن گەلی کوردستانەوە.

٤- بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کەمە نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستانیش، کەمینەکان لیســتی تایبەتیان بۆ رێکخراو کورسیان بۆ تەرخانکرا.

ئەم هەنگاوانەی بەرێز مســعود بارزانی، بەرنامەیەکــی پێشــوەخت نەبووە،یــان پێشــتر پلانــی بــۆ دانەرێــژرابوو، هەتا بڵێیــن ئەمــە بەرنامەیەکــە و لە ماوەی ئەوەندە ســاڵە جێبەجێ کراوە، نەخێر ئەمە دەستنیشــانکردنی کێشەکان و رووبەڕووی تەحدیەکانــە لە کاتی خۆی و گەڕانەوەیە بۆ ئیــرادەی گەلی کوردســتان بۆئەوەی پێکەوە کێشەکان چارەســەر بکەین، بەڵام سەرۆك هەمووکات بڕوای بەوەبووە، کێشە وکەموکورتی کۆمەڵگە ئەو کاتە تەواو دەبن، کە ئێمە خۆمان بۆ کێشــەکان نەگەڕێین و هەوڵنەدەیــن کێشــە و کەموکورتیەکانمان





**ئەو ئایدۆلۆژیەتەی کە ئەم حەماسەی دروستکردووە، ئاڵای کوردستان بسوتێنرێت، ئایا نابێتە جێگەی مەترسی بۆ ئایندەی ئەم کوردستانە؟ چۆن ئایدۆلۆژیەتێک ڕێزی رابردوو و مێژووی نەتەوەکەی لابێت، حەماسی سووتاندنی ئاڵای کوردستان بەرهەم دەهێنێت؟**

چارەسەر بکەین، سەرۆك فێری کردین، هەتا ئیرادەی گەلی کوردستان زیندوو بێت و هۆکاری پێشکەوتنەکانی کوردستان بێت، کێشە و کەموکورتیەکانمان بەردەوام دەبێت، بۆیە ئەرك و بەرپرسیاریەتی هەر تاکێکی ئەم وڵاتەیە، بۆ ئێستا بۆ ئەم نەوەیە، بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت و، کێشەکانی ئەمڕۆ دەبێت نەوەکانی ئێستا چارەسەری بکەن، نابێت کێشەکانی خۆمان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بەجێ بهێڵین، ئەمەش جۆرێك لە ئەکتیڤی لە ناخی هەر تاکێکی کوردستاندا دروستکردووە،کە رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی بەجۆرێك دروستکردووە کە دەتوانین بڵێین بۆتە ئەو هێزە ئەفسوناوییەی رەسمی ئیرادەی گەلێکی خاوەن ئیرادە دەکات، ئەم ئیرادەیەش لەو راستیە رەنگیداوەتەوە، کاتێك هاوڵاتی دەچێتە سەر سندووقی دەنگدان هاندەرێك لە ناخەوە دەیجوولینێت، دەبێت دەنگ بە پێویستی ئەم قۆناخە، دەنگ بە زەرورەتی مسعود بارزانی بۆ تێپەراندنی ئەم قۆناخە بدرێت،کاتێك هاوڵاتی لەسەر سندوقی دەنگدان ئەم زەرورەتە دەیجوڵێنێت و دەنگ بە بارزانی دەدات، بێجگە لە دەنگی ویژدانی خۆی، گوێی لە هیچ دەنگێکی دیکە نییە، ئەمەیە دەبێتە بونیادنانەوەی کەسێتی تاك، (رەنگرێژکردنی وێنای مێژوویی بۆ پێشکەوتنی ئەقڵی تاکی کوردستان) بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازی ئەقڵانی دوور لە ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی ئەم حزب یان ئەو حزب یان ئەو لایەن، ئەمەیە مسعود بارزانی فێری کردووین، فرەرەنگی و فرەلایەنی و هەمەرەنگی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پێکەوە، بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی کوردستان وێنا دەکات،هێشتنەوەی ئەم چەپکە گوڵەی پێی دەگوترێت فرەیی نەتەوەیی وئایینی وسیاسیی کوردستان، هەمووکات پێویستی بە چەترێکە، ئەوە دەنگی ویژدانی هەر تاکێکی کوردستانە کە پێکەوە دەبێتە دەنگی رای گشتی گەلی کوردستان و بەرێز مەسعود بارزانی بەو چەترەی پارێزەری بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی کوردستان دەزانێت، ئەوە دەنگی

**لەکام کۆمەڵگەی دیموکراتی گۆڕان لە چاکسازی جیاوازە و مانای رووخانی وەردەگرێت؟**

ویژدانی گەلی کوردســـتانە، هێزێك دەداتە ئەو چەترە، بۆ ئەوەی لەبەردەم هەرەشـــەی داگیرکەران و ناحەزانی دیموکراسی و ئەقڵە دۆگما ئایدۆلۆژیەکانی ســـەدەی هەژدەو نۆزدە رابوەستێت و نەلە قێت و بەرژەوەندی نیشتمانی کوردستان بپارێزێت، ئەوانەی لەم (رەنگرێژکردنەی وێنای مێژووی ئیرادەی رای گشتی گەلی کوردســـتان دەترسن) دژی ئیرادەی گەلی خۆیان رادەوەستنەوە، وشەی داتاشراو، ئەو وشانەی رووی نەریتی دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردستانیان نییە، بۆ ئیرادەی گەلی خۆیان رادەوەستن، دژی ئەو دەســـتوورە دەبنـــەوە، وێنای مێژووی ئیـــرادەی کوردســـتانیەکان جارێکی دیکە لـــە مێـــژوودا رەنگرێژ دەکاتـــەوە، ئەوانە دژی ئـــەوەن چەتـــری بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردســـتان هێـــز و ئیرادەی گەلی کوردســـتانی لە پشـــتەوە نەبێت،لەریزی ئەرشـــەد زیباری و دڵـــدار رێبازی خۆیان پۆلین دەکـــەن و لە هەواڵەکانی KNNدا پێکەوە هەڵوێستی هاوبەشیان دەخوێنرێتەوە، ئەمە بوختان نییە، ئەمە ئێمە نیین ئەوان لە ریزی ئەرشەد زیباری و دڵدار زیباری ریز دەکەن، ئەوە خۆیانن، خۆڵ بەسەر خۆیاندا دەکەن و بـــۆ دژایەتی ئیرادەی گەلەکەی خۆیان دەچنە ســـەنگەری ئەرشەد زیباری و دڵدار زێبارییەوە.

## بارزانی بە لاوەکان دەڵێت نەهەماتیەکانی رابردووتان لەبیر بێت بۆ ئەوەی رێز لە دەستکەوتەکانی ئێستا و ئایندە بگرن

هەوڵـــدان بـــۆ لەبیر بردنـــەوەی رابردوو و سووککردنی رابردوو، هەوڵی ئەو ئایدۆلۆژیە دیماگۆکیـــەی گۆڕانـــە، کـــە دەیەوێت دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بێ بایەخ بکات، بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئیرادەی گەلی کوردستانی لە پشتەوە لابەرێت، بە ئاسانی بیرووخێنێـــت، ئەمە گەوهـــەری ئامانجە شـــاراوەکی لیســـتی گۆڕانە(کە بەداخەوە رووخانی کردۆتە ئامانـــج)، ئەم ئامانجە شـــاراوەیە (رووخان) کە ئێســـتا ئامانجی ئاشـــکرای لیســـتی گۆڕانەو، راشکاوانە و لەســـەر شاشـــەی تەلەفزیۆنەوە لەلایەن نەوشیروان مســـتەفاوە دەڵێت(ئەولەویەتی ئێســـتا گۆڕانە نەك چاکســـازی)، ئەمە گەورەترین بەڵگەیە پێمان دەڵێت،ئامانجی بێ بایەخکردنی مێژووی رابردووی خەباتی رزگاریخوازی کوردســـتان، چ پیلانێکی ترسناکی لەپشتەوەیە، هەڵماڵینی ئەم رووە ترسناکەی ئایدۆلۆژیەتی ستۆکی گۆڕان و ناشیرینکردنی وشەی گۆڕان بە داماڵینی مەفهومی چاکســـازی لەبەری و هەوڵدان بۆ بەبەردا کردنی چەمکی رووخان بەبەری گۆڕاندا،تەنهـــا لە پێنـــاوی ئەوەیە، ئەوان چی دەڵێن با بیڵێـــن ئازادن،بەڵام ئێمەش ئازادین راســـتیەکان و رووە شـــاراوەکانی ئامانجەکانـــی ئـــەوان وەك خۆیان بخەینە بەردەمی میللەتی خۆمان،ئەوان دەترسـن لە هەڵماڵینی ئەو راستیانە وەکو خۆی بۆ بەردەمی جەماوەر، لەبەر ئەوەی لەو راستیە بێ ئاگانین، کاتێك راســـتیەکان دەخرێنە بەردەم رای گشـــتی، رای گشتی لەسەر راستی دروست دەبێت، نەك دیماگۆکیەت و چەواشەکاری، ئەمە موناقەشە و یەکتری قبوڵکـــردن و گۆڕینـــەوەی بیروبۆچوون و ئازادی فیکر وبیروباوەرە، ئەمە شەرە تێڵاو شـــەڕە گەرەك و شـــەڕە پەڕۆ نییە، بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین، ئەم پرسیارانە بوروژێنین،بۆئەوەی گەلەکەمان رووبەرووی بەرپرسیاریەتی مێژوویان بکاتەوە، هەر بۆ نموونە:

١- ئایـــا دەزانن ئێمە لە چ کۆمەڵگەیەکدا دەژیـــن و ئامانجمـــان لە سیاســـەتکردن لـــەم کۆمەڵگەیـــە چییە؟ئەم پرســـیارە چەند ئاســـایی وســـادەیە، هێندە گرنگە هەموومـــان ئاراســـتەی یەکتری بکەین و وەڵامـــی جیاوازمان دەســـتبکەوێت، بۆیە ئەگەر ئێمـــە کۆمەڵگـــەی خۆمان وەك کۆمەڵگەیەکـــی دیموکراتـــی یان نیمچە دیموکراتیش بناســـێنین، دەبێت ئەوە بزانین هەندێـــك چەمك رێز ونەریتی کۆمەڵگەی دیموکراتی نە شێوێنیت، لەم چوارچیوەیەدا دەپرسین ئایا لەکام کۆمەڵگەی دیموکراتی گۆڕان لە چاکســـازی جیـــاوازە و مانای رووخانـــی وەردەگرێت؟ئەگەر کۆمەڵگەی کوردستانیش بە نادیموکراتی وەسف دەکەن و بەخەڵکی دەناسێن، ئەوا دەبێت شەرعیەتی حکومی عورفی هەبێت؟

٢- ئایا بێ رێزکردنی پیرۆزیەکان خزمەتی گەلـــی کوردســـتان دەکات، بەرادەیـــەك بگاتـــە ئەوەی، وەك بەرێز خاتوو ســـۆزان شـــەهاب وتەبێژی لیســـتی کوردستانی رایگەیاند،بەڵگەمـــان هەیـــە کێ ئاڵای کوردستانی ســـووتاندووە؟ ئایا سووتاندنی ئاڵای کوردستان، رەنگدانەوەی حەماسی لایەنگرانی لیســـتی گۆڕانە بۆ رووخان؟ ئـــەو ئایدۆلۆژیەتەی کە ئەم حەماســـەی دروستکردووە، ئاڵای کوردستان بسوتێنرێت، ئایا نابێتە جێگەی مەترســـی بۆ ئایندەی ئەم کوردستانە؟ چۆن ئایدۆلۆژیەتێك رێزی رابـــردوو و مێژووی نەتەوەکـــەی لابێت، حەماســـی ســـووتاندنی ئاڵای کوردستان بەرهـــەم دەهێنێـــت؟ بۆ ئەوانـــەی خۆیان شـــەرمەزاری مێژوو کردوو حەماسیان بەو ئاراستەیە دروســـتکرد ئاڵای کوردستانیان سووتاند دەڵێین: (ئەزانن چ کاتێك سامۆیل هنتگتۆن، پرســـیاری ئێمە کێین؟Who are We? ورووژاند؟ (ئەم پرســـیارە ناونیشـــانی دوایین کتێبـــی هنتگتۆنە)، لە وەڵامدا پێتان دەڵێین دوای کارەســـاتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، لێتان دەپرسین دەزانـــن بۆ ئەمەی پرســـیارەی ورووژاند؟ وەڵامی ئـــەم پرســـیارەش وەك هنتگتۆن دەڵێـــت، گەلی ئەمریکا گەیشـــتبووە ئەو ئاســـتەی رێزی ئاڵاکەی خۆی نەگرێت، بۆ ئەوەی کارەساتێکی دیکەی هاوشێوەی ١١ی سێپتەمبەر روونەداتەوە دەبێت گەلی ئەمریکا جارێکی دیکە لە دەوری ئاڵاکەی وەك گەلـــی ئەمریکا کۆبێتەوە،لە ئەمریکا هیچ ئایدۆلۆژیەتێك حەماســـی بەو ئاستە دروستنەکردبوو ئاڵای ئەمریکا بسووتێنن، ئینجا هنتگتۆن، ئەو پرسیارەی ورووژاند. کەچی ئێســـتا لە کوردستان ئەوەتا ئاڵای کوردســـتان دەســـووتێنرێت، چ پرسیارێك لـــە خۆمان بکەیـــن؟ ئایا ئێمـــە کێین و رووبەرووی کێ بووینەتەوە؟ ئایا کەســـێك ئـــاڵای کوردســـتان بســـووتێنیت، دەبێت چاوەڕێی چی لێ بکرێت؟دەبێت هەموومان ئەم پرسیارە لە ســـەرۆك بارزانی بکەین و لێی بپرســـین، ئـــەی بارزانی چی بکەین بۆئـــەوەی جارێکی دیکە کـــەس نەتوانێت ئاڵای کوردستان بسووتێنیت؟ چی بکەین بۆ ئـــەوەی رێگەنەدەین دەســـکەوتەکانمان سەیر بکرێت؟ دڵنیاین سەرۆك پێمان دەڵێت، بزانن گەلی کوردســـتان چی دەڵێت، گەل چی بریاریدا، من پێشمەرگەی گەلم.

گەلـــی کوردســـتان لە بیریەتـــی هەموو کات ســـەرۆك بارزانی گووتویەتی (ئەوەی رابردووی لەبەر چاو نەبێت ناتوانێت هەنگاو بۆ ئاینده هەڵبگرێت) گەلی کوردســـتان لە بیریەتی هەموو کات ســـەرۆك بارزانی

**هەموو کات سەرۆک بارزانی گووتویەتی(ئەوەی رابردووی لەبەر چاو نەبێت ناتوانێت هەنگاو بۆ ئاینده هەڵبگرێت)**

**سەرۆک بارزانی پێمان دەڵێت هەتا هێزی نەرم هەبێت(SOFT POWER) پەنا بۆ هێز و توندو تیژی مەبەن**

گوتوویەتی(دەبێت هەموومان بەرگری لەو ئالآیە بکەین) هەموو لەبیرمانە سەرۆك بارزانی پێمان دەڵێت هەتا هێزی نەرم هەبێت(SOFT POWER) پەنا بۆ هێز و توندو تیژی مەبەن، ئەمەش واتە دەبێت هەموومان بە هێزی نەرم، بە رووە جوانەکەی دیموکراتی هێزی دەنگمان، هێزی ویژدانمان بدەین بە بارزانی، بۆئەوەی، ئەویش بە هێزی دەستوور و سەروەری یاسا سنوور بۆ ئەو کارە دزێوانە دابنێت.

ئەمە لۆژیکی سەرۆك بارزانییە کە فێرمان دەکات، هەموو کات کیمیابارانی هەڵەبجەمان لەبەر چاو بێت، زامی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانمان لەبیر بێت، بۆئەوەی بزانین، دەستکەوتەکانی ئێستا بەبێ بایەخ سەیر نەکەین و رێگەش نەدەین کەس بەبێ بایەخ سەیریان بکات.

**بارزانی فێری کردین، لە خۆمان بپرسین، ئایا چ شتێك لە جیهاندا شکۆمان زیاتر دەکات؟**

لەگەڵ سەرکەوتنی راپەرین پەیامی بارزانی بۆ گەلی کوردستان ئەوەبوو(دەبێت بۆ جیهانی بسەلمێنین، کە کورد تەنها لەشەڕدا ئازا نییە، بەڵکو لە بونیادی دەوڵەتی قانوون و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیریش ئازایە) ئەم پەیامەی بارزانی، کۆتایی قۆناخێك و دەسپێکی قۆناخێکی تازەیە و پێمان دەڵێت، ئەگەر چەمکی ئازایەتی هەتا راپەرین بریتی بوبێت، لە بەشداریکردن لە شۆڕش و بەرگری و مقاوەمەت دژی داگیرکەران، ئەوا لە دوای راپەرینەوە، دەبێت چەمکی ئازایەتی بگۆڕێت، بۆ بونیادنانەوە و دیموکراسی و بونیادی دەوڵەتی قانوون و دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری.ئەم وەرچەرخانە، یان دروستکردنی ئەم دابڕانە لە نێوان دووقۆناخی مێژووی گرنگ، تاکی کورد لە بەشداری وەك پێشمەرگە لە شۆڕشی بەرگری، دەگۆڕێت بۆ بەشداری تاك وەك پێشمەرگە لە شۆڕشی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئەم دابڕانەی نێوان ئەو دوو قۆناخە مێژووییەی کە بارزانی دروستیکرد، مانایەکی دیکەی بۆ پیشاندانی چەمکی هێز لە هزری تاکی کورد دروستکرد، پێناسەی هێزی بە دوومانا بەڵام هەردووکیان پێویست بۆ دوو قۆناخی جیاواز کردەوە :



یەکەمیان/ بارزانی لە دوای راپەرین بە گەلی کوردستانی راگەیاند، لەمڕۆوە پێناسەی(هێز) وەك (هێزی تاکی کورد، هێز وەك ئیرادەی پێشمەرگە لەسەنگەری مقاوەمەتدا) دەگۆڕێت بۆ پێناسەی(هێز) وەك(هێزی تاك، ئیرادەی پێشمەرگە لە شۆڕشی بونیادنانەوەدا)

دووەم/ ئەمە مانای ئەوەیە، ئەگەر

ئەم دابڕانەی نێوان ئەو دوو قۆناخە مێژووییەی کە بارزانی دروستیکرد، مانایەکی دیکەی بۆ پیشاندانی چەمکی هێز لە هزری تاکی کورد دروستکرد، پێناسەی هێزی بە دوومانا بەڵام هەردووکیان پێویست بۆ دوو قۆناخی جیاواز کردەوە

دەبێت بە هێز بین بۆ ئەوەی بتوانین بەرێگەی دیموکراتی و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی گەل، دامەزراوە شەرعیەکانی کوردستان بونیاد بنێینەوە

دەبێت بەهێز بین بۆ ئەوەی جورئەت بکەین بە دەنگی بەرز بەو نەتەوە وئایینە جیاوازانەی لە کوردستان دەژین، بڵێین، ئیتر لە کوردستان، وشەی کەمینە بۆ نەتەوە وئایینە جیاوازەکان بەکارناهێنرێت و کوردستان وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینە. ئەم خاڵەی کە بارزانی بە بەهێزترین خاڵی دەزانێت، لەسەر ئاستی هەموو سەرکردە رۆژهەڵاتیەکان خاڵی لاوازی و بێ دەسەڵاتیە، تا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و رۆژهەڵاتی، نەیتوانیوە، بە لۆژیکە مامەڵە، لەگەڵ چەمکی هێز بکات

ئیرادەی پێشمەرگە لە سەنگەری مقاوەمەت بەوجۆرە خۆی پیشانی جیهان دابێت، بەوەی هیچ هێزێك نییە کورد ناچار بکات دەست لە مقاوەمەت و بەرخودان هەڵبگرێت، ئەوا لەمڕۆ بەدواوە ئیرادەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی بونیادنانەوە بەو جۆرە خۆی پیشانی جیهاندەدات، کە هیچ هێزێك نییە بتوانێت ئەم ئیرادەیە ناچار بکات واز لە دیموکراتی و دەوڵەتی قانوون بهێنێت، هیچ مومکین نییە جارێکی دیکە کورد رێگە بدات نەك هەرلە کوردستان بەڵکو لە عێراقیشدا دیکتاتۆریەت سەرهەڵبداتەوە.

سێهەم / دروستکردنی ئەم دابڕانە مێژووییە، یان جیاکردنەوەی چەمکی هێز وەك ئیرادەی پێشمەرگە لە قۆناخی بەرخودان و چەمکی هێز وەك ئیرادەی پێشمەرگە لە شۆرشی بونیادنانەوەدا، مانا و پێناسەیەکی تازەی بە (هێز)لە پیادەکردنی هێز لە کۆمەڵگەی کوردستان دروستکرد، هەر بۆنموونە:

أ- دەبێت بە هێز بین بۆ ئەوەی بتوانین بەرێگەی دیموکراتی و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی گەل، دامەزراوە شەرعیەکانی کوردستان بونیاد بنێینەوە.

ب- دەبێت بەهێز بین، بۆ ئەوەی هێزی خێر باڵادەست بێت بەسەر هێزی شەڕ لە عێراقدا، حکومەتی بەغدا لەوە تێبگات، کە ئایندەی عێراق لە ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی کورد وعەرەبدایە، هەر بۆیە لە ١٩٩٢/١٠/٤ پەرلەمانی کوردستان،(واتە کەمتر لە ماوەی ٤ مانگ لە دەستبەکاربوونی پەرلەمانی کوردستان) بریاری فیدراڵی پەسەندکرا.

ت- دەبێت بەهێز بین بۆ ئەوەی جورئەت بکەین بە دەنگی بەرز بەو نەتەوە وئایینە جیاوازانەی لە کوردستان دەژین، بڵێین، ئیتر لە کوردستان، وشەی کەمینە بۆ نەتەوە وئایینە جیاوازەکان بەکارناهێنرێت و کوردستان وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینە. ئەم خاڵەی کە بارزانی بە بەهێزترین خاڵی دەزانێت، لەسەر ئاستی هەموو سەرکردە رۆژهەڵاتیەکان خاڵی لاوازی و بێ دەسەڵاتیە، تا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و رۆژهەڵاتی، نەیتوانیوە، بە لۆژیکە مامەڵە، لەگەڵ چەمکی هێز بکات.

ث- دەبێت بەهێز بین، بۆ ئەوەی چۆن بە بردنەوەی دیموکراتیانە دڵخۆش دەبین، بە هەمان شێوە دۆڕاندنەکانی هەڵبژاردن نارەحەتمان نەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە بەهێزی و رەگداکوتانی دیموکراتی ئەو کاتە مانای دەبێت، کە رێز لە هەموو لایەنەکانی دیموکراتی و یەکتری قبوڵ کردن بگرین، بارزانی فێری کردین، ئیرادەی بە هێز ئەو ئیرادەیە، بتوانێت لە گەمەی دیموکراسیدا بەرگەی ناخۆشی و شکستەکان بگرێت، ئەوانەی دێنە ناو گەمە دیموکراسیەکە و بەرگەی ناخۆشی و شکستەکانی دیموکراتی ناگرن، ئەوە لە دیموکراسی هەڵدێن ولاواز وترسنۆکن، بۆیە ئاکامی هەڵبژاردن هەڵبژادن ئیرادەیان دەشکێنیت و هەڵدێن.

ج- دەبێت بەهێز بین، بۆ ئەوەی بەرگەی هێزی سەروەری یاسا بگرین،ئەوانەی رێز لە یاسا ناگرن و خۆیان لەسەروو یاساوە سەیر دەکەن، ئەو خەڵکە بێ هێز و ترسنۆکەن، کە لە رووناکیدا شەرمدەکەن خۆیان دەربخەن.، پێش ئەم جیاکردنەوەیەی چەمکی هێز لای بارزانی، لە کوردستان (هێز)، بەو مانایە پێناسە دەکرا، ئەو کەسە بەهێزە کە ملکەچی یاساکانی بەعس نەبێت، بەڵام بارزانی فێری کردین، ملکەچنەکردن بۆ داگیرکەران بە هێزی بوو، لەو قۆناخەی پێویستمان بەو هێزەبوو. بەڵام ئێستا ملکەچبوون بۆ ئەو یاسایەی کە ئیرادەی تاکی کوردستان دایڕشتووەو دەربڕی ئیرادەی خۆتانە،ئەوە بە هێزی یە، لەبەر ئەوەی ملکەچ بوونتان بۆیاساکانی پەرلەمانی کوردستان، واتە ئەو (هێز)ەی پارێزگاری لە کەرامەت و ئیرادەی هەر تاکێکی کوردستان دەکات.

ح- دەبێت بەهێز بین، بۆ ئەوەی بەو واقیعە رازی نەبین، کە داگیرکەران لە کوردستان بۆیان دروستکردووین و بۆیان بەجێهێشتووین، دەبێت هێزی ئێمە لە هێزی کاولکاری دوژمن و داگیرکەران بەهێزتربێت، بۆئەوەی ئاسەواری شەڕوکاولکاری لە کوردستان بسڕینەوە، دەبێت لەو هێزە بە هێز تربین، کە گوندەکانی راگواستین و لەگەڵ زەوی تەختی کردن، بۆ ئەوەی بتوانین گوندەکانمان ئاوەدان بکەینەوە.

خ- دەبێت بەهێز بین، بۆ ئەوەی ئەو کولتووورە داگیرکارییەی گەلی ئێمەی لە گەلێکی بەرهەمهێنەوە کردووە بە گەلێکی موستەهلیك بگۆڕین و لەریشەوە هەڵیبکێشین، بۆئەوەی ئیرادەی گەلە زیندووەکەمان جارێکی دیکە زیندوو بکەینەوە.

د- دەبێت بە هێز بین بۆ ئەوەی بەگژ ئەو رێژە بەرزەی نەخوێندەواریدا بچینەوە،کە هێزی داگیرکەر لە ئاکامی پیادەکردنی سیاسەتە دڕندەکانی لە کوردستان دروستی کردووە، بارزانی فێری کردین، چ دوژمنێك هێندەی نەخوێندەواری بە هێز و ترسناکە، بۆیە ئەگەر زۆر زۆر بە هێز نەبین، ئەو دوژمنەمان بۆ ناشکێت و لە کوردستان بۆمان دەرناکرێت.

ذ- دەبێت بەهێز بین،بۆ ئەوەی دەسەڵاتی گەلی کوردستان لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هێز تر بێت، دەبێت بە هێز بین بۆ ئەوەی لە حکومەتی خۆمان



، دەبێت هێزی ئێمە لە هێزی کاولکاری دوژمن و داگیرکەران بەهێزتربێت، بۆئەوەی ئاسەواری شەڕوکاولکاری لە کوردستان بسڕینەوە

گوڵان



بپرسینەوە، دەبێت بەهێز بین،بۆ ئەوەی حکومەت فەرمانبەری گەل بێت، نەك گەل فەرمانبەری حکومەت بێت، دەبێت بە هێز بین، بۆئەوەی بتوانین بە ئاشتی و بێ خوێن رشتن، حکومەت بگۆڕین.

ر- بۆ ئەوەی رۆژ لە دوای رۆژ بە هێز تربین، دەبێت بەردەوام لاوان داینەمۆی ئەو هێزە بن، ساڵ لە دوای ساڵ، هێزی ئێستا بە هێزی لاوانی تازە پێگەیشتوو متوربە بکرێت، لاوان لە بەرپرسیاریەتی بێ بەش نەکەین، بۆ ئەوەی ئەرکە مێژووییەکەی ئەم قۆناخە، بۆ نەوەکانی داهاتوو بە جێ نەهێڵین، ئازایەتی ئەوەیە، هەر نەوەیەك، بە پەرێزی پاکەوە قۆناخەکەی خۆی تەسلیمی نەوەکانی دوای خۆی بکات، ئازایەتی ئەوەیە، هەر نەوەیەك کێشەکانی قۆناخی خۆی لە ئەستۆ بگرێت، نەوەکانی ئایندە بە دوای کێشەکانی خۆیان بگەڕێن، بەرپرسیاریان بکەین،لە رابردوو تێبگەن بۆ ئەوەی بریار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن.

ز- بۆ ئەوەی بە هێز تربین، نابێت تەنها پشت بە نیوەی کۆمەڵ ببەستین و نیوەکەی دیکە بەندەی و خزمەتکاری نیوەکەی دیکە بێت، ئەمەش واتە نابێت چەمکی پیاو سالاری لە کۆمەڵگەدا باڵادەست بێت، مەترسی چەمکی پیاو سالاری هاوتای مەترسی نەخوێندەواریە، چۆن ئەگەر بەهێز نەبین ناتوانین نەخوێندەواری قەڵاچۆ بکەین، ئەگەر بەهێزتر نەبین، ناتوانین چەمکی پیاو سالاری بگۆڕین بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون و یەکسانی نێوان ژن وپیاو، ئێمە ئەگەر بەهێز نەبین ناتوانین، دەرگای ئەقڵەداخراوەکان بشکێنین و ژن وئافرەت لە کۆت وبەندی ٤ دیوار رزگار بکەین.

س- دەبێت بەهێز بین، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێت، کەشوهەوای فەراهەمکراو بۆ رێکخستنی ئازادیەکان، دژی ئازادی بەکاربهێنیت، کەس نەتوانێت دەسەڵات و پلە وپایە بۆ مەبەست و بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنیت و گەندەڵی دروستبکات.

لەدوای ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن،ئایا ئەو کەموکورتیانەی پێویستسان بەوەیە بە هێز بین بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەین، ئایا تاکەی پێویستیان بە هێز دەبێت؟ لەوەڵامی هەموو ئەو پرسیارنە دەڵێین، هەتا هێزی سەروەری یاسا لە ژێر چەتری ئەو هێزەی بە بارزانی دەدەین، دەبێتە بەشێك لە

**بارزانی فێری کردین، ئیرادەی بە هێز ئەو ئیرادەیە، بتوانێت لە گەمەی دیموکراسیدا بەرگەی ناخۆشی و شکستەکان بگرێت، ئەوانەی دێنە ناو گەمە دیموکراسیەکە و بەرگەی ناخۆشی و شکستەکانی دیموکراتی ناگرن، ئەوە لە دیموکراسی هەڵدێن**

**دەبێت بەهێز بین، بۆ ئەوەی بەرگەی هێزی سەروەری یاسا بگرین،ئەوانەی رێز لە یاسا ناگرن و خۆیان لەسەروو یاساوە سەیر دەکەن، ئەو خەڵکە بێ هێز و ترسنۆکەن، کە لە رووناکیدا شەرمەدەکەن خۆیان دەربخەن**

کۆمەڵگەی ئێمە و شوێنەواری ئەو هەموو شوێنەوارە کاولکاریانەی لە ناو ناخی تاك و کۆمەڵگەی ئێمە، وەك کاولکاری کوردستان رەنگیداوەتەوە، شوێنەواری دەسرێتەوە ونامێنیت، بۆیە دەبێت دەنگی خۆمان بدەین بە مسعود بارزانی بۆ ئەوەی بە بەهێزەوە ئەو ئەرکانەی دیکەش تەواو بکەین کە پێویستیان بەو هێزەیە مسعود بارزانی لەدوای راپەرینەوە فێری کردین بە بەهێزی خۆمان پیشانی جیهان بدەین.

> **ئازایەتی ئەوەیە، هەر نەوەیەک کێشەکانی قۆناخی خۆی لە ئەستۆ بگرێت، نەوەکانی ئایندە بە دوای کێشەکانی خۆیان بگەڕێن**


## بونیادی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، نەك چاودێری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی چالاك و بەرپرسیار دروست دەکات

کۆپیکردنەوە یان لاساییکردنەوە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە کارێکی خۆکوژیە، ئەمە بەو مانایە نییە، نابێت سوود لە ئەزموون و سەرکەوتنەکانی گەلانی هاوشێوەی خۆمان وەربگرین، بەڵام وەك پرۆفیسۆر لاری دایمۆند(راوێژکاری پۆل بریمەر لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراقدا) لە دیمانەیەکدا سەبارەت بە سەرکەوتنی ئەمریکا لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ژاپۆن و شکستی لە هەمان پرۆسە لە عێراقدا، بەگوڵانی راگەیاند:(گرنگترین هۆکار کە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا لەپرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقدا شکست بهێنێت،ئەوەبوو، هەوڵیدا پرۆسەی بونیادنانەوەی ژاپۆن لە عێراقدا کۆپی بکاتەوە)، دایمۆند پێی وابوو، ئەمریکا دەیتوانی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی ژاپۆن لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بکاتە هاندەرێك بۆ عێراقیەکان، بەڵام نەدەبوو هەوڵبدات هەمان سیناریۆ کۆپی بکاتەوە، ئەمە پێمان دەڵێت، لە هیچ سەردەم و شوێنێکدا مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو ئێستا و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی قۆناخەکە و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی وڵات و گەل، پێویستی بە هێزێکە مێژوویەکی نوێ بنووسێتەوە، پێویستی بە بیرێکە کتێبێکی نوێ دابنێت بۆ نەتەوەکەی خۆی بۆ ئەوەی ئایندەی لەسەر بونیاد بنێت، لی کوان گوتەنی(کاتێك دەست بە بونیادنانەوە دەکەیت، کتێبێك نییە،فێرت بکات چۆن ئەم وڵاتە بونیاد دەنرێتەوە) بۆیە کتێبی بونیادنانەوەی سەنگافورا لە کتێبی بونیادنانەوەی هیچ وڵاتیك ناچێت، لی کوان دەڵێت: (من سەیری ئەزموونی (هۆنکۆنگ)م، دەکرد، بە ئەزموونێکی سەرکەوتووم دەزانی کاتێك باجی بەرزدەکردەوە، کاتێك بایەخی بە هەستی ئینتمای هاوڵاتیانی نەدەدا،بەڵام بیرمەندکردەوە، ئەوەی حکومەتی هۆنگ کۆنگ دەتوانێت بیکات بەمن ناکرێت و بۆ منیش سەرناگرێت، لەبەر ئەوەی هەر ٥ ساڵ جارێك حکومەتی هۆنکۆنگ رووبەرووی هەڵبژاردن نابێتەوە) هەروەها دەڵێت :(من ئەزموونی دەوڵەتانی ئەسکەندناڤیم پێ باش بوو، کە باوەڕیان بە سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی و سۆشیالە، بەڵام نەمدەتوانی ئەمەش پیادە بکەم، لەبەر ئەوەی وڵاتی من لە قۆناخی هەستانەوە و بونیادنانەوەدا بوو،بۆیە لاساییکردنەوەی سیستەمی دەوڵەتانی ئەسکەندناڤی دەبووە هۆکاری تەمبەڵکردنی گەلەکەم وخاوکردنەوەی رەوتی ئەو پەرەپێدانەی بە خێرایی دەستمان پێکردبوو، ئێمەش پێویستمان بە ئەکتیڤی کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگە هەبوو. بۆیە بیرمانکردەوە ئەو سیستەمە پیادەبکەین کە لەگەڵ وڵاتی خۆمان دەگونجێت و جێگەی تایبەتمەندیەکانی ئێمەی تیادەبێتەوە) ئەم سیستەمە لی کوان ناوی ناوە (پیادەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەك چاودێری کۆمەڵایەتی) ئەم سیستەمە وەك فەرید زەکەریا ئاماژەی پێکردووە بە پاڵپشتی هێزێکی نەرم بەرێوە چووە، بەڵام لە هەموو قۆناخەکانیشدا نەرم نەبووە.

باسکردنی ئەم ئەزموونەی لی کوان، بۆ کۆپیکردنەوەی ئەزموونی سەنگافورا نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە خۆمان لەو بیرە نەخۆشانە رزگار بکەین، کە دەیانەوێت ئەو مێژووەی تەسلیمی نەوەی ئاییندەی دەکەین، مێژوویەکی وەرگێردراوی گەلێکی دیکە بێت نەك مێژووی گەلی کوردستان،ئەمە بۆ ئەوەیە خۆمان زیاتر لە تایبەتمەندی وڵاتی خۆمان نزیکبکەینەوە، هاریکاری مسعود بارزانی بین، بۆ ئەوەی بەدوای کێشەکانی خۆمان بکەوین و بیاندۆزینەوە و بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان، ئیرادەی گەلی خۆمانی تێدا تەوزیف بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە مێژوویەکی نوێ بنووسینەوە، بتوانین کتێبی ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی کوردستان و بونیادی دیموکراسی بنووسینەوە.

> **ئەگەر بەهێز نەبین ناتوانین، دەرگای ئەقڵەداخراوەکان بشکێنین و ژن وئافرەت لە کۆت وبەندی ٤ دیوار رزگار بکەین**

ئێمە لەم قۆناخە ئەگەر بمانەوێت لاسایی هەر ئەزموون و دەوڵەتێك بکەینەوە، تەنها لایەنێکی پرۆسەکەمان بۆ تەواو دەکرێت و دەبێت لایەکی بکەین بە قوربانی ئەوی دیکەیان، هەر بۆ نموونە ئەگەر لاسایی سەنگافورا بکەینەوە، دەبێت لەسەر حسابی دیموکراتی و ئازادی، پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە پێشبخەین، ئەگەر لاسایی دەوڵەتانی ئەسکەندناڤیش بکەینەوە، دەبێت لەسەر حسابی پەرەپێدان وبونیادنانەوە،بایەخ بە چاودێری کۆمەڵایەتی کۆمەڵایەتی بدەین نەك دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەم حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد وئەکتیڤ بونیاد بنێین، تەمبەڵخانەیەکی گەورە دروست بکەین، ئەم دوو حاڵەتە کە دەکرێت،وەك دوو لایەنی جیاوازی بونیادی سەروەری یاسا و دیموکراسی سەیری بکەین، هەردوکیان دوو ئەزموونی سەرکەوتوون بۆ دوو وڵاتی جیاواز، بەڵام هیچیان ئەو خۆزگە و ئاواتانەی بەتەواوەتی تیا نابینینەوە کە بەرێز مسعود بارزانی بۆ ئایندەی گەلی کوردستان هەوڵی بۆ دەدا، ئەویش بونیادی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئەکتیڤە، پرسیاری دیکە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی ئازاد و ئەکتیڤ پێکەوە بونیاد دەنرێت، لە کاتێکدا،ئەم ئەرکە بۆ پڵنەگەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا کارێکی ئاسان نەبووە، لە وەڵامدا دەڵێین، ئەرکەکانی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی،لەگەڵ ئەرکەکانی بونیادنانەوە لە دوای رووخانی دیواری بەرلین، گۆڕاوە، واتە ئێستا ئەگەر رژێمی بەعس لە بەغدا فەرمانڕەوا بوایە ئێمەش نەماندەتوانی ئەم پرۆسەیە دەست پێبکەین، ئەگەر وەك سەردەمانی شەڕی سارد سەروەریی دەوڵەت هێندە پیرۆز بوایە، گەلێك سەرکوتبکرێت و جیهان نەیەتە دەنگ، دیسان بۆ ئێمەش ئاسان نەبوو،بەڵام ئێستا جیهان دژی سیاسەتی شەڕی ساردە و پشتگیری پرۆسە و ئەزموونی دیموکراتی و حکومڕانی باش و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی و جیهانی یە.



ئەمانە لە کوردستان بوونیان هەیە، بۆیە جیهان پشتگیری هەوڵەکانی مسعود بارزانی دەکات،مسعود بارزانی لەم پرۆسە گرنگە جەخت لەسەر دوو مەسەلەی گرنگ دەکاتەوە:

١- ئینتمای تاك بۆ خاکەکەی.

٢- پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی سەروەری یاسا.

ئەم دوو فاکتەرە لەگەڵ ئەوەی لەماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی و لە ماوەی یەککگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جدی لەسەر کراوە و توانراوە بە بەراورد لە گەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق، ڕێژەی هەژاری بەرێژەیەکی مەزنندە نەکراو دابەزیوە، لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان نەیتوانیوە، هەنگاو لە دەوڵەتی جیهانی سێهەمەوە بۆ دەوڵەتانی جیهانی یەکەم یان باکوور هەڵبگرێت، بەڵام لەسەر ئاستی ناوچەکە و دەوروبەر لە ریزبەندی پێشەوەیەو ئەگەر ئێستا هەرێمی کوردستان هاوشانی تورکیا کاندیدی یەکێتی ئەورپا بوایە، بە ١٠ ساڵ پێش تورکیا کوردستان دەبووە ئەندامی یەکێتی ئەورپا، ئەمەی کە دەیڵێین بەتەنها هەر قسە نییە و هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرێك بۆی هەیە ئەم بۆ چوونە بە موناقەشەی زانستی پێچەوانە بکاتەوە، نەك بە قسەی بێ بەڵگە و بێ بنەما، ئەم بەراوردکاریە بە زمانی داتا و زانیاری سەردەم دەکرێت، نەك بە ئایدۆلۆژیەتی ستۆکی سەدەکانی هەژدەو نۆزدە، ئەم بەراوردکاریە بەو ئایدۆلۆژیەتە موناقەشە ناکرێت، کە هێشتا جیهان بەو چاویلکەیە دەبینێت،کە بە پیشەسازیکردنی وڵات و خێراکردنی ڕەوتی پەرەپێدان جەهەنەم دروست دەکات، یان ئەو ئایدۆلۆژیەتەی حزبە ئیسلامیەکان لە کوردستان بە ناوی سەیر سەیر وەك گۆڕانکاری و چاکسازی بڵاویدەکەنەوە،کە پێیان وایە ئازادی کۆمەڵگە دەگێڕیتەوە بۆ دواوە، پێشکەوتن لە صعێدی میسر و ئەشکەوتەکانی تورا بۆراوە دەست پێدەکات.

ئەمەیە ئەو جیاوازیانەی لە ئاکامی دەنگدانمان بۆ مسعود بارزانی لە کوردستان هەنگاوەکانی خۆی تەواو دەکات، ئەمەیە درێژە بەو بیرکردنەوەیەی مسعود بارزانی دەدات، هێزمان لە جیاوازی بیروبۆچوون و فرەیی نەتەوە و ئایینی کۆمەڵگاکەماندا ڕەنگدەداتەوە، بە هێزیمان لە یەکتری قبوڵکردن و دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەمان ڕەنگدەداتەوە، نەك ئاڵای کوردستانیش بسووتێنین، لەبەر ئەوەی بەدەستی لایەنگیرێکی لیستی کوردستانیەوە، دەبێت هەموومان دەنگ بۆ بارزانی بدەین، بۆ ئەوەی بارزانی هێزی هەموومانی هەبێت، بۆ ئەوەی فرەرەنگی کۆمەڵگە، یەکتری قبوڵکردن، دیموکراسی و بونیادنانەوە، کۆمەڵگەی ئەکتیف و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ژێر ئاڵای کوردستان بەردەوامی هەبێت، نەك ئاڵای کوردستان بسوتێنرێت، هەموو دەستکەوتەکانی رابردوو ئێستا بێ بایەخ و بێ نرخ سەیر بکرێت.

**هاریکاری مسعود بارزانی بین، بۆ ئەوەی بەدوای کێشەکانی خۆمان بکەوین و بیاندۆزینەوە و بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان، ئیرادەی گەلی خۆمانی تێدا تەوزیف بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە مێژوویەکی نوێ بنووسینەوە**

**چۆن کۆمەڵگەی ئازاد و ئەکتیڤ پێکەوە بونیاد دەنرێت، لە کاتێکدا، ئەم ئەرکە بۆ پلێنەگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کارێکی ئاسان نەبووە**



**پرۆفیسۆر گریگۆری رۆلف ئوستادی مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی پاسـفیك و پسـپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی هاوچەرخی چین، بۆ قسـەکردن لەسەر ئەزمونی بونیادنانەوە لەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسـیا و رۆڵی سـەرۆکەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئەو سەرکەوتنانە، پرۆ فیسۆر رۆلف بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## پرۆفیسۆر گریگۆری رۆلف بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی تایوان و سەنگافورە بۆ بوونی دوو سەرۆکی بەهێز چەن چای چیک و لی کوان دەگەڕێتەوە

*** ئێوە پسـپۆرن لەسـەر مێـژووی هاوچەرخی چین، ئەگەر سـەرەتا باسی چیـن بکەین، ئایا سـەرکردەکانی چین لەمێژووی هاوچەرخدا کاریگەریان لەسەر چارەنووسی ئەم وڵاتە چی بووە؟**

- مـن دیراسـەتم لەسـەر مێـژووی هاوچەرخـی چیـن کـردووە، دەتوانم بەپێی ئـەو لێکۆڵینەوانـەم بڵێم بوونی سەرکردەیەکی کاریزمای بەهێز گرنگە، لەمێژووی هاوچەرخی چیندا ماوتسـێ تۆنـگ ئەم ڕۆڵەی بنینیوە، ئەگەرچی مێژوو باسـی چەندین هەڵە دەکات کە لەلایەن ئەم سەرکردەیەوە لەکاتی پرۆسەی بنیاتنانـی چینـی هاوچەرخـدا کرا، بەڵام بەشـێوەیەکی گشتی بەشداریەکی ئیجابی کـرد. لە هەمـان کاتدا دەبێت دامەزروگەلێکی حکومـی و دەوڵەتی بەهێزیـش هەبێت، بۆ ئەوەی سـنورێك بۆ دەسـەڵاتی سـەرکردەیەکی وەك ماو دابنێیـن، واتە ڕاسـتە ئەم پرۆسـەیە پێویست بە سـەرکردەیەکی بەهێزی وەك مـاو دەکات، بـەڵام دەبێت لـە هەمان کاتـدا دامەزراوەگەلێکـی بەهێزیش لە ئارادابێت.

*** ئەم پرۆسەیە ویڕای ئەوەی پرۆسەیەکی هەسـتارە، بـە قۆناخێکی ناسکیشـدا تێدەپەڕێـت، ئایا تاچەنـد ڕووبەڕووی سەختی و دژواری دەبێتەوە؟**

- لەڕاستیدا ئەمە پرۆسەیەکی هەستیارە، لەبەرئەوەی دروسـتکردنی هەسـتێکی نەتەوەیـی لەنێو خەڵکانێکدا کە پێشـتر ئەم هەسـتەیان نەبووە ئەرکێکی قورسە، بـەو پێیە ئـەم پرۆسـەیە ڕووبەڕووی دژواری دەبێتەوە و زۆرجار سـەرکەوتنی ئەم پرۆسـەیە ئیستیسـنایە نەك ڕێسا گشتیەکە. مێژووی سەدەی بیست ئەوە دەخاتـەڕوو بوونی سـەرکردە بەهێزەکان گرنگـی خۆان هەیە و بگـرە بوونێکی بنەڕەتیشـن، بۆ نموونە ئەو ڕۆڵەی ماو لە چیندا بینی، هەروەها سـەرکردەیەکی وەك «هۆشی من» ڕۆڵێکی هاوشێوە یان گرنگتری بینی لە وڵاتی ڤێتنامدا.

*** ئایا هەموو کات پرۆسـەی بونیادی نەتـەوە پیویسـتی بەسـەرکردەیەکی کاریزمی هەیە؟**

- لـە حاڵەتـی یاباندا سـەرکردەیەکی دیـاری کاریزمای لەو وڵاتـەدا بەدی ناکەین کە ئەم ڕۆڵە گرنگەی بینیبێت، بۆ نموونە نە ئیمپراتۆری ئەو وڵاتە و نە سیاسەتمەدارانی وڵاتەکە کەسایەتیەکی کاریزماییـان نەبـوو، بەڵکـو ئەوەی ڕۆڵێکـی گرنگی بینـی دامەزراوەکان بوون لـەو وڵاتـەدا، بە هەمان شـێوە کۆریای باشـوریش دامەزراوەکان ڕۆڵیان بینی بە تایبەتی دامەزراوەی سەربازی. لە حاڵەتی سـەنگافورەدا سەرکردەیەکی بەهێز هەبوو وەك «لی کوان یو»، بەڵام سـەرکەوتنی حکومڕانیەکەی بۆ بوونی سیستمێکی پارتایەتی بەهێز دەگەڕێتەوە، مەبەسـتم لەو پارتەیە کە سەرکردایەتی دەکات، کەواتە بەڵگەکان هەم ئاماژە بە ڕۆڵی سەرکردە کاریزماکان و هەم ئاماژە بە ڕۆڵی دامەزراوەکان دەکەن، بۆ نموونە لە تایوان «چەین تایی شێك» ئەو ڕۆڵە گرنگەی بینیوە، بەڵام ئەم سەرکردەیەش لە لایەن پارتێکی سیاسـیەوە پشتگیری دامەزراوەیی بۆ دابین دەکرێت.

*** ئەی دەسـبارەت بە کۆریای باکور ئایا چۆن سەیری کۆریای باکور دەکەیت؟**

- کۆریـای باکوور تـا ڕاددەیەکی زۆر بەهـۆی ڕەفتـاری تاکە سـەرکردەی وڵاتەکە و بە هۆی پارتە سیاسـیەکەی و ئایدۆلۆژیا سیاسـیەکەیەوە دووچاری ئیفلیج بوون بۆتـەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر حوکمێك یان تێڕوانینێکی گشتی لەسەر سـەدەی بیسـت گەڵاڵەبکەیـن، ئەوا دەڵێـن بوونی پەرەپێدانـی دامەزراوەکان کاریگـەری و گرنگیەکـی زیاتـری دەبێت لە مەودای دووردا بۆ پرۆسـەی بنیاتنانی نەتـەوە، دامەزراوەکانی وەك دادگا سـەربەخۆکان، هەروەهـا بوونی دەزگاگەلێکی ڕاگەیاندنی پیشەوەر.

*** هەمیشـە لە وڵاتانی دوای شـەڕدا هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی سـەختە، ئەویـش بنیاتنانی نەتەوە و سـەروەری یاسـایە، ئایا چـۆن دەتوانیـن کار بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان و چەسـپاندنی**

**سەرووەری یاسابکەین لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا؟**

- ئەوە ئەرکێکی تا دوا ڕادە قورسە، بۆ نموونە لە وڵاتی چیندا هەرچەندە توانراوە هەستی نەتەوەیی و ئایدلۆجیای نەتەوەی دروست بکرێت، بەڵام هێشتا کار لە سەر ئەرکە قورسەکە دەکرێت، ئەویش بنیاتنانی دامەزراوەگەلێکی بەهێزی سەربەخۆیە، وەك هێزی پۆلیسی سەربەخۆی، دادگای سەربەخۆ و ڕاگەیاندنی سەربەخۆ، ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و کاری بەردەوام و ڕۆژانەی دەوێت، پێویستی بە بوونی کارمەندی هۆشیار و سەپاندنی سزا هەیە بەسەر ئەو کەسانەی یاسا و ڕێساکان پێشێل دەکەن.

*** هەر نەتەوەیەك بەڕێگا و شێوازێکی جیاواز سەرکەوتنی بەدیهێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وەربگرین لەم بوارەدا؟**

- هەموو پرۆسەیەکی بنیاتنانی نەتەوەیی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە لە چیندا لەبەر ئەوەی مێژوویەکی دوور و درێژی دەوڵەت و نەتەوە بوونی هەیە، هەر لە پادشایایەتییەوە تاوەکو ئیمپراتۆریەت، ئەوا ئەمە بۆتە پاڵپشتێك بۆ بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەتی هاوچەرخی چینی، لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەك عێراقدا هەرچەندە مێژویەکی دووردرێژی هەیە، بەڵام مێژویەکی درێژخایەنی دەوڵەت و نەتەوەی نیە، ئەوا پرۆسەکە کاتێکی زیاتر و زۆرتر دەخایەنێت.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك سەرکەوتن لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا هۆکارێکە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و حکومڕانێتی باش؟**

- دووبارە ئەگەر بۆ ئەزموونی وڵاتی چین بگەڕێینەوە، ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە کۆمۆنیستەکان لەدوای ساڵی ١٩٤٩ەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان بۆ دروستکردن و خوڵقاندنی ناسنامەیەکی نەتەوە بەکارهێنا و لەم ڕووەوە ڕێگایان بە ڕاگەیاندنی ئازاد نەدا و ئەمەش لە مەودای کورتدا لە بەرژەوەندی ئەوان شکایەوە، واتە ڕاگەیاندن لەلایەن پارتی سیاسییەوە یان حکومەتەوە کۆنترۆڵکرابوو، بەڵام من پێم وایە دەبێت لەم پرۆسەیەدا ڕاگەیاندن ئازاد بێت و پەیامی خۆی بە هەموو خەڵکانێك بگەیەنێت، جا ئەو خەڵکانە لە ماڵەکانی خۆیاندا بن، یان لە شوێنی کار یاخو لەسەر جادەکان بن. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت دامەزراوەکانی حکومەتیش بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن و پەیامی ڕاگەیاندنەکان لەبەرچاوبگرن و هەڵبستن بە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بەهۆی بەهێزکردنی دەزگای پۆلیسەوە، هەڵبستن بە دابینکردنی دارای بۆ بواری پەروەردە و خوێندن، لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و بنیاتنانی ڕێگاوبانەکان، هەروەها بنیاتنانی دادگای سەربەخۆ، واتە دەبێت هەمو ئەم دەزگایانە پێکەوە کار بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بکەن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- خەڵکی ئەمەریکا چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات و هیواخوازە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك باشتربێت و بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو بنێن.

**بوونی سەرکردەیەکی کاریزمای بەهێز گرنگە، لەمێژووی هاوچەرخی چیندا ماوتسی تۆنگ ئەم ڕۆڵەی بنینیوە**

**لە حاڵەتی یاباندا سەرکردەیەکی دیاری کاریزمای لەو وڵاتەدا بەدی ناکەین کە ئەم ڕۆڵە گرنگەی بینیبێت، بۆ نموونە نە ئیمپراتۆری ئەو وڵاتە و نە سیاسەتمەدارانی وڵاتەکە کەسایەتیەکی کاریزمایان نەبوو، بەڵکو ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگی بینی دامەزراوەکان بوون لەو وڵاتەدا**





**پرۆفیسۆر کۆمار سروش، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی دەلهی لەهیندستان و پسپۆر و تایبەتەمند لەسەر بونیادی دەوڵەتی فیدراڵی و ناسنامەی نەتەوە لەدەوڵەتی فرەنەتەوەدا، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی بونیادی نەتەوە و رۆڵی سەرۆك لەم پرۆسەیەدا، پرۆفیسۆر کۆمار بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

### پرۆفیسۆر کۆمار سروش بۆ گوڵان:

# لەقۆناخی ئینتقالیدا
# رۆڵی سەرکردەی بەهێز دەبێتە بەشێک لەژیانی خەڵک

*** ئایا تا چ رِاددەیەك سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە پێویستی بەبوونی سەرکردەیەکی بەهێز دەکات؟**

- بەدڵنیاییەوە هەروەك ئێوەش ئاماژەی پێدەکەن ئەمە پرۆسەیە و بنیاتنان لەخۆدەگرێت و ئەگەر ئەو سەرکردانەی هەڵدەستن بە بەڕێوبردن و ئاڕاستەکردنی پرۆسەکە خاوەنی تێڕوانین و ڕوئیایەکی ڕوون بن، ئەوا دەتوانن بە ئاقارێکی ڕاست و دروستیدا ببەن، کەواتە لەم ڕووەوە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن، بەڵام بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە وێرای ڕۆڵی ئەم سەرکردانە و دەبێت ئیعتیباراتی دیکەچ لەبەرچاوبگیرێت.

*** بۆچی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە قۆناخێکی ئەوەندە هەستیارە کە دەبێت نەتەوەکان پێیدا تێپەڕن؟**

- بێگومان زۆرێك لەپرۆسەکانی بنیاتنانی نەتەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دووچاری دژواری و ڕووبەڕووی سەختی بوونەوە، لێرەدا من دەمەوێت جەخت لەسەر لایەنێك بکەمەوە لەم پرۆسەیەدا، ئەویش چۆنیەتی ڕاگرتن و پاراستنی هاوسەنگیە لە نێوان لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتدا، بە واتایەکی دیکە چۆن بتوانین لە چوارچێوەی یەکێتی وڵاتەکەدا فرەیی و هەمەڕەنگی بپارێزین، واتە پێکەوەگونجاندێك لەنێوان یەکێتی و فرەییدا بێنینە ئاراوە، کە من پێموایە هیندستان لەدوای سەربەخۆبوونییەوە تا راددەیەك سەرکەوتنی لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بەدەستهێناوە.

*** نەتەوە چالاکەکان بەهۆی سەرکردەکانیان دەناسرێنەوە بۆ نموونە کاتێك باسی فەڕەنسا دەکەین ڕاستەوخۆ دیگۆلمان دێتەوەیاد، بۆ ئەفریقیای باشوور، نیلسۆن ماندێلا و بۆ هیندستان مەهاتما گاندی، ئایا ڕۆڵی سەرکردە کاریزماکان چییە لە قۆناخە هەستیارەکانی نەتەوەکانیاندا؟**

- گومانی تێدانییە ئەو سەرکردانەی ئاماژەت پێکردن سەرکردەگەلێکی کاریزمایی بوون و توانیان هەڵبستن بەهاندان و سازدانی خەڵکی وڵاتەکەیان، بەڵام من پێموایە دەبێت ئەم سەرکردانە ڕۆڵ ببنین لەگواستنەوەی یاخود لە بڕینی قۆناخی ئینتیقالی بە سەرکەوتوویی و هەروەها دەبێت ببنە بەشێك لەژیانی خەڵك.

***ئێمە ئەزمونی وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتمان لەبەرچاوە کە توانیان وەك وڵاتی دوای شەڕ لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، وەك کۆریای باشوور، تایوان، سەنگافورە و یابان، ئایا ڕۆڵی سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە چی بوو لەسەرکەوتنی پرۆسەکەدا؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەدروستکردنی ئەو هەلومەرجەی لەم وڵاتانەدا هاتنەئاراوە، بە تایبەتی لە بواری پەرەپێدانی ئابووریدا، هەرچەندە دواتر دووچاری دژواری و قەیرانی ئابووری بوونەوە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم نابێت تەنها مۆدیلێك بگرینەبەر و کات و هەلومەرجەکە لەبەرچاونەگرین، بەواتایەکی دیکە دەبێت بەتێپەڕبوونی کات خۆمان لەگەڵ گۆڕانەکاندا بگونجێنن.

*** سروشتی هەر نەتەوەیەك جیاوازە، هەروەها نەتەوە هەیە وولاتی نیە و نەتەوەش هەیە بەسەر دو وڵاتدا دابەش بووە، وەك کۆریا، کە کۆریای باشور و کۆریای باکوور لە ئارادان، ئەوەش زانراوە کۆریای باشوور زۆر پێشکەوتوترە لە کۆریای باکور، هۆکاری ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمانە دەرئەنجامی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەن لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، هۆکاری ئەم جیاوازیە بۆ دوو مەسەلە دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە بنیاتنانی نەتەوە گرێدرایەوە بەدروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە، بۆ نموونە ئەمە دابەشبوونی نیمچە کیشوەری هیندی لێکەوتەوە بۆ هیندستان، پاکستان و بەنگلادیش، مەسەلەی دووەم پەیوەستە بەگرتنەبەری ئەو مۆدێلەی خوازیاری ئەوەیت بەهۆیەوە گەشەپێدانی ئابووری بەدی بهێنێت، بەچەشنی ئەوەی لەحاڵەتی هەردوو کۆریادا بەدیدەکەین کە ئاشکرایە هەر وڵاتێك مۆدیلێکی



هیندستان لەدوای سەربەخۆبوونییەوە تا رادەیەک سەرکەوتنی لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بەدەستهێناوە

جیاوازی گرتۆتەبەر.

*** هەندێ لە شارەزایان باس لەوە دەکەن کە هەر پرۆسەیەکی بنیاتنانی نەتەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لێکچونیان لە نێواندا نیە، بەڵام هەر نەتەوەیەك بەڕێگا و شێوازێکی جیاواز سەرکەوتنی بەدی هێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سوود لە ئەزمونە سەرکەوتوەکانی وەربگرین لەم بوارەدا؟**

- گرنگترین مەسەلە لێرەدا ئەوەیە ڕێز لە جیاوازی و فرەیی ناو کۆمەڵگە بگیرێت و دانی پێدابنرێت، ئەمەش سەردەکێشێت، یەکەم بۆ هێنانەدی و چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی لە کۆمەڵگەدا، دووەم دەبێتەهۆی جیگیربوون و بەهێزبوونی یەکێتی وڵاتەکە، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر ئەم مافە بە پێکهات و گروپە جیاوازەکان بدرێت ئەوا وڵاتەکە بەرەو لێکترازان دەڕوات، من دەڵێم بەپێچەوانەوە هەمو ئەزموونە سەرکەوتوەکان رێزگرتن و ئیعتیرافکردنیان بەپێکهاتە جیاوازەکان لەخۆگرتووە.

*** هەمیشە لە وڵاتانی دوای شەڕدا هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی سەختە، ئەویش بنیاتنانی نەتەوە و سەروەری یاسایە، ئایا چۆن دەتوانین کار بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان و چەسپاندنی سەروەری یاسابکەین لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا؟**

- لەڕاستیدا ئەم پرۆسەیە، دوو پرۆسەیە و دەبێت هاوزەمان لەگەڵ یەکدا ئەنجام بدرێن، یەکەمیان بنیاتنانی نەتەوەیە، ئەمەش پەرەپێدانی خاڵ و مەسەلە هاوبەشەکان لەخۆدەگرێت لە نێوان نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا بۆ خوڵقاندنی نەتەوەیەکی هاوبەش، دووەمیان بنیاتنانی دەوڵەتە کە بنیاتنان و پەرەپێدانی دامەزراوە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، ئەو دامەزراوانەی دەبنەسەرچاوەی هێنانەدی خواستی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، واتە ئەم دوو پرۆسەیە (بنیاتنانی نەتەوە و بنیاتنانی دەوڵەت) دوو پرۆسەی لێکگرێدراون.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك سەرکەوتن لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا هۆکارێکە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و حکومڕانێتی باش؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر بەوشێوەیە لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بڕوانین کە ڕێزگرتنە لەفرەیی لەچوارچێوەی یەکێتیدا، ئەوا پرۆسەی بەدیموکراتیکردنیش لەخۆدەگرێت، چونکە دیموکراسیش پەیوەستە بەدەرکەوتن و گوزارشتکردن لەئیرادەی گشتیەوە، بەوپێیە دیموکراسی و حکومڕانیکردن دەبنەهۆی بەهێزبوونی یەکتری.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من داواتان لێدەکەم ڕێز لەفرەیی بگرن و هەوڵبدەن بەم گیانەوە کۆشش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان بکەن.

من داواتان لێدەکەم ڕێز لەفرەیی بگرن و هەوڵبدەن بەم گیانەوە کۆشش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان بکەن



**پرۆفیسۆر مایکل کریستسن، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی DREW بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی پەرەپێدان و سەرکردەیە لەزانکۆی ناوبراودا. هەروەك پسپۆڕو تایبەتمەندیشە لەسەر پرۆسە بونیادنانەوەی نەتەوەدا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەزموونە سەرکەووتوەکانی ئەم پرۆسە گرنگە و ڕۆڵی سەرۆکە بەهێزەکان، پرۆفیسۆر مایکل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

مایکل کریستسن بۆ گوڵان:

# لە قۆناخی بونیادنانەوەی نەتەوە دەبێت سەرکردەیەک هەبێت بێتە جێگەی ئومێدی خەڵک

*** پرۆسە سەرکەتووەکانی بونیادنانەوەی نەتەوە لەپرۆسە شکستخواردووەکان کەمترن، ئایا چۆن پرۆسەی بونیادی نەتەوە سەرکەتوو دەبێت؟**

- من پێموایە سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە دەوەستێتەسەر بوونی سەرکردەیەك کە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و ئومێد، پەرۆش بێت بۆ گرتنەئەستۆی ئەم ئەرکە و نەزیە بێت و تا رادەیەك کەسایەتیەکی کاریزمایی هەبێت، بۆئەوەی هەم ببێتە جێی ئومێدی خەڵك و هەم ببێتە جێی متمانەیان. لەڕاستیدا پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لەسەر بنەما نوێیەکان، بە تایبەتی بنەما دیموکراسیەکان پرۆسەیەکی درێژخایەنە و کاتێکی زۆر دەخایەنێت و دەبێت کارەکان هەنگاو بە هەنگاو ئەنجام بدرێت، زۆرجار لە سەرەتای ئەم پرۆسەیەدا کێشەکە ئەوەیە کە چاوەڕوانیەکی زۆر و گەورە لە ئارادا دەبێت لە بری دان بەخۆداگرتن و ئارامگرتن لەسەر کارکردن بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو.

*** نەتەوە چالاکەکان بە هۆی سەرکردەکانیان دەناسرێنەوە بۆ نموونە کاتێك باسی فەرەنسا دەکەین ڕاستەوخۆ دیگۆلمان دێتەوەیاد، بۆ ئەفریقیای باشوور، نیلسۆن ماندێلا و بۆ هیندستان مەهاتما گاندی، ئایا ڕۆڵی سەرکردە کاریزماکان چییە لە قۆناخە هەستیارەکانی نەتەوەکانیاندا؟**

- من دەمەوێت جەخت لەسەر ڕۆڵی بنیاتنان و خستنەگەڕی دامەزراوەکان بکەمەوە لەئەنجامدانی ئەو کارانەی دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا ئەنجام بدرێن، واتە دەبێت ڕۆڵی سەرکردەکان، جا سەرکردەی کاریزمای بن، بەچەشنی ماندێلا و باراك ئۆباما، یان هەر سەرکردەیەکی دیکە ئەوەیە بە چەشنێك کاربکەن متمانە و باوەڕبەخۆبوون لە ناو خەڵکانی دیکەدا بچێنن و زەمینەسازی بکەن بۆ بنیاتنانی ئەو دامەزراوانەی لە مەودای دووردا پێویستن بۆ سەرخستنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە. ئێمە ئەزمونی وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتمان لەبەرچاوە کە توانیان وەك وڵاتی دوای شەڕ لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، وەك کۆریای باشوور، تایوان، سەنگافورە و یابان، هۆکارەکە بۆ بوونی سەرکردەگەلێکی بەهێز دەگەڕێتەوە لەم وڵاتانەدا، بەڵام هاوشان بەم سەرکردانە ئەو کەسانەی لەبواری بازرگانی و وەبەرهێنانیشدا کاریان دەکرد ڕۆڵی هاوکاریان بینی لەم ڕووەوە. لە لایەکی دیکەوە هەمیشە بە تەنها سەرکردەکان ئەم ڕۆڵەیان نەبینیوە، بۆ نموونە لەفیلیپین بیست ساڵی یان سی ساڵی پێش ئێستا کەنیسەی ئەو وڵاتە بوو بە سەرچاوەی هاندان و سازدانی خەڵك بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگەکەیاندا، بەهەمان شێوە لەساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠دا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کۆمەڵێك گروپی بچووك هەبوون کە بوون بەسەرچاوەی جۆشدانی خەڵك بۆئەوەی بەرەو ڕووخاندنی دیواری بەرلین بچن، واتە تاقە سەرکردەیەکی سیاسی بەهێز و باڵا بوونی نەبوو، بەڵکو چەند گروپ و سەرکردەیەکی بچوکی کاریزمای ئەم ڕۆڵەیان بینی.

*** ئایاچۆن بتوانین سوود لە ئەزمونە سەرکەوتوەکانی وەربگرین لەم بوارەدا؟**

- بەدڵنیاییەوە دەتوانن، بۆ نموونە ئەگەر گروپێك خۆیان تەرخانبکەن بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لەوڵاتانی دیکەدا دەتوانن بگەنە خاڵە هاوبەشەکان، دەتوانن شکست و سەرکەوتنەکانی ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەستنیشانبکەن، بەوپێیە دەتوانن سوودیان لێوەربگرن.

*** سروشتی هەر نەتەوەیەك جیاوازە، هەروەها نەتەوە هەیە ووڵاتی نیە و نەتەوەش هەیە بەسەر دو وڵاتدا دابەش بووە، وەك کۆریا، کە کۆریای باشور و کۆریای باکوور لە ئارادان، ئەوەش زانراوە کۆریای باشوور زۆر پێشکەوتوترە لە کۆریای باکور، هۆکاری ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کۆریای باکوور وڵاتێکی پێشکەوتو و گەشەکردوو نییە، هۆکارەکە بۆ سنورداركردنی ئازادییەکان، سنورداركردنی جموجوڵە بازرگانییەکان و توانای داهێنانی مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتەکان لە لایەن یەك بنەماڵەوە کۆنترۆڵکراون، بەدەسەڵاتی سەربازیشەوە، هەروەها کۆریای باکوور وڵاتێکی گۆشەگیر و داخراوە، لەکاتێکدا کۆریای باشوور دەرفەتی بۆ ئازادیەکان و بۆ کرانەوەی ئابووری ڕەخساندووە.

*** هەمیشە لە وڵاتانی دوای شەڕدا هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی سەختە، ئەویش بنیاتنانی نەتەوە و سەروەری یاسایە، ئایا چۆن دەتوانین کار بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان و چەسپاندنی سەروەری یاسابکەین لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا؟**


- بەدڵنیاییەوە لە سەرەتادا پێویست بەوە دەکات سەرچاوەی پێویستت لە بەردەستدا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، مەبەستم لە باڵادەستی سەروەری یاسا و بەهێزکردنی دامەزراوەکانە، بەڵام من پێموایە هەر وڵاتێك سەرچاوەی پێویستی تێدا ئەگەر کۆششی ڕاستەقینە بکەن بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانیان، واتە نابێت هەمیشە چاوەڕێی هێزە دەرەکیەکان بکەن کە بێن بە هانایانەوە و ڕزگاریان بکەن، دەبێت سەرەتا سەرچاوەکانی وڵاتی خۆت دەستنیشان بکەیت، پەرەپان پێبدەیت و دواتر دەتوانیت شەراکەت وڕێککەوتنی ئابووری لە گەڵ وڵاتانی دیکەدا ببەستیت.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك سەرکەوتن لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا هۆکارێکە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و حکومڕانێتی باش؟**

- من پێموایە ئەوە ئامانجەکە، واتە ئامانجی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە هێنانەدی ئازادیەکان و سەروەری یاسا و بنیاتنان و بەهێزکردنی دامەزراوەکان و حکومڕانێتی باشە، دواتر هەمیشە دیموکراسی یەك شێوەی نییە لە هەموو وڵاتاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند بنەمایەکی گشتی هەیە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت، وەك ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان لە کاتی کارکردن بە پێی بنەمای زۆرینە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من بەئیعجابەوە لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەڕوانم لەنێو خەڵکی باکووری عێراقدا، بەتایبەتی بەهۆی مۆبایل و ئەنتەرنێتەوە بۆ مەبەستەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندنی هەواڵ و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچونەکان، ئەمە گرنگی خۆی هەیە چونکە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە سەرچاوەی گۆڕان، هەروەها گرنگیەکەی لەوەدایە کە لەلایەن بەرپرس و سەرکردە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵ ناکرێت، بەو پێیە دەتوانم بڵێم کە گیانی ئینسانی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پێکەوە دەتوانن گۆڕانی هەنگاو بەهەنگاو، تەنانەت گۆڕانی گەورەش لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا بهێننەدی.



**سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە دەوەستێتەسەر بوونی سەرکردەیەک کە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و ئومێد، پەرۆش بێت بۆ گرتنەئەستۆی ئەم ئەرکە و نەزیە بێت و تا ڕاددەیەک کەسایەتیەکی کاریزمایی هەبێت**

**ئەگەر گرووپێک خۆیان تەرخانبکەن بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لەوڵاتانی دیکەدا دەتوانن بگەنە خاڵە هاوبەشەکان، دەتوانن شکست و سەرکەوتنەکانی ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەستنیشانبکەن، بەوپێیە دەتوانن سوودیان لێوەربگرن**



**پرۆفیسۆر رۆناڵد کریبس، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی مینۆسۆتا و سەرۆکی بەشی حکومەتە لەزانکۆی ناوبراودا. هەروەها کەسێکی پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە و حکومڕانی، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی بونیادی نەتەوە، پرۆفیسۆر کریبس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

پرۆفیسۆر رۆناڵد کریبس بۆ گوڵان:

# پرۆسەی بونیادی نەتەوە هاوشان لەگەڵ پێویستی بەسەرکردەی بەهێز بونیادی دامەزراوە نەتەوەیەکانیش لەخۆی دەگرێت

*** چۆن پێناسەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە دەکەیت؟**

- من پێموایە وەسفێکی وردتر بۆئەوەی پێی دەڵێن بنیاتنانی نەتەوە بریتیە لەبنیاتنانی دەوڵەت، ئەمەش بنیاتنانی دەزگاگەلێك لەخۆدەگرێت کە هەڵدەستن بە دابینکردن و پاراستنی ئاسایش لە سنووری وڵاتەکەدا.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویست بە بوونی سەرکردەیەکی بەهێز دەکات؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و دەوستێتەسەر ئەوەی ئایا مەبەستمان چیە لەسەرکردەی بەهێز، من پێموایە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە تەنها پەیوەست نییە بەبوونی سەرکردەیەك کە کەسایەتیەکی کاریزمایی هەبێت و کەسایەتی خۆی بەسەر هەلومەرجە سیاسییە سەختەکەدا بسەپێنێت، بەڵکو هاوشان بەبوونی سەرکردایەتیەکی بەهێز بنیاتنانی دامەزراوە نەتەوەییەکانیش لەخۆدەگرێت.

*** لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چەندین پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بەگەڕخران، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان سەرکەوتووبوون، بۆچی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە قۆناخێکی ئەوەندە هەستیارە کە دەبێت نەتەوەکان پێیدا تێپەڕن؟**

- ڕەنگە ئەوەی دەیڵێم جێی سەرسوڕمان ئێوەبێت و ڕەنگە جێی سەرسوڕمانیشتان نەبێت، من پێموایە باوەڕبوون بەوەی هێزە دەرەکیەکان دەتوانن جڵەو و ئاراستەی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ناوخۆیی وڵاتانی دیکە بکەن، باوەڕبوون و تێگەیشتنێکی مەترسیدار و چەواشەکارە، بەتایبەتی کە ئەم تێڕوانینە لەماوەی دوو دەیەی دواییدا لەسیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

*** نەتەوە چالاکەکان بەهۆی سەرکردەکانیان دەناسرێنەوە بۆ نموونە کاتێك باسی فەڕەنسا دەکەین ڕاستەوخۆ دیگۆلمان دێتەوە یاد، بۆ ئەفریقیای باشوور، نیلسۆن ماندێلا و بۆ هیندستان مەهاتما گاندی، ئایا ڕۆڵی سەرکردە کاریزماکان چیە لە قۆناغە هەستیارەکانی نەتەوەکانیاندا؟**

- ڕەنگە بتوانین ئاماژە بە لێکچوون هەردوو سەرکردە گاندی و ماندێلا بکەین، لەبەرئەوەی هەردوو سەرکردە لەدوو وڵاتی دوای کۆتایهاتنی ڕۆژگاری کۆلۆنیاڵیدا دروستبوون و سەریانهەڵدا، ئەمە لە کاتێکدا ئەزموون و حاڵەتی دیگۆل لەفەڕەنسادا مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە، چونکە دیگۆل هەوڵی گۆڕینی ئاراستەی ئیشکردنی دامو دەزگاکانیدا، لەکاتێکدا گاندی و ماندێلا سەرەرای دەستکەوتە گەورەکانیان سەرکردەیەکی مەزن نەبوون لە ڕووی بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، هەرچەندە ڕۆڵی سەرەکیان لە ڕزگارکردن و بەدەستهێنانی سەربەخۆی بۆ وڵاتەکەیانیان بینی، بەڵام من پێموایە تەحەدداکە ئەوەیە چۆن بتوانین لەدوای ڕۆیشتنی ئەم سەرکردە کاریزمیانە کارێك بکەین دامەزراوەکان ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن و بەردەوامبن لەسەر ڕاپەڕاندنی وەزیفەکانی خۆیان. کەواتە دەتوانین بڵێین بوونی ئەم سەرکردانە هۆکارێك و ئامرازێکی گرنگن لەم پرۆسەیەدا، بەڵام بە تەنها زەمانەتی سەرکەوتنی پرۆسەکە ناکەن، بەڵکو دەبێت دامەزراوەکانیش لەم ڕووەوە ڕۆڵی خۆیان ببینن.

*** ئێمە ئەزمونی وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتمان لەبەرچاوە کە توانیان وەك وڵاتی دوای شەڕ لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، وەك کۆریای باشوور، تایوان، سەنگافورە و یابان، ئایا ڕۆڵی سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە چی بوو لەسەرکەوتنی پرۆسەکەدا؟**

- ناکرێك نکۆڵی لەگرنگی ڕۆڵی سەرکردەکان بکەین لەم پرۆسەیەدا، بەڵام ئەوەی گرنگیەکی زیاتری هەیە ئەو بونیادەیە کە ئەم سەرکردانە لە چوراچێوەیدا هەڵدەسوڕێن، بۆ نموونە سەرکەوتنی ئەم وڵاتانەی ئاسیا لەشکاندنی بازنەی پاشکۆیەتی ئابووری و بەگەڕخستنی سیستمێکی شەرعی هەڵبژاردن کە ململانێی ئازادی تێدا بکرێت، بۆ سیاقی سەردەمی شەڕی سارد دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەمەریکا زەمانەتی ئاسایشی ئەم وڵاتانەی کردبوو، ئەمە ڕۆڵێکی

گرنگی بینی، بە دڵنیاییەوە کولتووری سیاسی ئەم وڵاتانەش ڕۆڵی هەبوو لەم ڕووەوە

*** سروشتی هەر نەتەوەیەك جیاوازە، هەروەها نەتەوە هەیە وڵاتی نیە و نەتەوەش هەیە بەسەر دو وڵاتدا دابەش بووە، وەك كۆریا، كە كۆریای باشوور و كۆریای باكوور لە ئارادان، ئەوەش زانراوە كۆریای باشوور زۆر پێشكەوتوترە لە كۆریای باكور، هۆكاری ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هۆکارەکە زۆر ئاشکرایە، لە وڵاتی کۆریای باکوردا سیستمێکی ئابووری شکستخواردوو و گەندەڵ لە ئارادایە، ئەمە لای هەموو لایەك ڕوونە.

پێموایە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە تەنها پەیوەست نییە بەبوونی سەرکردەیەک کە کەسایەتیەکی کاریزمایی هەبێت و کەسایەتی خۆی بەسەر هەلومەرجە سیاسییە سەختەکەدا بسەپێنێت، بەڵکو هاوشان بەبوونی سەرکردایەتیەکی بەهێز بنیاتنانی دامەزراوە نەتەوەییەکانیش لەخۆدەگرێت



*** ئایا چۆن بتوانین سوود لە ئەزموونە سەرکەوتوەکانی وەربگرین لەم بوارەدا؟**

- بێگومان نەتەوەکانن دەتوانن سوود لەئەزموونی یەکتری وەربگرن، لەبەرئەوەی خاڵ و لایەنی هاوبەش لەئارادایە لەپرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لەتێکڕایی نەتەوەکاندا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەشمان لەبەرچاوبێت کە هەر نەتەوەیەك خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازی خۆی هەیە و دەبێت لەبەرچاوبگیرێن.

*** هەمیشە لە وڵاتانی دوای شەڕدا هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی سەختە، ئەویش بنیاتنانی نەتەوە و سەروەری یاسایە، ئایا چۆن دەتوانین کار بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان و چەسپاندنی سەروەری یاسابکەین لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا؟**

- پرۆسەی چەسپاندنی سەروەری یاسا پێویستی بەدابینکردن و هێنانەدی ئاسایش و سەقامگیری هەیە. بێ بوونی دامەزراوە بەهێزەکانی دەوڵەت ناتوانین باس لەدیموکراسیەتی لیبراڵی بکەین، چونکە دیموکراسیەتی لیبراڵی پێویستی بە سەروەری یاسا هەیە و سەروەری یاساش پەیوەستە بەبوونی سەقامگیری و دامەزراوە بەهێزەکانەوە.

بێ بوونی دامەزراوە بەهێزەکانی دەوڵەت ناتوانین باس لەدیموکراسیەتی لیبراڵی بکەین، چونکە دیموکراسیەتی لیبراڵی پێویستی بە سەروەری یاسا هەیە و سەروەری یاساش پەیوەستە بەبوونی سەقامگیری و دامەزراوە بەهێزەکانەوە



**پرۆفیسۆر تۆماس سیتنز، ئوســتادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی نیۆیۆرك و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بونیادنانەوەی دەوڵەت لەجیهانی سێهەم، بۆ قسەكردن لەســەر ئاستەنگەكانی ئەم پرۆسە هەستیارە، پرۆفیسۆر سیتز بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

## پرۆفیسۆر تۆماس سیتز بۆ گوڵان:

# پرۆسەی سەركەوتنی بونیادی نەتەوە واتە بوونی هەستێكی بەهێزی نەتەوەیی و بوونی سەركردەیەكی بەهێز

***ســەركردەی وڵات یان سەرۆكی وڵات رۆڵێكــی گرنگ دەبینێت لەپرۆســەی بنیاتنانی نەتــەوەدا، بۆ نموونە هەندێ لەشارەزایان ســەركەوتنی ئەم پرۆسەیە گرێدەدەنــەوە بەڕۆڵــی ســەرۆكەوە، پرســیارەكە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ســەركەوتنی ئەم پرۆســەیە پێویســت بەبوونی سەركردەیەكی بەهێزدەكات؟**

- پرۆســەی بنیاتنانی نەتەوە خولْقاندن و دروســتكردنی ناسنامەیەكی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش لەخۆدەگرێت، واتە پەیوەســتە بەوەی هاوڵاتیان ئینیتیمایان بــۆ نەتەوەیەكی دیاریكــراو هەبێت كە حكومەت و ســەركردەكانی نوێنەرایەتی ئەو نەتەوەیە دەكەن.

*** لــە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چەندین پرۆســەی بنیاتنانــی نەتەوە بەرگەڕخران، بەڵام ژمارەیەكی كەمیان سەركەوتوبوون، بۆچی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە قۆناغێكی ئەوەندە هەســتیارە كە دەبێت نەتەوەكان پێیدا تێپەڕن؟**

- هــۆكاری ســەركەوتنی هەنــدێ لەپرۆسەكانی بنیاتنانی نەتەوە بۆ بوونی هەستێكی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەی و یەكگرتوویی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە ئەم هەست و یەكگرتوییە لە یاباندا بەدی دەكرا، هەروەها لە ئەڵمانیا، بەڵام حاڵەتەكانی شكســتی ئەم پرۆسەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كــە لە وڵاتانی دوای كۆتای هاتنی كۆلۆنیاڵیزمدا وڵاتگەلێك دروســت بوون كــە چەندیــن گروپی نەتەوەیــی، ئیتنی و ئاینــی جیاوازیان لەخۆدەگرن و سنوورەكان دەستكردبوون، ئەمەش پرۆســەی بنیاتنانی نەتەوەی قورس و ئاڵۆز كرد.

*** ئایــا خاڵی ســەرەكی لەپرۆســەی بنیاتنانــی نەتەوەدا چییــە؟ هەروەها چۆن لەو پێشــكەوتنە دەڕوانیت كە لە كوردستاندا هاتۆتەدی؟**

- من شــارەزای بارودۆخی عێراق نیم، بەڵام بەلای منەوە هەســتێكی بەهێزی نەتەوەیی لەناو كوردەكاندا هەیە و ئەمەش وا دەكات هێشتنەوەی لەگەڵ نەتەوەیەكی دیكەدا كارێكی قورس بێت، چونكە ئەمە دەستهەڵگرتن لە سەروەری لە خۆدەگرێت و هەستێكی بەهێزیش لە ناو كوردەكاندا هەیە كە خاوەن سەروەرین.

*** نەتــەوە چالاكــەكان بــە هــۆی سەركردەكانیان دەناســرێنەوە بۆ نموونە كاتێك باسی فەڕەنسا دەكەین ڕاستەوخۆ دیگۆلمــان دێتەوەیاد، بــۆ ئەفریقیای باشوور، نیلْسۆن ماندێلا و بۆ هیندستان مەهاتما گاندی، ئایا ڕۆڵی ســەركردە كاریزماكان چیە لە قۆناغە هەستیارەكانی نەتەوەكانیاندا؟**

- لە ڕاســتیدا ئەمانە سەركردەگەلێكی كەم و دەگمەنن، ئەوەی جێی ســەرنجە ئەوەیە لە ســاڵانی پەنجاكانی سەدەی بیستدا، لەسەردەمی ئیدارەی ئایزەنهاوەردا دەســت بە خســتنەگەڕی بەرنامەیەك كرا بەناوی «ســەرچاوە مرۆییەكان بۆ گەشەپێدانی ئابووری» كە ئامانج لێی دۆزینەوە و پەروەردەكردنی كەسانێك بوون بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ســەركردەگەلێكی چەشنی گاندیان لێ دروست بێت،بەڵام ئەمــە ئەركێكی قــورس و دۆزینەوەی كەسانێكی هاوشــێوەی ئەم سەركردانە یەكجار زەحمەتە.

*** ئێمــە ئەزمونی وڵاتانی ئاســیای ڕۆژهەڵاتمان لەبەرچاوە كە توانیان وەك وڵاتی دوای شەڕ لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا سەركەوتن بەدەست بهێنن، وەك كۆریای باشــوور، تایوان، ســەنگافور و یابــان، ئایــا ڕۆڵی ســەركردەكانی ئــەم وڵاتانە چی بوو لە ســەركەوتنی پرۆسەكەدا؟**

- لە ڕاســتیدا ڕژێمە دەسەڵاتدارەكانی ئــەو وڵاتانەی ئێــوە ئاماژەتان پێكردن ڕژێمگەلێكی شــمولی بەهێز بوون، بۆ نموونە لە ســەنگافورەدا سەركردەیەكی بەهێز هەبوو وەك «لــی كوان یو»، لە تایوان «چەین تایی شــێك»، هەروەها سەرۆك «پارك» لە كۆریای باشور، واتە ئەمانە ڕژێم و دەســەڵاتێكی بەهێزیان هەبــو، هەروەها لە پرۆســە و قۆناغی گەشەپێداندا دەرفەتیان بە بوونی ئازادیە مەدەنیەكان نەدەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەکەدا بینی.

*** سروشتی هەر نەتەوەیەك جیاوازە، هەروەها نەتەوە هەیە وولاتی نیە و نەتەوەش هەیە بەسەر دو وڵاتدا دابەش بووە، وەك کۆریا، کە کۆریای باشور و کۆریای باکوور لە ئارادان، ئەوەش زانراوە کۆریای باشوور زۆر پێشکەوتوترە لە کۆریای باکور، هۆکاری ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەروەك ئاشکرایە دوو سیستمی جیاوازی حکومڕانیکردن لەو دوو وڵاتەدا لە ئارادایە، لە کۆریای باکووردا حکومەتێکی کۆمۆنیستی هەیە، بەڵام من پێموایە ئەمە لەگەڵ تێڕوانینەکانی مارکسدا یەك ناگرێتەوە بۆ کۆمۆنیزم، بەو پێیە دەتوانین بڵێن ئەمە زیاتر مۆدێلێکی ستالیینیە کە بنەماڵەی «کیم ئیل جۆن» دەستیان بەسەر دەسەڵات و ژیانی سیاسیدا گرتووە. لە کۆریای باشووردا گەشەکردنێکی بەرچاو ڕوویداوە، ئەمەش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە کۆریای باشوور ڕاسپاردەکانی ئەمەریکای لەم بوارەدا پشتگوێ خست و بڕیاریدا مۆێلی تایبەتی بەخۆی بەگرێتەبەر.

*** هەندێ لە شارەزایان باس لەوە دەکەن کە هەر پرۆسەیەکی بنیاتنانی نەتەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لێکچونیان لەنێواندا نییە، بەڵام هەر نەتەوەیەك بەڕێگا و شێوازێکی جیاواز سەرکەوتنی بەدیهێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سوود لە ئەزمونە سەرکەوتوەکانی وەربگرین لەم بوارەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، بەڵام من پێموایە باشترە دەرس لەو هەڵانە وەربگرین کە لە پرۆسە شکستخواردوەکانی بناتنانی نەتەوەدا ڕوویاندا و هەوڵبدەین دووبارەیان نەکەینەوە، چونکە ئەمە یەکێك بوو لە هەڵەکانی ئیدارەی جۆرج بوش بوو، کە هەمیشە جەختی لەسەر ئەزموونە سەرکەوتوەکانی ئەم پرۆسەیە لە ئەڵمانیا و یابان دەکردەوە، من پێم وایە یەکێکی دیکە لە هەڵەکان ئەوەیە کە بایەخێکی زیاد لە پێویست بە بواری ئاسایش و دەزگاکانی ئاسایش دەدرێت لە سەرەتادا، ئەمەش لەسەر حسابی بایەخدانە بە لایەنەکانی دیکەی وەك ڕۆژنامەگەری و زانکۆکان و هتد.

*** هەمیشە لە وڵاتانی دوای شەڕدا هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی سەختە، ئەویش بنیاتنانی نەتەوە و سەروەری یاسایە، ئایا چۆن دەتوانین کار بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان و چەسپاندنی سەروەری یاسابکەین لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا؟**

- ئەمە پرۆسەیەکی سەختە، ڕەنگە زۆرجار ڕێگای سەرکەوتن بە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزمونی وڵاتانی ئەوروپا لێکبدرێتەوە، بەڵام ڕەنگە وڵاتانی دیکە تایبەتەمەندی و خەسڵەتی جیاوازیان خۆیان هەبێت و دامەزراوەکانی ئەورووپاش بەرهەمی ئەزمونی ئەورووپا خۆیەتی، بۆ نموونە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت بەرهەمی شەڕی سەدەکانی شانزە و حەڤدەی ئەوروپایە و ڕەنگە نەتوانرێت بەسەر کۆمەڵگەکانی دیکەدا جێبەجێ بکرێت کە ئەزمونی جیاوازیان هەیە. لەڕاستیدا گرنگترین مەسەلە لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە بتوانیت قەناعەت بە خەڵك بهێنێت بە بوونی نەتەوەیەکی یەکگرتوو، کە من پێموایە ئەم هەستە لە کوردستانی ئێوەدا بوونی هەیە، هەروەها دەبێت دامەزراوەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەزمون و مێژوو و کولتووری خۆتان بێت.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك سەرکەوتن لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا هۆکارێکە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و حکومڕانێتی باش؟**

- بە دڵنیاییەوە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی و حکومڕانێتی باش، چونکە دەبێت خەڵکی قەناعەتیان هەبێت بەو پرۆژەیەی حکومەت پێی هەڵدەستێت بۆئەوەی پشتگیری لێبکەن، پرۆسەی بیناتنانی نەتەوەش بەهێزکردنی ئەو متمانەیە لەخۆدەگرێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هەر ئەوەندە دەڵێم کە چارەسەرێکی حازر و ئامادە لەئارادانیە و تاڕاددەیەکی زۆر ئەمە مەسەلەیەکە بۆ خەڵکی وڵاتەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بڕیاری لەبارەوە بدەن.




**هۆکاری سەرکەوتنی هەندێ لەپرۆسەکانی بنیاتنانی نەتەوە بۆ بوونی هەستێکی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەی و یەکگرتوویی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە**

**پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی و حکومڕانێتی باش، چونکە دەبێت خەڵکی قەناعەتیان هەبێت بەو پرۆژەیەی حکومەت پێی هەڵدەستێت بۆئەوەی پشتگیری لێبکەن، پرۆسەی بیناتنانی نەتەوەش بەهێزکردنی ئەو متمانەیە لەخۆدەگرێت**

# بەرهەمی سەقامگیری و ئاشتی
# بونیادنانەوە و ئازادی و دیموکراسییە



کێن ئەوانەی هەوڵدەدەن سەقامگیری و ئاشتی لەکوردستاندا بشێوێنن؟ ئایا جیهانی سەردەم چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟ هەموو لەبیرمانە ئەوانەی چاویان بەئاشتی و سەقامگیری کوردستان هەڵنەدەهات و دەیانویست لەئاوایی خێڵی حەمەوە سەقامگیری سلێمانی بشێوێنن، چۆن لەدەریای سوورەوە بە تۆماهۆك وەڵامدرانەوە، لەبیرمانە رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا چ پەیامێکی بەناوی سەرۆك بوش-ەوە ئاراستەی ژەنراڵ بیوکانیت کرد، کە دەیویست لەناوچەی (گەلی باڵندە) وە سەقامگیری هەولێر و دهۆك بشێوێنێ.

بیوکانیت زۆر دڵی بەو قسانەی بەکرێگیراوێکی وەك مایکل رۆبن خۆش بوو، کە لە ویکلی ستاندەر و ئەمریکان ئەنتەر پرایس بڵاویدەکردەوە، بۆیە سەرەتا لەپەیامی ئاگادارکردنەوەی سەرۆك بوش باش حاڵی نەبوو، لەبەرئەوە بەزەردەخەنەیەکەوە بە گەیتسی راگەیاند «زوو کشانەوە، ئێمە دیاریدەکەین، نەك بوش، لەوانەیە زوو کشانەوە سبەینێ بێت یان ساڵێکی دیکە». بیوکانیت لەوە بێ ئاگابوو، ئەم وەڵامە ئیستفزازیە چەند دژی سیاسەتی تازەی نێودەوڵەتییە و چەندە ئەمریکای پێ ئیستیفزاز دەبێت، بۆیە تەئکیدی لێکردەوە، باشتر پەیامەکەی سەرۆك بوش بخوێنێتەوە، هەتا بیوکانیت لەو پەیامە حاڵی بوو، فریای ئەوە نەکەوت حکومەتی تورکیا ئاگادار بکاتەوە بەوەی بەنیازە لەهەرێمی کوردستان بکشێتەوە، بۆیە لەکەناڵەکانی تورکیا باس لەوە دەکرا سەرۆك وەزیران سەردانی بەرەکانی شەڕ دەکات و لەسایتی ئەرکانی سوپاش ئەوە بڵاودەکرایەوە، هێزەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان دەکشێنەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا خێرە ئەم رووداوانە جارێکی دیکە بەبیردێنینەوە؟ ئایا دەمانەوێت بڵێین هیچ هێزێك نییە بتوانێت زاتی ئەوە بکات بیر لەشێواندنی سەقامگیری کوردستان بکاتەوە؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە تەواو پێچەوانەوەی ناوەرۆکی پرسیارەکانە، لەبەرئەوەی ئەو هێزانەی دژی پرۆسەی بونیادنانەوە و ئازادی و دیموکراسی هەرێمی کوردستانن، دەستبەرداری ئەو ئەقڵییەتە نەبوون، لەرەفتارەکانی رابردوویان پەشیمان نین، بەڵکو ئێستا لەجاران زیاترن و شێوازی دژایەتیکردنی خۆیان بەرێگەی جیاواز بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ناتەندروستە گۆڕیوە.

لەوانەیە ئەمەش بەدگومانیەك لەسەر ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە دروستبکات و بەو ئاراستەیە بخوێنرێتەوە، دەمانەوێت لەژێر پەردەی پاراستنی سەقامگیری وشەی بونیادنانەوە و ئازادی ریز بکەین و، ئامانجی سەرەتا و کۆتاییشمان تەسککردنەوەی مەوداکانی ئازادی و سنووردارکردنی ئازادییەکان بێت. ئەم بۆچوونە ئەگەر بەو شێوەیەش سەیری ئەم راپۆرتە بکرێت، هەندێك ماقوولیەتی تێدایە، لەبەرئەوەی کاتەکەی کاتێکی هەستیارەو لەگەرمەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان (پەرلەمان+دەستوور+سەرۆك)ە. بەڵام بۆئەوەی ئەو بەدگومانیەش بڕەوێنینەوە، جارێکی دیکە بێینەوە ناو باسەکە بەشێوەیەکی زانستیانە و بەو ئەرگومێنتانەی لەبەردەستن و هەموو کەس دەستیان دەیگاتی و شاراوە نین، دەڵێین با لەگەرمەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا، بوارێك بۆ موناقەشەی جیددی و هەڵسەنگاندنی ئەرگومێنتەکانی بەردەستهەبن، تۆزێك لەو کەشوهەوای تۆمەتبەشینەوە دووربکەوینەوەو، بپرسین ئایا ئەوانەی چاویان بەقەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت، لەکاتێکدا جیهان ئەو سنوورانەی لێ داخستبن کە نەتوانن دزەی لێ بکەن و بێنە ناو هەرێمی کوردستان و بیشێوێنن، رێگەی دیکەیان کوێیە لێوەی بێنە ناو کوردستانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بێ ئەرگومێنت تۆمەت بەشینەوەیە، هەرچەندە ئەرگومێنتەکانیش دیکۆمێنتی نهێنی هەواڵگری نین، بەڵام دووبارەیان ناکەینەوە، چونکە خوێنەر لەوە هوشیار بۆتەوە کە کێن ئەوانەی تەڕ و وشك بە یەکەوە دەسووتێنن و هەموو دەستکەوتە مێژووییەکانمان دەخەنە ژێر پرسیاری نانیشتمانیانەوە.

## بایەخی ئاسایش و سەقامگیری لەپرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقدا

وشەی (SURGE) کە بووە ناوی ئەو هێزە زیادانەی سەرۆك بوش بۆ دابینکردنی ئاسایشی بەغدا رەوانەی عێراقی کرد، وەك مانای وشەکە واتە (زیادکردنی لە پڕ و بەپەلە و ناچاری). واتە سەرۆك بوش کە بڕیاریدا بەناچاری ئەم کارتەش تاقیبکاتەوە و هێزی زیاتر رەوانەی عێراق بکات، هیچ کارتێکی دیکەی لەدەستدا نەمابوو، ئەمە دوایین کارت بوو، بۆئەوەی بتوانێت ئارەقی ناوچەوانی بسڕێت، سایگۆنێکی دیکە لەبەغدا دووبارەنەبێتەوە، هەندێك لەبیرمەندانی ئەمریکا، بەتایبەتی هەر سێ تۆژەر و راوێژکاری حکومەتی ئەمریکا بۆ دۆسێی عێراق (مایکل ئۆهانلۆن – ستیڤن بیدل-کینس پۆلاك) بەجۆرێك لەبارودۆخی عێراق نائومێد بووبن، دەبێت ئەمریکا لەبری ئەوەی بیر لەوەبکاتەوە لەعێراقدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە لەعێراقدا وەك ڤێتنام نەدۆڕێت، هەروەها پێشنیاری ئەوەیان بۆ دەکرد، وەك پێشنیارەکەی (دانیاڵ بایمان و کینس پۆلاك) کە ئەمریکا ناچار دەبێت، لەنێوان پێنج هەڵبژاردنی خراپدا، کەمترین خراپیان هەڵبژێرێت، بێگومان کەمترین خراپەکەش ئەوەبوو، دەبێت هەر چۆنێك بێت سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ئەو ناوانەی

**ئەگەر کار گەیشتە سەر ئەوەی لەنێوان سەقامگیری و دیموکراتی یەکێکیان هەڵبژێریت، ئەم پسپۆرانە سەقامگیری هەڵدەبژێرن**

**دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەهەرێمی کوردستان، کارێکی هێندە ئاسان نییە، هەتا بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە هەندێک داخ لەدڵ لەسەر رووپەری ئەو رۆژنامە و بڵاوکراوانەی لە ژێر سێبەری ئەم ئازادیە لەکوردستان دەردەچن، خودی ئەو ئازادیەی لەژێر سێبەری ئەم ئاسایش و سەقامگیر دابینکراوە، بۆ تێکدانی خودی سەقامگیریەکە بەکاریدەهێننەوە**



**هەموو ئەو بڵاوکراوانەی خۆیان بەدوژمنی ئەم ئەزموونە دەزانن هاوشان لەگەڵ بەرەی تورکمانی بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن، هاندەرن بۆ شێواندنی ئەم ئاسایش و ئارامیەی لەهەرێمی کوردستان هاتۆتەئاراوە، زیاد لەمەش بەجۆرێک کار بۆ بڵاوکردنەوەی رەشبینی و نائومێدی دەکەن، وەک ئەوەی دوای رووخان و نەمانی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا کوردستانی گەیاندۆتە ئەم قۆناخە خەڵات بکرێن**

ئاماژەمان پێکردن، ئیمە وەك گوڵان هەموویان لەکاتە ناسکەکاندا وتویژ مان لەگەڵ کردوون، بۆیە بێجگە لە وتار و تویژینەوەکانیان، وەك قسەکردنیش قسەمان لەگەڵ کردوون، ئامانجیش لەم بیرهێنانەوەیە، تەنها پیشاندانی بایەخی فەراهەمکردنی سەقامگیریە لەپرۆسەی بونیادنانەوەی وڵات و بونیادی دیموکراسی، تەنانەت ئەگەر کار گەیشتە سەر ئەوەی لەنێوان سەقامگیری و دیموکراتی یەکێکیان هەڵبژێریت، ئەم پسپۆرانە سەقامگیری هەڵدەبژێرن، تەنانەت بیرمەندێکی وەك ئەمیتا ئیتزایۆنی، کە ئێستا سەرۆکی زاناکانی ئەمریکایە و یەکێکە لەو ١٠٠ بیرمەندەی لەسەر ئاستی جیهان دەستنیشانکراوە، لەدوای دانانی پلانیZ و لەدیمانەیەکی تایبەتدا، زۆر بەتوندی رەخنەی لەلێدانی هێزەکانی سەدر گرت لەلایەن ئەمریکاوە، لەبەرئەوەی ئیتزایۆنی پێیوابوو، لێدانی هێزەکانی سەدر، بارودۆخی شاری سەدری لەناو بەغدا ئاڵۆزکردووە، پێویستە ئەولەویەت بۆ ئاسایش و سەقامگیری بێت، ئەمەیە بایەخی ئاسایش کە هەموو بیرمەند و زاناکانی سیاسەتی ئەمریکا و هەموو وەزیرانی دەرەوە و راوێژکارانی ئەمنی قەومی ئەمریکا (ئەوانەی لەژیاندا ماون وەك برژنسکی و ئۆڵبرایت و جێمس بێکەر و لی هاملتۆن و.. تاد) سەرقاڵکردبوو. چۆن ئاسایش لەبەغدا دابینبکرێت، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بەژەنراڵ پەتریۆس سپێردرا کە ناویان لێنابوو (قەیسەری شەڕ) بەڵام هەموو بینمان قەیسەری شەڕ دوای هاریکاری دوو یەکەی زێرەڤانی پێشمەرگەی کوردستان بەتەنها لەبەغدا، پەنای بۆچی برد، هەتا هەندێك بارودۆخەکەی هێمن کردووە، بێگومان ئەوەبوو هێزی سەحوەی دروستکرد، مانگانە موچەی ١٣٠ هەزار چەکداری سەحوەی دەدات بەبری ٤٠٠$ دۆلار بۆهەر چەکدارێك، هەروەها هاتنی سەرۆك بوش بۆ ئەنبار و بۆ سوپاسکردنی شێخ ستار ئەبو ریشە، کە رۆژی دوای سەردانەکەی بوش لەئەنبار تیرۆرکرا، هەمووی لەپێناوی ئەوەبوو، کە هەندێك باری ئاسایش و سەقامگیری بچێتەپێشەوە، بەڵام وەك بینیمان هەتا ئێستاش ئەو ئاسایش و سەقامگیرییە نەهاتە پێش کە ئیدارەی ئەمریکی ئومێدی بۆ دەخواست.

مەبەستمان لەباسکردنی ئەم پرۆسەیە و ئەو ئاڵۆزی و بودجەیەی بۆ ئەم پرۆسەیە تەرخانکرا، بۆ ئەوەیە خوێنەرانی



گوڵان لەو راستییە ئاگاداربکەینەوە، کە پرۆسەی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەهەرێمی کوردستان، کارێکی هێندە ئاسان نییە، هەتا بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە هەندێك داخ لەدڵ لەسەر رووپەری ئەو رۆژنامە و بڵاوکراوانەی لە ژێر سێبەری ئەم ئازادیە لەکوردستان دەردەچن، خودی ئەو ئازادیەی لەژێر سێبەری ئەم ئاسایش و سەقامگیر دابینکراوە، بۆ تێکدانی خودی سەقامگیریەکە بەکاریدەهێننەوە و قسەی ئەو کەسانە وەردەگێرنە سەر زمانی کوردی کە چاویان بەئارامی و ئاسایشی ئەم هەرێمە هەڵنایەت، هەربۆنموونە، هەموو ئەو بڵاوکراوانەی خۆیان بەدوژمنی ئەم ئەزموونە دەزانن هاوشان لەگەڵ بەرەی تورکمانی بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن، هاندەربن بۆ شێواندنی ئەم ئاسایش و ئارامیەی لەهەرێمی کوردستان هاتۆتەئاراوە، زیاد لەمەش بەجۆرێك کار بۆ بڵاوکردنەوەی رەشبینی و نائومێدی دەکەن، وەك ئەوەی دوای رووخان و نەمانی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا کوردستانی گەیاندۆتە ئەم قۆناخە خەڵات بکرێن، ئەم مەترسیە هێندە ترسناکە، کە دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، هەڵوێستەکە لەو گومانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئایا خەونی کورسی و دەسەڵات هەموو نەگۆڕەکانی نەتەوەی کردۆتە گۆڕاو، کورسی و دەسەڵاتی کردۆتە نەگۆڕ؟ ئەمانە پرسیاری بێ وەڵامن و دەرگا بۆ هەموو ئەگەرێك و هەموو وەڵامێك واڵا دەکەن، بۆیە لێرەدا، زیاتر هەڵوێستە لەسەر تێڕوانینی ئەو لایەنانەی دەرەوە دەکەینەوە کە چاویان بەئاشتی و سەقامگیری کوردستان هەڵنایەت.

### دوژمنانی گەلی کوردستان دەزانن سەقامگیری ئایندەی کوردستان بەرەو کوێ دەبات بۆیە دژی رادەوستن؟

(هەتا بۆمان بکرێت رێگە نادەین کوردستان ناو و بوونی هەبێت، کە نەکرا مامەڵەی لەگەڵدەکەین) ئەم دێرەی سەرەوە کورتکراوەی سیاسەتی ئیقلیمی وڵاتانی دراوسێی کوردستان بووە، بەدرێژایی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٨ لەماوەی ئەم ٥ ساڵە کۆمەڵێك دەسکەوتی گرنگ لەکوردستان بەدیهاتوون، بەداخەوە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی دوایین وڵات بوون، کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە کردووە:

١- دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بە دروستکردنی هەردوو فرۆکەخانەی

**تورکیا دەزانێت دروستکردنی بەندەرێکی ئاسمانی بۆ بەستنەوەی کوردستان بە جیهانی دەرەوە، کوردستان لەهەرێمێکی داخراو بەرووی جیهاندا دەکاتە هەرێمێکی کراوە، تا بۆی کرا، هەوڵیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو فرۆکەخانەیە نەکات**

هەولێر و سلێمانی نارەحەت بوون، کە فرۆکەخانەکان بوو بەواقیع و ناوی لێنرا کوردستان ئایەرلاین (هێڵی ئاسمانی کوردستان) دەبوو تورکیا یەکەم وڵات بێت، وەك سوود وەرگرتن لەبوارە بازرگانیەکان گرنگە، سوود لەم هەلە وەربگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی تورکیا دەزانێت دروستکردنی بەندەرێکی ئاسمانی بۆ بەستنەوەی کوردستان بە جیهانی دەرەوە، کوردستان لەهەرێمێکی داخراو بەرووی جیهاندا دەکاتە هەرێمێکی کراوە، تا بۆی کرا، هەوڵیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو فرۆکەخانەیە نەکات و ڕێگەش نەدات فرۆکەکانی دێنە ئەو دوو فرۆکەخانەیە بەئاسمانی تورکیادا نەفرن، کە باری ئاسایشی کوردستان و ئیرادەی یەکگرتووی پارتی و یەکێتی پێکەوە رووبەڕووی ئەم تەحەددیە بوونەوە، دەوڵەتانی دیکە ئامادەبوون مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە بکەن، تورکیا دواین دەوڵەت بوو فرۆکەی خۆی بنێرێتە هەولێر و سلێمانی و ڕێگە بدات فرۆکە لەکوردستان هەڵبستێت و لە تورکیا بنیشێتەوە.

**لەبەرئەوەی تایوان لەپرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە سەرکەوتووبووە، ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییە، فاکتەری سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش، پاراستنی ئەو ئاسایش و سەقامگیریە**

٢- کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکرد بە وەبەرهێنان لەبواری کەرتی نەوت، تەنها یەك کۆمپانیای نەرویجی ئامادەبوو، لەم بوارە گرنگە وەبەرهێنان بکات، بۆ زانیاری ئەو ئەقڵە دۆگمایانەی کە نایانەوێت خۆیان پێشبکەون، وەبەرهێنان لەبواری نەوت هێندە گرنگە کۆمپانیاکان شەڕی لەسەر دەکەن، بەڵام بەهۆی گوشاری بەغدا و ئەنقەرە، ئەم بوارەش بۆ ئێمە تەسك کرابۆوە، بەڵام دیسان بەزیرەکی پارتی و یەکێتی و بەپشتگیریان بۆ ئەم سیاسەتە راستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەبەردەوامی پرۆسەی دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری، نەك هەر هەوڵەکانی حوسێن شەهرستانی پوچەڵکرانەوە، بەڵکو ئەنقەرەش ناچاربوو بەدرەنگوەختی جێیەك بۆ خۆی لەم بوارە گرنگە بکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، نە حوسێن شەهرستانی، نە ئەنقەرە هێندەی نوێنەرەکەی ئێستای لیستی گۆڕان، کە ئەو کات سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بوو لەپەرلەمان، دژی یاسای نەوت و گازی کوردستان نەبوو. ئەم هەڵوێستەی ئەندامەکەی کۆمپانیای وشەی دوێنێ و ئەمڕۆی لیستی گۆڕان، لەگەڵ هەموو لایەنێك هاوپەیمانن کە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی و یەکێتی بێت، ئەم دژایەتیەش، پەیوەندی بەوەوە نییە، پارتی و یەکێتی یان حکومەتی کوردستان کاری باشیان نەکردووە یان حکومڕانیەکەیان خراپە، بەڵکو باش و خراپی سیاسەتی پارتی و یەکێتی خەتی ڕاست و چەپی پێداهاتووە، ئەم نەخۆشیەبوو، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیشی گرتبۆوە، بەئاشکرا دەیانگووت، ئەو ئازادیەی لەژێر ئەو بارە ئارامەی کوردستان دروستبووە، هۆکارێکە بۆ بڵاوکردنەوەی بێ ئەخلاقی لەکۆمەڵگە، زانکۆکان هۆکارن بۆ هەوەسبازی و بێ ئەخلاقی، ئازادی بیروڕا و ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر هۆکارن بۆ بەرەڵایی، بەڵام یەکگرتوو کۆمەڵ، زانیان لەم شەڕە سەرکەوتونابن، بە ئاقڵانە پاشەکشەیان کرد، ئەگەرنا خەریك بوون، بەس ئاینەکەمان مابوو، ئەویشمان لێ تێکبدەن.

٣- کە حکومەتی کوردستان یاسای وەبەرهێنانی بەو ئاستە بەرزە دەرکرد، کە وەك سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەگوڵانی ڕاگەیاند (هێشتاش دەمانەوێت زیاتر پێشی بخەین)، تورکیا مەترسی ئەوەی هەبوو، دەوڵەتانی دیکە جێگەی وەبەرهێنانەکانی ئەو لەکوردستان بگرێتەوە، بۆیە بزنسمانەکانی تورکیا لەکوردستان کەوتنە جۆرێك لەگوشار دروستکردن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە بەهەموو بزنسمان و کۆمپانیاکانی کە لەکوردستان بوونیان هەبوو، ڕاگەیاند، ئێمە لەمەودوا ململانێ لەسەر چۆنیەتی پرۆژەکان دەکەین نەك ململانێی پرۆژە، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت کارتان بدەینێ دەبێت، ململانێ لەگەڵ ئەو پرۆژانە بکەن کە کۆمپانیاکانی دیکە لەکوردستان دروستی دەکەن، بۆیە بەدیان مۆدێلی پرۆژەی هەمەجۆر، وەك ئیتاڵی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەمریکی لەکوردستان دەرکەوتن وەك کاری وەبەرهێنان (بەداخەوە ئاستی سیاسیی و رۆشنبیری هەندێك قەوارەی سیاسیی بەئاستێك نزمە، یان بەئاستێك داخ لەدڵن) ناتوانن کاری وەبەرهێنان لەبودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیابکەنەوە، یان نایانەوێت میللەت بزانێت، وەبەرهێنان پەیوەندی بە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، ئەمە سیاسەتی ئابووری بازاڕە، پارە دێتە وڵاتەکەت لەسەر بنەمای سوود بۆ وڵاتەکە و قازانج بۆ وەبەرهێنەکە، دروستکردنی هەلی کار و پەرەپێدانی توانای مرۆیی و ئامادەکردنی تاکی ئەکتیڤ بۆ بەشداری لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی، بەڵام مخابن هەندێك سیاسەتمەدار هێندە لەسیاسەتی ئابووری بازاڕ بێئاگان، هێندە لەخەڵوەتی ئەشکەوتەکانەوە لەجیهانی مۆدێرن پاشەکەووتوون، نایەن وەبەرهێنان وەك سیاسەتێکی ڕاست بۆ پشتگیری ئەو بودجە کەمەی لەکوردستان هەیە، بخەنەڕوو، دێن ئابووری بازاڕ بە ئیحتکار پیشانی خەڵك دەدەن، کە ئەمە مانای نەبوونی بچووکترین شارەزاییە لەسەر بازاڕی ئازاد.



## بونیادنانەوە واتە پرۆسەی بونیادی نەتەوە

نەتەوە زیندووەکان، بونیادنانەوەی خۆیان ناو ناوە (پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە)، ئەم پرۆسەیە دوای ئەمنی قەومی یان ئاسیاشی نەتەوەیی دەست پێدەکات، واتە دروستکردنی هەیکەلی نەتەوە، وەك نەتەوەیەکی زیندوو لەجیهاندا، نەتەوەی زیندوو، لەسەدەکانی ١٧ و١٨ ئەو نەتەوانە بوون کە خاوەنی دەوڵەت بوون و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دادەمەزاند، هەربۆیە کۆمەڵەی گەلان، نەتەوەیەکگرتوەکان، ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکە بوو، لەبەرئەوە شەڕەکانیش بەشەڕی نەتەوە و گەلان پێناسە دەکران، لەبەرئەوەی هەر قەوارەیەك هەڵگری ناسنامەی نەتەوەیەك بووە، ئەمڕۆ لەسەدەی بیست ویەکەم، سەرکەتنی پرۆسی بونیادنانەوە، کە ئاسایش و سەقامگیری فاکتەری سەرەکیەتی، مانای ناسنامەی نەتەوەیی گۆڕیووە، بۆ دەوڵەتێك کۆمەڵیك تایبەتمەندی هاوچەرخی تێدابێت، وەك ئەو دەوڵەتە دەبێت پێشکەتوو بێت، هەنگاوەکانی بەرەو جیهانی سەردەم بێت، حکومەتەکەی دیموکراتی بێت و خاوەنی حکومڕانیەکی باش بێت، ئەمەش واتە ئێستا بەتەنها دەوڵەت بۆ ناسنامەی نەتەوە بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەو نەتەوەیە یان ئەو گەلە خاوەنی دەوڵەت یان قەوارەیەکی پێشکەتوو بێت، بڕوانامەی سەرکەوتنی بونیادنانەوەی نەتەوەیی خۆی پێبێت، کە ئەم بڕوانامەی پێ بوو، لەوانەیە دامەزراوەکانی سەردەمی شەڕی سارد وەك نەتەوەیەکگرتووەکان، بەرەسمی مامەڵەی لەگەڵ نەکات، بەلاّم بانکی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، ئەو قەوارەیە دەناسێت، ئێستا لەبەرئەوەی تایوان لەپرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە سەرکەتووبووە، ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییە، داوا دەکات مەرجەکانی دەوڵەتی هاوچەرخی تێدایە و لەگەڵ ئەوەی چین ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسیشە و مافی ڤیتۆی هەیە، تایوان داوادەکات نەتەوە یەکگرتوەکان مافی ئەندامیەتی وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بۆ بگێڕێتەوە، ئەمەیە کە دەڵین پرۆسەی بونیادنانەوە بریتیە لەپرۆسەی بونیادی ناسنامەی نەتەوەیمان وەك گەلێکی زیندوو لەجیهاندا، فاکتەری سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش، پاراستنی ئەو ئاسایش و سەقامگیریە، بۆ بونیادی دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی لەکوردستان، هەر لایەك ئەم فاکتەرە لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، یاری بەچارەنووس و ئەو ناسنامە نەتەوەییەمان دەکات، کە ئێمە دەمانەوێت وەك گەلێکی زیندوو پیشانی بدەین.

### ئەجیلۆ دی رسۆ بۆ گوڵان:

# بەبێ چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری ناتوانین باس لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە بکەین

**ئەنجیلۆ دی رسۆ، یەکێکە لەچالاکگەرانی بواری بونیادنانەوە و کاری کۆردینەری پرۆژەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەبینێت و بەشدارە بەشێوەیەکی کاریگەر لەپرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتانی دوای شەڕ. بۆ قسەکردن لەسەر رەوتی ئەو پرۆسە گرنگە، دی رسۆ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



> هۆکاری سەرکەوتن لەپرۆسەی بنیاتنانەوەدا، بنیاتنان و بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەیە کە ئەرکی بەڕێوبردن و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان دەگرنەئەسۆ

*** لەپرۆسەی بونیادنانەوەدا پێویستییەکان زۆر زۆرن ئایا چۆن دەست بەم پرۆسە قورس و ئاڵۆزە دەکرێت؟**

- من پێموایە خاڵی سەرەتا ئەوەیە هەڵبستین بەهەڵسەنگاندنێکی گشتی، واتە ئەو بوارانە دەستنیشان بکەین کە پێویستیەکی بەپەلەیان بەبنیاتنانەوە هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بەژێرخان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانەوە هەیە.

*** ئەی سەبارەت بەکاریگەری ئاسیش و سەقامگیری لەم پرۆسە گرنگەدا؟**

- بەدڵنیاییەوە دوو هۆکاری بنەڕەتین، لەڕاستیدا بێ چەسپاندنی ئاشتی، ناتوانین باس لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە بکەین.

*** لەم پرۆسەیەدا، هەستدەکرێت هەندێك نەتەوە پێش نەتەوەکانی دیکە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە نهێنی سەرکەوتنی ئەم وڵاتانە بۆچی دەگەڕێتەوە، هەروەها نهێنی ئەو چی بوو کە بەرەوتێکی خێرا توانیان سەرکەوتوبن؟**

- هۆکاری سەرکەوتن لەپرۆسەی بنیاتنانەوەدا، بنیاتنان و بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەیە کە ئەرکی بەڕێوبردن و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان دەگرنەئەسۆ، هەروەها دەبێت لەم چوارچێوەیەدا کار بۆ پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان بکرێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت بایەخ بە باشترکردن و پەرەپێدانی توانا و بەهرە مرۆییەکان بکرێت، واتە بێ کارکردن لەسەر ئەم دو بوارە، ناتوانرێت ئەم پرۆسەیە بەرەو سەرکەوتن ببردرێت.

*** ئایا رۆڵی سەرکردەکان چییە لەسەرخستنی ئەم پرۆسەیەدا؟**

- بەدڵنیاییەوە دەتوانن رۆڵێکی باش و ئیجابی ببینن، بەڵام دەبێت ئەو سەرکردەیە وەك سەرکردەی تێکرایی پێکهاتەکانی نەتەوەکە لێی بروانرێت، نەك وەك سەرکردەی گروپێك یان پێکهاتەیەکی دیاریکراو.

*** لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات کە پێشتر وڵاتگەلێکی کۆمۆنیستی بوون، لەگەڵ هەرەسهێنان و کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزمدا ئەم وڵاتانە دەستیان بەپرۆسەی گەشەپێدان کرد، بەڵام ناتوانین بڵێین بەتاسەتی وڵاتانی ئەورووپای ناوەراست سەرکەوتوون، ئایا هۆکارەکانی ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم وڵاتانە نەیانتوانی بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش لەسەر ئەوەی تێکرایی لایەنەکان بەشداری لەپرۆسەی بەرەوپێشبردن و پەرەپێداندا بکەن، بەچەشنی ئەوەی لەوڵاتانی دیکەی ئەورووپادا بەدیدەکرێت، بەو پێیە باجەکەی ئەوەبوو کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەو پرۆسەیە دوا بکەون.

*** ئایا راوبۆچونی ئێوە لەسەر ئەزمونی سەرکەوتووی رووسیا چیە؟**

- راوبۆچونی من ئەوەیە ڤلادیمیر پۆتین سەرکردەیەکی بەهێزە و دەتوانێت کاروبارەکان بەڕێوببات و دەزانێت چۆن ئەم کارە ئەنجامبدات.

*** عێراق کە یەکێکە لە وڵاتانی دوای شەڕ، نەیتوانیوە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتانەوەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی نەیتوانی ئاسایش و سەقامگیری پێویست بەدەست بهێنێت، ئایا چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی ئەوەندە گرنگن بۆ ئەوەی ئەمە کاریگەرییان لێبکەوێتەوە؟**

- بێگومان شکستی ئەم پرۆسەیە بۆ نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من متمانەم بەتوانا و کەفائەتی خەڵکی عێراق هەیە، من لەگەڵ زۆرێك لەئەندازیارە عێراقیەکاندا کارم کردووە، دۆستایەتیم هەبووە لەگەڵیاندا و من دڵنیام ئەوان دەتوانن لە ئایندەدا سەرکەوتن لەم پرۆسەیەدا بەدی بهێنن.

*** هەرێمی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتن لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و هێنانەدی ئاسایشدا بەدەست بهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند سەقامگیری و ئاسایش پێویستن بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە؟**

- دەبێت لەعێراقی ئازاددا بوار و دەرفەت بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بدرێت بەچەشنی ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت، بۆئەوەی بتوانن لەچوارچێوەی وڵاتی عێراقدا پەرە بەناوچە و کۆمەڵگەکەی خۆیان بدەن.

> لەئیتاڵیادا چەند ناوچەیەکی وڵات داوا و پێداگیریان لەسەر ئۆتۆنۆمی کرد و بەدەستیشیانهێنا و توانیان لەچوارچێوەی وڵاتەکەدا گەشەکردن و بەرەوپێشچوونێکی تەواو بەدەستبهێنن، من پێم وایە دەتوانین هەمان شت لەعێراقدا دووبارە بکەینەوە

*** ئایا چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەردەوام بێت لەپاراستنی ئەو سەقامگیرییەی کە شانازی پێوەدەکات؟**

- من پێموایە دەتوانرێت لەرێی پاراستن و درێژپێدانی ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەیەتی لەچوارچێوەی عێراقدا ئەم ئامانجە بهێنێتەدی.

*** دوا وتەت چیە؟**

- لەئیتاڵیادا چەند ناوچەیەکی وڵات داوا و پێداگیریان لەسەر ئۆتۆنۆمی کرد و بەدەستیشیانهێنا و توانیان لەچوارچێوەی وڵاتەکەدا گەشەکردن و بەرەوپێشچوونێکی تەواو بەدەستبهێنن، من پێم وایە دەتوانین هەمان شت لەعێراقدا دووبارە بکەینەوە.

پرۆفیسۆر مارتین دۆرنبۆس بۆ گوڵان:

# تەنها ڕێكارە ئەمنییەكان بەس نین بۆ پاراستنی سەقامگیری كوردستان، دەبێت تێكڕایی هێزە سیاسییەكان لەسەر بەرنامەیەكی هاوبەش ڕێكبكەون

**پرۆفیسۆر مارتین دۆرنبۆس، ئوستادی سۆسیۆلۆژیە لەسەنتەری دیراساتی پەرەپێدان لەهۆڵەندا و لەساڵی ٢٠٠٠ ئوستادی دیراساتی پەرەپێدان بووە لەزانكۆی مبارا لەئۆگەندە، پرۆفیسۆر دۆرنبۆس لەبواری پەرەپێدان و بونیادنانەوەی وڵاتانی دوای شەڕ و كاریگەری ڕەوشی ئاسایش لەسەر ئەم پرۆسە گرنگە خاوەنی ئەزموونێكە گەورەیە و بێجگە لەتایبەتمەندی وەك ئەكادیمیەك، لەزۆر وڵاتیشدا وانەی پەرەپێدانی گوتۆتەوە كە لەقۆناخی بونیادنانەوەدا بوون، سەبارەت بەپەیوەندی نێوان فەراهەمكردنی سەقامگیری و پرۆسەی بونیادنانەوە، پرۆفیسۆر دۆرنبۆس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** ئایا پەیوەندی نێوان ئاسایش وسەقامگیری پرۆسەی بونیادنانەوەی چییە، تاچەند ئاسایش و سەقامگیری هۆكارە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە؟**

- بەدڵنیاییەوە چەسپاندنی سەقامگیری گرنگی خۆی هەیە بۆ سەركەوتنی پرۆسەكە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەكی ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی لەم ڕووەوە دو ئاڕاستە یاخود دوو بۆچوون لەئارادان، یەكەمیان جەخت لەسەر دابینكردن و پاراستنی ئاسایش و ئارامی دەكاتەوە وەك پێشمەرجێك بۆ سەركەوتنی پرۆسەی گەشەپێدان، دووەمیان پێی وایە خستنەگەڕی پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە و بنیاتنان خۆی لە خۆیدا سەردەكێشێت بۆ هێنانەدی سەقامگیری.

*** پرۆسەكانی ئاوەدانكردنەوە و بنیاتنانەوە لە وڵاتانی دوای شەڕدا ئەركگەلێكی قورسن، پرسیارەكە ئەوەیە ئەم پرۆسەیە تا چ ڕادەیەك دووچاری دژواریمان دەكاتەوە؟ ئایا دەبێت لە چ خاڵ و دەستپێكێكەوە هەوڵەكانمان بەم ئاڕاستەیەدا بخەینەگەڕ؟**

- ئەمە پرسیارێكی قورسە و زەحمەتیشە بتوانم وەڵامێكی گشتی ئەم پرسیارە بدەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەركەوتن لەم پرۆسەی بنیاتنانەوە و ئاوەدانكردنەوەیەدا كارێكی پێویستە، كە ئومێدە دەكەیت دەستپێشخەری ڕاست و دروست و هاوكاری پێویست لەم پێناوەدا بكرێت، لە هەمان كاتدا چەند كۆسپ و ئاستەنگێش هەن لە بەردەم سەركەوتنی ئەم پرۆسەیەدا، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد وەڵامدانەوەیەكی گشتی بۆ ئەم پرسیارە قورسە و دەبێت هەل و مەرجی تایبەتی هەر وڵاتێك بە جیا وەربگرین.

*** ئێمە دەزانین زۆرێك لە وڵاتە پێشكەوتوەكان بەو قۆناخ و پرۆسەیەدا تێپەڕیون كە حاڵی حازر كوردستانی پێداتێدەپەڕێت، پرسیارەكە ئەوەیە نهێنی سەركەوتنی ئەم وڵاتانە بۆچی دەگەڕێتەوە، هەروەها نهێنی ئەوە چی بوو كە بە ڕەوتێكی خێرا توانیان سەركەوتوبن؟**

- ئەوە پرسیارێكی زۆر باشە، من پێموایە هۆكارەكە بۆ بوونی دەوڵەتێكی بەهێز دەگەڕێتەوە كە هاوشان بوو بە بوونی كەرت و پرۆژە تایبەتیەكان، واتە بەكاركردنیان و هاوكاری كردنیان پێكەوە توانیان سەركەوتن لە پرۆسەی بنیاتنانەوەدا بەدەست بهێنن. كە دەڵێم دەوڵەتێكی بەهێز، ئەوا تا ڕادەیەكیش دەوڵەتگەلێكی شمولی بوون و گەندەڵیش هەبوو لە حكومەتەكانیاندا، بەڵام كەم تا زۆر توانیان سەركەوتن لەم پرۆسەیەدا بەدەستبهێنن.

*** ئەوە ئاشكرایە كە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات كە پێشتر وڵاتگەلێكی كۆمۆنیستی بوون، لەگەڵ هەرەسهێنان و كۆتایهاتنی كۆمۆنیزمدا ئەم وڵاتانە دەستیان بەپرۆسەی گەشەپێدان كرد، بەڵام ناتوانین بڵێین بەئاستی وڵاتانی ئەوروپای ناوین سەركەوتوون، ئایا هۆكارەكانی ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- دووبارە ئەمە پرسیارێكی باشە و ڕەنگە من تەنها بتوانم وەڵامێكی گشتی بدەمەوە و نەتوانم بچمە وردەكاریەكانەوە، لە ڕاستیدا چەند هۆكارێك سەركەوتنی ئەم پرۆسەیە دیاری دەكەن، وەك بەكارهێنان و سوودوەگرتن لەسەرچاوە سروشتیەكان، جا ئەو سەرچاوانە كانگاكان بن، یاخود سەرچاوەی نەوتی، هەروەها دەوەستێتەسەر ئەو سیاسەتە ئابووریەی وڵاتەكە دەیگرێتەبەر و پەیڕەوی دەكات هتد.

*** عێراق كە یەكێكە لەوڵاتانی دوای شەڕ، نەیتوانیوە لەپرۆسەی ئاوەدانكردنەوە و بنیاتانەوەدا سەركەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی نەیتوانی ئاسایش و سەقامگیری پێویست بەدەست بهێنێت، ئایا چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی ئەوەندە گرنگن بۆ ئەوەی ئەمە كاریگەریەیان لێبكەوێتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە لەم ساتەوەختەدا چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لەعێراقدا كارێكی پێویستە، چونكە بێ بوونی سەقامگیری دەرفەت و بواری سەركەوتن لەپرۆسەكانی دیكەدا لە ئارادانابن.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك هەرێمی كوردستان كە بە قۆناغی گەشەكردندا تێدەپەڕێت، دەتوانێت سوود لە ئەزمونە سەركەوتوەكانی وڵاتانی دیكە وەربگرێت، ئەزمونە سەركەوتوەكانی لە بوارەكانی پەرەپێدانی ئابووری، بنیاتنانەوە و ئاوەدانكردنەوەدا؟**

- هەرێمی كوردستانی عێراق بەشێك یان هەرێمێكی دەوڵەمەندی عێراقە و ئەوەندەی من ئاگاداربم ڕێوشوێنێكی ئەمنی باش لەو هەرێمەدا گیراوەتەبەر و پاراستنی ئەو سەقامگیریەش بۆ كوردستان گرنگ و پێویستە، بەڵام گرنگە ئەو ڕاستیەشمان لەبەرچاوبێت كە تەنها ڕێكارە ئەمنیەكان بەس نین بۆ پاراستنی سەقامگیری، بەو پێیە دەبێت بایەخ بە ئاشتەوای لە نێوان تێكڕای هێزە سیاسیە گەورەكان بدرێت بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتنێك لەسەر بەرنامەیەكی هاوبەش، چونكە ئەمە یەكێتی و یەكگرتوویی لێدەكەوێتەوە، ئەمە سەردەكێشێت بۆ هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەكدا، ئەگەرچی ڕكابەری و ململانێی یەكدیش بكەن لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسیدا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- پەیام و ئومێدی من ئەوەیە ئایندەیەكی ڕووناك چاوەڕی كوردستان بكات و هەرێمەكەتان سەركەوتوبێت لەهێنانەدی سەقامگیری و تەبایی و یەكگرتوویی.


**لەم ساتەوەختەدا چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لەعێراقدا كارێكی پێویستە، چونكە بێ بوونی سەقامگیری دەرفەت و بواری سەركەوتن لەپرۆسەكانی دیكەدا لە ئارادانابن**

**كوردستانی عێراق بەشێك یان هەرێمێكی دەوڵەمەندی عێراقە و ئەوەندەی من ئاگاداربم ڕێوشوێنێكی ئەمنی باش لەو هەرێمەدا گیراوەتەبەر و پاراستنی ئەو سەقامگیریەش بۆ كوردستان گرنگ و پێویستە**

پرۆفیسۆر ئەتیلا مێلگا بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدان و پەرەپێدان پەیوەستە بە دابینکردنی سەقامگیری و ئاسیشەوە

**پرۆفیسۆر ئەتیلا میلگا ئوستادی مێژووە لە زانکۆی دیبرسین لە بولگاریا ویەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای دیراساتی دیموگرافیە لە بۆدابست، بۆ قسەکردن لە سەر مێژووی ســەرکەوتنی پرۆسەکانی بونیادنانەوە و جیاوازی ئەم پرۆسەیە لە نیوان ناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەوریا پرۆفیسۆر ئەتیلا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** ئاسایش و سەقامگیری دوو هۆکاری گرنگن لــە پرۆســەکانی بنیاتنانەوە و بەرەوپێشــچوون لەوڵاتانی دوای شەڕدا، ئایا ئێوە گرنگی چەســپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لەچیدا دەبینن؟**

- لەڕاستیدا چەســپاندنی سەقامگیری گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ پرۆســەی گەشەپێدان و بەرەوپێشچوون، لەبەر ئەوەی لە سەقامگیریدا جۆرێك لە یاسا و نیزام جێگیردەبێت، بــە پێچەوانەوە بارودۆخی بەرەو پشێوی دەچێت و ئەوەش ئاشکرایە کە ڕاوکردن لە ئاوی لێڵدا ئاسانتر دەبێت، بــەڵام کێشــەکە ئەوەیە ئــەو وڵاتانەی دووچاری شــەڕ بونەتەوە دەوڵەتەکانیان لاواز دەبێــت، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر چەسپاندنی سەقامگیر، بۆ نموونە لەعێراقــدا دەوڵەتەکە بەتەواوەتی تێکشــێکنرا، ئەمەش کاریگەری سلبی لەسەر هەوڵەکانی هێنانەدی سەقامگیری هەیە.

*** پرۆســەکانی ئاوەدانکردنــەوە و بنیاتنانــەوە لەوڵاتانــی دوای شــەڕدا ئەرکگەلێکی قورســن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم پرۆســەیە تا چ ڕاددەیەك دووچاری دژواریمــان دەکاتەوە؟ ئایــا دەبێت لە چ خاڵ و دەســتپێکێکەوە هەوڵەکانمان بەم ئاڕاستەیەدا بخەینەگەڕ؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەمە پرۆســە و ئەرکێکی ئاڵۆز و قورسە، چونکە دەبێت لەسفرەوە، لە هیچەوە دەســت پێبکەیت بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بوارە جۆراوجۆرەکان، بەڵام دەبێت ئەولەویەت بۆ دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری بێت، دەبێت تێکڕای هێزە گــەورەکان خۆیان بەم هــەوڵ و ئەرکەوە سەرقاڵ بکەن، دەبێت کۆششەکانی خۆیان بەم ئاڕاستەیەدا چڕبکەنەوە.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك هەرێمی کوردستان کە بە قۆناغی گەشــەکردندا تێدەپەڕێت، دەتوانێت سوود لە ئەزمونە سەرکەوتوەکانی وڵاتانــی دیکــە وەربگرێــت، ئەزمونە سەرکەوتوەکانی لە بوارەکانی پەرەپێدانی ئابووری، بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەدا؟**

- ئــەوەی پەیوەســت بێــت بەپرســی کوردستانەوە، ئەوا دەبێت لەسەرەتدا ڕوونی و سەقامگیریەك لەو خاکانەدا هەبێت کە کوردەکان دەسەڵاتیان هەیە تێیاندا، لەبەر ئەوەی بە درێــژای مێژوو لە لایەن هێزە ئیقلیمــی و جیهانیەکانــەوە، بەتایبەتی فەڕەنســا و بەریتانیا ناوچە کوردیەکان، بەتایبەتی ئەوەی بۆتە باکووری عێراق، ببوونە کارتێــك لەگەمە کۆلۆنیاڵیەکەی ئەو کاتە، بۆ نموونــە لەم چوارچێوەیەدا فەڕەنســا ڕازی بوو باکــووری عێراقی بکەوێتــە ژێر دەســەڵاتی بەریتانیەکان، کەواتە بێ دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بەم حاڵەتە ئەوا دووچاری دژواری دەبنەوە.

*** ئێمــە دەزانیــن زۆرێــك لەوڵاتــە پێشــکەوتوەکان بەو قۆناخ و پرۆسەیەدا تێپەڕیــون کە حاڵی حازر کوردســتانی پێداتێدەپەڕێت، هەروەهــا ئێمە نموونەی وڵاتانــی ئاســیای ڕۆژهەڵاتمان هەیە، وەك سەنگافورە، کۆریای باشوور و یابان کە توانیان لەماوەیەکی کورتدا سەرکەوتن لەپرۆسە و بوارەکانی پەرەپێدانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەدا بەدەستبهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە نهێنی ســەرکەوتنی ئەم وڵاتانە بۆچی دەگەڕێتەوە، هەروەها نهێنی ئەو چی بوو کــە بەڕەوتێکی خێــرا توانیان سەرکەوتوبن؟**

- دەتوانیــن لەپاڵ ئــەو وڵاتانەی ئێوە ئاماژەتــان پێکــردن، ئامــاژە بەوڵاتی ڤێتنامیش بکەین کە لە دوای کۆتایهاتنی شــەڕەوە لە چەندین بواردا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، من پێموایە نهێنیەکە، یاخود هۆکارەکە ئەوەیە لــەم وڵاتانەدا زۆربەی بــوارەکان لەژێر دەســەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەتــدا بوون، واتــە دەوڵەتێکی بەهێز لەئارادابــوو و کرانەوەی نەبوو بەســەر بازاڕدا، ئەمەش دەرفەتی بۆ پێشخســتن و پاراســتنی چەند بوارێکی پیشەسازی دیاریکراو دروستکرد.

*** ئەوە ئاشــکرایە کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهــەڵات کــە پێشــتر وڵاتگەلێکی کۆمۆنیستی بوون، لەگەڵ هەرەسهێنان و کۆتایی هاتنی کۆمۆنیزمدا ئەم وڵاتانە دەستیان بەپرۆسەی گەشەپێدان کرد، بەڵام ناتوانین بڵێین بەئاستی وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست ســەرکەوتون، ئایا هۆکارەکانی ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەڕاستیدا جیاوازیەکی مێژوویی هەیە لەنێوان ئەم دوو کۆمەڵە وڵاتەی کیشوەری ئەوروپادا، لەسەردەمی کۆمۆنیزمیشدا ئەم جیاوازیانە هەبوون، بەڵام دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەمەوە کە بەدڵنیاییەوە هەنــدێ لەم وڵاتانە ســەرکەوتونەبوونە، بەڵگــەی سەرنەکەوتنیشــیان بۆ چەند

**راستە پوتین کارێکی باشتری لە یەڵتسن کرد، هەروەها ڕوسیا بە بەروارد بە وڵاتێکی وەک ئۆکرانیا لەدۆخێکی باشتردایە، بەڵام ناکرێت وەک نمونەیەکی گەش لێی بڕوانرێت**

خاڵێك دەگەڕێتەوە، یەكەمیان تێكڕای بەرهەمی نەتەوەیی ئەم وڵاتانە كەمترە بە بەراورد بەتێكڕایی بەرهەمی نەتەوەییان لەسەردەمی كۆمۆنیستیدا، دووەم پشتبەستنیان بە كۆمەك و وەبەرهێنانە دەرەكیەكان زۆر زیاترە، بەبەراورد بە ڕۆژگاری كۆمۆنیستی، سێیەم، لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە كێشەگەلێكی زۆر هەیە، بەهۆی بوونی بارودۆخێكی ئابووری خراپەوە كە هاوشێوەی دۆخی ئابووری هەندێ وڵاتی ئەمەریكای لاتینە، چوارەم ئەم وڵاتانە كێشەی داراییان هەیە وەك قەرزە نێودەوڵەتیەكان و لاوازی دراوی ناوخۆییان، لەبەر ئەوە بە داخەوە ئەم وڵاتانە سەركەوتونین، ناكرێت وەك مۆدیلێك لێیان بڕوانرێت، ئەم وڵاتانە نمونەیەكی خراپن، لەبەر ئەوەی باوەڕیان وابوو كە دەتوانن ئەركەكانی دەوڵەت بدەنە كەرتی تایبەت، واتە لەسەر پاشماوەی دەوڵەت ئابوریەكی بە تایبەتكراو بنیات بنێن، ئەمەش هەوڵێكی بێمانایە، چونكە چەندین بوار پێویستیان بە پاراستن هەیە كە تەنها دەوڵەتێكی مەركەزی بەهێز دەتوانێت دابینی بكات.

*** لەدوای ڕوخانی یەكێتی سۆڤیەتەوە ڕووسیا لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك ڤلادیمیر پۆتیندا چەند هەنگاوێكی هەڵگرت و توانی ڕوسیا بەرەو سەركەوتن ئاراستەبكات، ئایا ڕاوبۆچونی ئێوە لەسەر ئەزموونی سەركەوتوی ڕووسیا چیە؟**

- لەڕاستیدا پوتین هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی ڕوسی و درێژكردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ كەرتی نەوت و وزە دا، ڕاستە تا ڕادەیەك بەرەوپێشچوونی بەدەستهێنا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەشمان لەبەرچاوبێت كە ڕوسیا تا ڕادەیەكی گەورە پشت بە هەناردەكردنی نەوت و گاز دەبەستێت داهاتی ئەم بوارانەش لە سەدا ٦٠ تێكڕای تێكڕای بەرهەمی نەتەوەی ئەو وڵاتە پێكدەهێنن، ئەمەش دەوەستێتەسەر نرخی ئەم كاڵایانە لە بازاڕەكانی جیهاندا، بۆ نموونە دابەزینی نرخی نەوت و گاز كاریگەریەكی گەورەی لەسەر ئابووری ڕوسیا دەبێت، كەواتە ڕاستە پوتین كارێكی باشتری لە یەڵتسن كرد، هەروەها ڕوسیا بە بەراورد بە وڵاتێكی وەك ئۆكرانیا لەدۆخێكی باشتردایە، بەڵام ناكرێت وەك نمونەیەكی گەش لێی بڕوانرێت.

*** عێراق كە یەكێكە لە وڵاتانی دوای شەڕ، نەیتوانیوە لە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە و بنیاتانەوەدا سەركەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی نەیتوانی ئاسایش و سەقامگیری پێویست بەدەست بهێنێت، ئایا چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی ئەوەندە گرنگن بۆ ئەوەی ئەمە كاریگەریەیان لێبكەوێتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە، ئەمە هیچ گومانێكی تێدانیە و ئەمە هاوكێشەیەكی زۆر سادەیە، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە جێگیركردن و چەسپاندنی سەقامگیری هەیە.



*** خوێندنەوەی ئێوە بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق چیە؟ ئایا چ پێشبینیەكت هەیە بۆ دوا ڕۆژی ئەم وڵاتە؟**

- كێشەی عێراق ئەوەیە لە چوارچێوەی گەمەی كۆڵۆنیالیدا لەسەر دەستی هێزە كۆڵۆنیالیەكان دروستكرا _ هەروەها من پشتگیری لە دەستێوەردان ناكەم، لەبەرئەوەی ڕوخاندنی دەوڵەت لەبری گۆڕینی دەوڵەت لەمەودای دووردا كێشەی زیاتری لێدەكەوێتەوە_ بە گەڕانەوە بۆ ڕستەی یەكەم ئەوا لە عێراقدا كێشەی ناسنامە هەیە، ئەمەش دۆخەكەی ئاڵۆزكردووە، ئەركی هێنانەدی سەقامگیری قورستر كردووە. خاڵێكی دیكە لە عێراقدا ئەوەیە كە گروپی كۆمەڵایەتی، ئاینی و ئیتنی جیاوازی تێدایە، لەسیاسەتیشدا هیچ كاتێك بۆشایی سیاسی وەك بۆشایی نامێنێتەوە، بەڵكو هەمیشە هێزێك هەیە و دەجوڵێت و بۆشاییەكە پڕدەكاتەوە، لێرەدا پرسیارەكە، یاخود بڵێین كێشەكە ئەوەیە سروشتی ئەو هێزە چییە كە هەڵدەستێت بە پڕكردنەوەی ئەم بۆشاییە.

*** هەرێمی كوردستان توانیویەتی سەركەوتن لە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە و هێنانەدی ئاسایشدا بەدەست بهێنێت، پرسیارەكە ئەوەیە تا چەند سەقامگیری و ئاسایش پێویستن بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە و بنیاتنانەوە؟**

-هەموو كێشەكانی عێراق بەدەوری كێشەی ئاسایش و سەقامگیریدا دەسوڕێنەوە، لەبەرئەوە دەبێت هێزەكانی ئەم وڵاتە لەسەر ئەم دوو مەسەلەیە بگەنە ڕێككەوتن، بەپێچەوانەوە هەرگیز پرۆسەی بەرەوپێشچوون ڕوونادات.

**هەموو كێشەكانی عێراق بەدەوری كێشەی ئاسایش و سەقامگیریدا دەسوڕێنەوە، لەبەرئەوە دەبێت هێزەكانی ئەم وڵاتە لەسەر ئەم دوو مەسەلەیە بگەنە ڕێككەوتن، بەپێچەوانەوە هەرگیز پرۆسەی بەرەوپێشچوون ڕوونادات**

## دیڤید سیمس بۆ گوڵان:

# فاكتەری سەرەكی سەركەوتن لەكوردستان ئەوەیە پارتی و یەكێتی گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی ئاسایش و سەقامگیری ئایندەی وڵاتەكەیان دەستنیشاندەكات

**دیڤید سـیمس، دەرچووی زانكۆی هارڤارده و پسـپۆره لەپلانی شـار و بونیادنانـەوه پەرەپێدان و راوێـژكاری حكومەتی میسـره بۆ كاروباری پلاندانان. پێشـتریش راوێژكار بـووه لەچەندین ئاژانسـی نێودەوڵەتی وەك دەولەتانی بەخشـەر، لەسـاڵی ١٩٧١ لەوڵاتانی جیهانی سێەم دەژی لەئەندۆنسیاوه تا ئەفریقیا كاری كردووه، بۆ قسـەكردن لەسـەر ئەم پرۆسـە گرنگەی بونیادنانەوه لەوڵاتانی جیهانی سێهەم، دیڤید سیمس بەمجۆره وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوه.**



*** زۆر نەتەوه دوای شەڕ دەستدەكەن بەپرۆسـەی بونیادنانەوه و سڕینەوەی ئاسەواری شـەڕ، بەڵام هەستدەكەیت لـەم پرۆسـەیە نائومێد دەبـن، ئایا هۆكاری ئەو نائومێدیە چییە؟**

- بەدڵنیاییـەوه دوو هۆكاری یەكجار گرنگن بۆ ئـەوەی نەهێڵین نائومێدی روودات، لەڕاسـتیدا شكسـتهێنان لەئەركـی دابینكردنـی ئاسـایش و سـەقامگیری بـێ ئومێـدی لێدەكەوێتەوه، چونكـە ئەگەر پرۆژه و پلانـی ئاوەدانكردنـەوەت هەبێت و بەهـۆی دۆخی خراپـی ئەمنیەوه نەتوانیـت جێبەجێیـان بكەیت ئەوا كاریگەریەكەی ئەوەیـە كە خەڵكی ئومێدیان بە پرۆسەكە نامێنێت.

*** ئایا دەبێت لە چ خاڵ و دەستپێكێكەوه هەوڵەكانمـان بخەینەگەڕ، بۆ ئەوەی لەم پرۆسـە گرنگە نائومێد نەبین و سەركەوتن بە دەست بهێنین؟**

- من پێموایە ئەگەر پاره یان دارایی پێوسـتت لەبەردەسـتدا بێـت ئەوا دەتوانیت بۆ ئامانجی دروسـتكردن و خوڵقاندنـی هەلی كار بەكاریبهێنێت، ئەمـەش كاریگەریەكـی ئیجابی و ڕەنگدانەوەیەكی باشـی لێدەكەوێتەوه، لەبەر ئەوەی خەڵكی بەهۆی دۆخی شـەڕ و ڕەوشـی خراپی ئەمنیەوه بێكاربوونە، مەرجیش نیە لە سەرەتادا پرۆژەی گەوره بخەیتەگەڕ، بەڵكو من پێم وایە دەتوانرێت بە خسـتنەگەڕی پـرۆژەی بچوكیش لەو ناوچانەدا كە تا ڕادەیەك ئاسایش و سەقامگیری تێیاندا باڵادەسـتە ئـەم كاره ئەنجام بدرێت.

*** ئێمـە دەزانین زۆرێـك لە وڵاتە پێشكەوتوەكان بەو قۆناخ و پرۆسەیەدا تێپەڕیون كە حاڵی حازر كوردسـتانی پێداتێدەپەرێت، هەروەها ئێمە نموونەی وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتمان هەیە، وەك سـەنگافورە، كۆریای باشوور و یابان كە توانیان لە ماوەیەكی كورتدا سـەركەوتن لە پرۆسـە و بوارەكانی پەرەپێدانی ئابووری و ئاوەدانكردنەوەدا بەدەسـت بهێنن، پرسـیارەكە ئەوەیە نهێنی سەركەوتنی ئەم وڵاتانە بۆچی دەگەڕێتەوه، هەروەها نهێنی ئەو چی بوو كە بـە ڕەوتێكی خێـرا توانیان سەركەوتوبن؟**

- مـن پێموایـە ئـەم مەسـەلەیە ڕەهەندێكـی سیاسـی هەیـە، بۆ نموونـە ئەگەر تێكـڕای گروپ و پێكهاتە جیاوازەكانی وڵاتەكە لەسەر بەرنامەیەكی هاوبەشی ئاوەدانكردنەوه ڕێكبكەون كە بەرژەوەندیەكانی هەموو لایەنە جیاوازەكانی تێدا ڕەچاوكرابێت، ئەوا ئـەم ڕێككەوتنـە كاریگەری دەبێت لەسـەر كەمكردنەوەی ئاستی ناسەقامگیری لە وڵاتەكەدا.

*** لە ئەوروپای ناوەراست و ڕۆژهەڵات هەست بە جیاوازی لەسەر ئاكامی ئەم پرۆسەیە دەكەین، واتە لەیەك كاتدا لە دووشـوێنی جیاواز دەستی پێكردووه، بـەڵام ئاكامی ئەوروپای ناوەراسـت لـە ئاكامـی ئەوروپـای ڕۆژهەڵات باشـتره، ئایا هۆكاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوه؟**

- ڕەنگە نەتوانم وەڵامی ئەم پرسیاره بدەمـەوه، چونكە لەوانەیە پێویسـت بەوه بكات هەلومەرجی تایبەتی هەر وڵاتێك بەجیا وەربگرین، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت جەختی لەسەر بكەمەوه ئەوەیە هەمیشـە لەهەمـوو وڵات و كۆمەڵگەیەكدا كەسـانێك هەن تەنها بایەخ بەبەرژەوەندیەكانی خۆیان دەدەن لەسەر حسابی بەرژەوەندیە گشتیەكان كە من پێموایە دەبێت چارەسەری ئەم حاڵەتە بكرێت. بەڵام ڕەنگە پوتین تا ڕادەیەك سەركەوتنی بەدەستهێنابێت و ڕەنگە بتوانێت لەماوەیەكی كورتدا كاری گـەوره ئەنجامبدەیت ئەگەری هاتـوو سـەرچاوەگەلێكی زۆرت لەبەردەسـتدا بوو، بەڵام بۆ ئەوەی لە مەودای دوورا سـەركەوتن بەدەست بهێنێـت، دەبێـت تێكڕایـی لایەنە سیاسـیە جیاوازەكان باوەڕیان وابێت بەرنامە و پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەكە لە بەرژەوەندی ئەوانیشـدا دەبێت، بە پێچەوانـەوه هەوڵی دروسـتكردنی كۆسپ و ئاسـتەنگ دەدەن و دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەركەوتنیدا.

> هەمیشە لەهەموو وڵات و كۆمەڵگەیەكدا كەسانێك هەن تەنها بایەخ بەبەرژەوەندیەكانی خۆیان دەدەن لەسەر حسابی بەرژەوەندیە گشتیەكان كە من پێموایە دەبێت چارەسەری ئەم حاڵەتە بكرێت



*** عێراق کە یەکێکە لەوڵاتانی دوای شەڕ، نەیتوانیوە لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتانەوەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لەبەرئەوەی نەیتوانی ئاسایش و سەقامگیری پێویست بەدەستبهێنێت، ئایا چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی ئەوەندە گرنگن بۆئەوەی ئەمە کاریگەریەیان لێبکەوێتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە، لەبەرئەوەی لەعێراقدا سەرچاوەگەلێکی گەورە هەن کەش دەکرێت داهاتەکانیان بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی بنەڕەتی وڵاتەکە بخرێتەگەڕ، بەڵام کێشە سەرەکیەکە نەبوونی ئاسایش و سەقامگیریە کە ڕێگربووە لەم ئاوەدانکردنەوەیە و لەهاتنی وەبەرهێنانی دەرەکی بۆ وڵاتەکە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە دەکرێت سەرەتا لەو ناوچانەوە دەستپێبکرێت کە پتر سەقامگیرن وەك بەشی باکوری وڵاتەکە.

*** هەرێمی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتن لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و هێنانەدی ئاسایشدا بەدەست بهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند سەقامگیری و ئاسایش پێویستن بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە؟**

- یەکێك لە هۆکارە یارمەتیدەرەکان ئەوەیە کە زۆرینەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان لەکوردەکان پێکهاتووە، هەروەها دوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستان بڕیاری ئەوەیان داوە، یاخود ڕێککەوتون لەسەر ئەوەی سەقامگیری و ئاسایش ڕێگەیەکە بۆ ئایندە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە مەسەلەکانی وەك نەوتی کوردستان و پەیوەندی کوردستان بەتورکیاوە، ئەگەر باسی ئێران نەکەین، ڕووبەڕووی پرسیار ببنەوە، ئەگەر باقی بەشەکانی دیکەی عێراق سەقامگیری بەخۆوە نەبینن، ڕاستە لەکوردستاندا خەڵکی سەرقاڵن بەباشترکردنی ژیانی خۆیان و کۆکردنەوەی سامانەوە، بەڵام ئەگەر بەشەکانی دیکەی عێراقیش سەقامگیریان تێدا بچەسپێت ئەوا ئەم جموجوڵە فراوانتر دەبێت و هەلی کاری زیاتریش دەڕەخسێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

پەیامی من ئەوەیە کوردستان ئەوەی سەلماندووە کە چەسپاندنی سەقامگیری ڕەوشەکە بە چ ئاقارێکی باشدا دەبات و من پێموایە دەبێت ئێوە کۆششی زیاتر بکەن بۆئەوەی بەشەکانی دیکەی عێراقیش سەقامگیربن.

راستە لەکوردستاندا خەڵکی سەرقاڵن بەباشترکردنی ژیانی خۆیان و کۆکردنەوەی سامانەوە، بەڵام ئەگەر بەشەکانی دیکەی عێراقیش سەقامگیریان تێدا بچەسپێت ئەوا ئەم جموجوڵە فراوانتر دەبێت و هەلی کاری زیاتریش دەڕەخسێت